# HANA هانا

گۆڤارێکی ئەدەبی، کولتووری و کۆمەڵایەتییە

## پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیار
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

هەواڵنامەی کتێب

## 4

ژمارە ۲۰۱۸

## منداڵ و فەنتازیای مەرگ
بەکر ئەحمەد

## "خەتەنەی کوڕان و مافی منداڵان"
سلێمان قاسمیانی

## هونەرمەندێکی ناوازە

## دیدارێک لەگەڵ
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

## بلیتی بەخت
ئەنتۆن چیخۆف

**سەرنووسەر:**
سلیمان قاسمیانی (کاکە)

**دەستەی نووسەران:**

بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)
دێڤین ڕێکسوید
سەردار عەبدوڵلا
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)



دیالۆگ
بەرهەمی: ڕێناس عارف

ISSN: 1401-1336

Hana
Box 62
42422 Angered
Sweden

www.hana.se
info@hana.se
govaryhana@gmail.com

ژمارە حیسابی پۆست جیرۆی هانا: **٥- ٦٠٨٣٤٥**

**هانا** گۆڤارێکی ئەدەبیی، کولتوریی و کۆمەلایەتییە. **هانا** هیچ بەرهەمێک کە دژ بە بیری ئازادی، یەکسانی، حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ بێ، بڵاو ناکاتەوە. هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینەکەی خۆیەتی. **هانا** تەنیا بەرپرسی ئەو بابەتانەیە کە بە ناوی دەستەی نووسەرانەوە بڵاو دەبێتەوە.
**هانا** هەم لە سەر کاغەز و هەم بە شێوەی دیجیتال واتە لە سەر ئینتەرنێت بڵاو دەبێتەوە. بۆ وەرگرتنی **هانا** لە سەر کاغەز، دەتوانن ڕاستەخۆ لە سەر پەیجی **هانا** گۆڤارەکە داوابکەن و پارەکە لە سەر نێت بدەن.
چاوەڕوانی بەرهەمەکانتانین.

هەواڵنامەی کتێب

**بەرهەمەکانی ئەم ژمارەیە:**


١- منداڵ و فەنتازیای مەرگ / بەکر ئەحمەد ٣

٢- نەنکم کەتان / جەلال قادر ٤١

٣- پرسیار و ماناکانی پرسیار لە کورتە چیرۆکی "نەنکم کەتان" / نووسینی عەبدولڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ٥١

٤- دیدارێک لەگەل عەبدولڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ٥٩

٥- بلیتی بەخت، ئەنتۆن چیخۆف / وەرگێڕانی شلێر ڕەشید ١٠٣

٦- فاتم بەخشوودە، هونەرمەندێکی ناوازە / سلیمان قاسمیانی ١١١

٧- شیعر: ئەحمەد دلزار / فاتح شێخ "چاوە" / سلیمان قاسمیانی / عەبدولڵا سڵێمان (مەشخەڵ) / بەکر ئەحمەد ١٢٥

٨- خەتەنەی کوڕان و مافی منالآن / سلیمان قاسمیانی ١٣٧

٩- خۆرنشینان بارانی وشە سوورەکان، تەڕم دەکا! ١٥٣


هەواڵنامەی کتێب

# منداڵ و فەنتازیای مردن

## دەکرێ منداڵان لە ئاسمانیشدا بە میکانۆ یاری بکەن؟*

نووسینی : بەکر ئەحمەد

"بەبڕوای من خەڵک بۆیە دەمرن، چونکە تاقەتی ئەوەیان نییە هەمیشە بژین"

منداڵێکی شەش ساڵە

"من پێموایە کاتێک کەسێک دەمرێ، دەبێتە پەیکەرێک و لەشوێنێکی شاردا جێگادەگرێ"

منداڵێکی حەوت ساڵە

یادەوەرییەکانی من لەگەڵ مردندا وەک منداڵێکی هەشت نۆ ساڵانە، دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان. ئەوکات باوکم لەدائیرەی ئیسلاحی زەراعی چایچی بوو، منیش جارناجارێک ئەگەر دەوامی نیوەڕوانم هەبوایە دەچووم و بەردەستیم دەکرد. بەبیرم دێ، لەیەکێک لەو جارانەدا، کاتێک کەسێکییان لەبەردەرکی سەرای سلێمانی ئیعدامکرد، لەناو فولکەی سەرای ئەو کاتەدا، سێ پایەکی لەشێوەی عەموددا، لەناوەڕاستی فولکەکەدا چەقێنرا بوو. ئەگەرچی بەیانییەکی زوو قوربانی کرابوو بەداردا، بەڵام تا نیوەڕۆیەکی درەنگ ، تەرمی کەسی ئیعدامکراو بەسێ پاکەوە هەڵواسراو بوو تا زۆرترین خەڵکی شار بیبینن. ئیعدامی دووەم، کەسێکی دیکەبوو، بەڵام دارەکانی لەسێدارەدان

لەتەختە دروستکرابوون. لەهەردوو حاڵەتەکەیشدا، سووپاس بۆ ئەو دەستەسڕەی کەدەموچاوی کەسی ئیعدامکراوی داپۆشیبوو، ئەگینا دەکرا هەموو دیمەنە تۆقێنەرەکانی دەمووچاوی کەسی ئیعدامکراو ببینرایە. جارێکی دیکەیان، بینینی دیمەنی نیوەتەرمی سەر سووچی کۆڵانی قەزازەکانی شاری سلێمانییە کە بەلەت و پەتکراوی و سووتێندراو لەناو بەتانییەکدا فرێدرابوو.دواتریش بینینی دیمەنی سەربڕینی بزنێک لەیەکێک لەجەژنەکانی قوربانداو لەناو جەرگەی گەڕەکدا و بەبەرچاوی منداڵە ورتکەی گەرەکەوە، پرسیاری ترس لەمردن لای من بەلووتکەی خۆی دەگەیێنێت.

بەبیرم نایەت کەباوک و دراوسێ و مامۆستا، یان هەر کەسێکی دیکە، ئاخاوتنێکی تایبەتیان لەگەڵ مندا کردبێت لەدوای بینینی ئەو دیمەنانەوە و لەپرۆسەی ئارامکردنەوەی ڕۆحێکی تۆقیو و شڵەژاودا، وەڵامێکیان دابێتمەوە.

کاتێکیش گوێ لەگۆرانی لایەلایەی ژنانی کورد دەگریت کەتا زەمەنی ئێستاکەش لەگوێچکەی زۆربەی زۆری هاولاتییانی کوردستاندا دەزرنگێتەوە، هەستدەکرێت شیعری لەچەشنی:

"بۆیە دەست و پێت بەدەسرازەیبەن

دەپێچم لەجێی کەلەپچەو پێوەن

تا بۆ ڕزگاری ئەم کوردستانە

سڵ نەکەیتەوە لەبەندیخانە"،

ئەو کات هەستدەکەیت، چ کولتورێکی زمانەوانی لەپەروەردەی منداڵی کورددا بەخەرجدراوە و مەرگ و تۆقان چ ئامادەییەکی لەزەین و سایکۆلۆژیەتی منداڵی نەوەی مندا چاندووە.

ئەگەر کەسانی دی، سەرگوزشتەی منداڵی خۆیان و نزیکایەتی ئەوان لەگەڵ مردندا

بنووسنەوە، دڵنیام یادەوەرییەکانی من، بە بەراورد لەگەڵ یادەوەرییەکانی ئەواندا، زۆر شەرمنۆکانەتر دێنەپێش چاو.

لەساڵی نەوەد و سێدا کە گەیشتمە سوید، پاش کەمێک دەستپێکردن بەخوێندنی زمان، بەهاورێیەکی خۆمم وت کەلەساڵانێکی درێژترەوە لەسوید دەژیا و خەریکی خوێندنی دانشگا بوو، پێموت نیازی خوێندنی ڕشتەی سایکۆلۆژیم لەسەردایە. ئەو بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە پێیوتم: "خۆت کەر مەکە! ئێمەیەک کە لەمەملەکەتی شەر و نەهامەتییەکانی خۆرهەڵاتەوە هاتووین، پڕکراوین لەهەزاران چاڵ و چۆڵیی و کەلێنی گەورەی دەروونیی. لێیگەڕێ با خۆشمان کەموکوڕییەکانی خۆمانمان بۆ دەرنەکەێت و لەگەڵ ئەو برینە قووڵانەدا ، بێئاگا، ژیانمان بەردەوام بێت." نازانم چەند بەقسەی ئەوم کرد و ئەو کارەم نەکرد. بەڵام ژیان لەکۆمەڵگایەکی نوێدا و کاریگەرییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەسەر خود و منداڵەکانی خۆتەوە، ڕۆژانە ناچارت دەکات لەگەڵ ئەو ڕابردووەدا بەجەنگ بێیت.

یەکێک لەو جەنگە نەبڕاوانە، دواهەمین جەنگی بەرپاکردووی کوڕەکەمە لەگەڵ مندا.

"ئارۆن"ی کوڕم پێیناوەتە تەمەنی حەوت ساڵییەوە. بێ ئەوەی خەبەرێک لەمەرگی کەسێک هەبێت لەدەوروبەرماندا، ماوەی چەند مانگێکە پرسیارەکانی مردن سەر و دڵی گرتووە و هەموو شەوێک بەر لەخەوتنی، سەرودڵی من یان دایکی دەگرێت و دەپرسێت: "من نامەوێت بمرم". یاخود: "بۆچی ئینسان دەمرێت". بگرە دەیەها دەربڕینی جۆراوجۆر کەلەهەر کوێیەکییەوە دەستپێبکەیت، دەگەڕێتەوە سەر هەمان پرسیار. مردن. ڕاستت دەوێت تا ئێستاش وەڵامێکی دروستم چنگ نەکەوتووە و وەک باوکێکی دەستەپاچە لەگەڵ ئەزمە

فەلسەفییەکەی کورەحەوت ساڵانەکەمدا، بەم چل و شەش ساڵەی تەمەنی خۆمەوە، خۆشم ڕووبەڕووی ئەزمەیەکی ڕۆحی گەورەبوومەتەوە. ئاخر پرسیارەکانی ئارۆن، بەشێک لەو ترس و دلەڕاوکێیەی من بووە لەزەمەنێکدا کەوەڵامی وەرنەگرتووەتەوە. چ نەهامەتییەکە بەشێک لەجەرگی خۆت بەم تەمەنە کورتەیەوە بێت و لەدەرگای ناسکترین هەستەکانت بدات و پێتبڵێ:" بەشوێن پرسیارەکان مندا بڕۆ، بەلام پێتوانەبێ کارێکی گەورەبۆ من دەکەیت. بڕۆ لەپرسیارەکانی مندا، بەشوێن ئەو ترسەدا بگەڕێ کەتۆی بێوەلام ڕاگرتووە لەبەرانبەر دلەڕاوکێکانی مندا. باوکە، لەپرسیارەکانی مندا، ترس و دڵەڕاوکێی نەوەیەک بخوێنەوە کە هەموویان بێوەڵامکراون لەبەرانبەر پرسیاری منداڵەکانیاندا" بەڵام هەر چۆنێک بێت، من دەبێ سووپاسگووزار بم کەمنداڵێکی حەوتساڵە باوکی دەخاتە بەردەم پرسیارەکانی خۆیەوە لەزەمەنێکدا کەدەبوایە بیکردایە و بەلام ڕیپێنەدرا کەبیکات.

## کۆچکردن و نیشتەجێبوون لەدەرەوەی چوارچێوە



*تابلۆ: سمکۆ ئەحمەد*

جوگرافیاکانی شوێنی زێدی خۆ، هەر تەنها وێناکردنی مەملەکەتەکانی غەریبی نییە وەک ئەوەی کەئەدەبیاتی کوردی

هەواڵنامەی کتێب

لەدەرەوەی وڵات خەریکی خولقاندنییەتی، بەڵکو چوارچێوەیەکیشە بۆ سەرنجدان لەخۆیەک لەگۆشەنیگایەکی ترەوە کەلەنیشتیمانی یەکەمدا ئیمکانی سەرنجدانی نەبوو. ڕەنگە کێشەی بەشێکی زۆری خێزانی کورد کەدایک و باوک تیایدا پێشینەیەکی پەروەردە و کولتووری دیکەیان هەیە بە بەراوورد بەمنداڵەکانییان کەلەخۆرئاوا هاتوونەتە دنیاوە و چوارچێوەیەکی دیکەی کولتووریی لەدەرەوەی سنوورەکانی خێزان ئامادەیی هەیە، ئەگەر دایک و باوک کێشەیەکییان لەگەڵ ئەو داب و نەریتە کولتورریەی کۆمەڵگای تازەدا هەبێت، لەوەدا ڕەنگ بداتەوە کە بەکۆد و پێوەرە کولتورییەکانی خۆیان ، بەها و کۆدەکانی کۆمەڵگای تازەبخوێننەوە.

با نموونەیەکی سەیرتان بۆ بگێڕمەوە. من پەروەردەی حەکایەتەکانی گوورنەتەڵە و ئەمیرئەرسەلان و کوڕەکەچەڵ و دەیەها چیرۆکی خوێناوی دیکەی جیهانی ئاژەڵانی کۆمەڵگای کوردستانم. کاتێک حەکایەتی ڕێوی فێڵباز و ما ورچ دەگێڕمەوە بۆ کچە هەشتساڵانەکەم کە لە یەکساڵییەوە لەسوید دەژی، کاتێک دەگەمە ئەو ئاستەی مام ورچ بەتەمایە مام ڕیوی بخوات، کچەم ڕەنگی تێکدەچێت و دەپرسێ:" یانی ورچەکە ڕێویەکە دەخوات"، ئەو کات هەستدەکەم حەکایەتەکەم دەبوایە وەک فیلمەکانی دیزنی سنووری تەمەنی تێدا بوایە و ئەم حەکایەتە خوێناوییە بۆ کەسێکی سەر و دەساڵان بگێڕدرایەتەوە، بۆیەخێرا کۆکەیەکی بۆدەکەم و فێڵبازی ڕێوی دێ بەهانامەوە و من و کچەکەم ڕزگاردەکات. "نا کچەکەم. کاتێک مام ڕێوی لەدەمی مام ورچدایە، داوا دەکات کەمام ورچ گۆرانییەکی بۆ بڵێت، کاتێک ورچەکە دەمدەکاتەوە، مام ڕێوی بۆی دەربازدەبێت"، کچەکەم"یەس"ێکی ئینگلیزیم بۆ دەڵێت و بەئارامی دەخەوێت.

با بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکانی

ئارۆنی حەوتساڵە و بێوەلامی من.

ئەو لێکۆلینەوە جۆراوجۆرانەی لەسەر پرسیارەکانی مردن لای منداڵ ئەنجامدراون، کەبێگوومان لێکۆلینەوە بەزمانی ئینگلیزی بەشی شێری بەردەکەوێت، جەخت لەوەدەکەنەوە کەپرسیارەکانی مردن بەشێک لەپرسیارە وجودییەکانی منداڵە و لەقۆناغێکی تایبەتی منداڵیدا دەردەکەوێت. Schindler&Wechsker لەساڵی ١٩٣٤ و Nagy لەساڵی ١٩٤٨ دا، ئەو دەنگە جیاوازانەن کەلەخولقاندنی تیۆرییەکانی مردن و هەڵوێستی منداڵ لەبەرانبەریدا، بەدەنگە ناسراوەکانی ئەم بوارە دەناسرێنەوە.

منداڵ لەتەمەنەکانی باخچەی ساوایاندا، تەمەنی سێ تا پێنج زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر مردن نییە و نازانێ کەفرمانی هەموو ئەندامەکانی لەش لەکار دەکەون کاتێک کەسێک دەمرێت. منداڵ بەلایەوە زەحمەتە ئەوە تێبگات کە:" مردن خاڵی کۆتاییە و ئەوەی دەمرێ ناتوانێت بگەڕێتەوە"(1) منداڵێکی چوار ساڵە پێیوایە:" ئینسان کاتێک مردووە کەنەتوانێت بجولێتەوە و نەتوانێ ببینێ". ژیان لای منداڵ:" یانی جووڵە و مردنیش یانی نەجولان" لەنێوان تەمەنی چوار تا حەوت ساڵیدایە کەمنداڵ تێڕوانینی دەگاتە ئاستێک کە دەبێ پرسیارەکانی وەلامی خۆیان وەربگرنەوە. ئەگەر ئەم زەمەنی تیفکرینەی منداڵ لەپرسیارەکانی وجود بەیەکەمین ئەزمەی ڕۆحی ئینسان لەقەڵەم بدرێت، پێموانییە زیادەڕۆییەکەی زۆرم کردبێت. هۆکاری سەرەکی ئەم گەڕانە گەلگامێشییەی منداڵ لەوەوەیە کەمنداڵ دەبینێ:" چۆن ژیان لە لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات و بەمردن کۆتایی پێدێت و نایەوێت ئەو ئایدیایە قبووڵبکات کەژیان سەرەتایەک و کۆتاییەکی حەتمی هەیە". کاتێکیش ئەو حەقیقەتە تاڵ و ڕاستەلای منداڵ قبولکرا کەدید و بۆچوونی لەدید و بۆچوونی گەورەکان نزیک بوویەوە

هەوالنامەی کتێب

سەبارەت بەتێڕوانین بۆ مردن وەک دیوێکی دیکەی ژیان، هەستدەکرێت ئەم ئەزمە ڕۆحییەی منداڵ بەرە و خاوبوونەوە دەڕوات.

خاڵێکی گرنگ کەدەبێ ئاماژەی پێبکرێت لەپەیوەند بەپرسیاری خەیاڵی منداڵ لەپەیوەند بەمردندا ، ئەو سەفەرەی کەبەکۆمەڵێک پرسیار دەستپێدەکات و کۆتاییەکەی بەخولقاندنی تێڕوانینێک تەواو دەبێت کەتێڕوانینی منداڵ نزیکدەکاتەوە بەو دیدەی کەئینسانی گەورە هەیەتی لەبەرانبەر مردندا، ئەوەیە کەبزوێنەری ئەم مردنخستنەژێرپرسیارەوە لەسەر بناغەیەک کاردەکات کەلەسەر سێ پایە ڕاوەستاوە.

یەکەم :خەیاڵی ترسە لەمردن

دووەم: پرۆتێستێک لەبەرانبەر خەیاڵی ئەوەی کەئینسان دەمرێ

سێیەم: مردن وەک حەقیقەتێک و فاکتێکی بێبەڵگەنەویست.

بەکورتییەکەی، ئەوەی ئەم سەفەری بیرکردنەوەیە دەربارەی مردن لای منداڵ دەبزوێنێت، ترس لەمەرگ و، قبوڵنەکردنی ئایدیای مردن و دوا خاڵیش، قبولکردنی ئەو ئایدیایەیە کەمردن دوا سەفەرە. ئەو تەوەرانەی سەرەوە، بەجۆرێک لەجۆرەکان نزیکدەبێتەوە لەو کاردانەوە سروشتییەی کەئینسان لەکاتی ئەزمە و تراوماکانی دیکەدا، دەبێ بەناویدا بڕوات.

ئەوەی کەئارۆنی حەوتساڵەی منداڵ لەئێستادا پیایدا تێدەپەڕێ، بەشیک لەو ئەزمەڕۆحییەیە کە بەکورتی لەسەرەوە هەندێک لەلایەنەکانیم دەرخست. بەڵام سەفەری پرسیارکردن لەمردن و"من دەمرم" و"چیم لێدێت" و "دەکرێ دوای مردن جارێکی دیکە بژیمەوە" دەیەها پرسیاری گرنگ و سەخت بەرهەمدەهێنێ کەدایکان و باوکان دەبێ وەڵامی خۆیان بدەنەوە. قسەکردن لەسەر مردن، هەروا کارێکی ئاسان نییە تەنانەت

بۆ ئینسانی گەورەش، چ جای ئەوەی ئەگەر بەرانبەرەکەت منداڵێکی شەش حەوتساڵە بێت.

## لێکۆڵینەوەکان لەپرسیاری خەیاڵی مردن لای منداڵ

مردن لەخۆرئاوادا و بەتایبەت لەولاتێکی وەک سویددا، دەمیکە لەرووبەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا ئامادەیی نەماوە و وەک کارێکی تایبەتی ئینسانەکان مامەڵەی پێدەکرێت. تەنانەت ئەو ریتواڵە ترادیسیۆنییانەی لەدەووری مەرگ هەڵدەچنرێن، بەشێوەیەکی گشتی ، منداڵانی لێ بەدوور دەگیرێت. رەنگە زۆربێژیم نەکردبێ گەر بڵێم مەرگ یەکێک لەموحەرەماتەکانی ئاخاوتنی رۆژانەی هاوڵاتییانی خۆرئاوایە و تا ئێستاش تابوی گەورەی لەدەورە. کاتێک کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت هەموو پرۆسەی "کفن و دفن" دەکاتە کاری خۆیی و لەرێگای بیمەکۆمەڵایەتی و تەئمینی تاکەکانەوە، بوارە ئابوورییەکەی دابیندەکرێت، ئەو ریتواڵ و ترادیسیۆنەی لەخۆرهەڵاتدا لەدەوری مەرگ هەڵدەچنرێت و دەکرێتەکارێکی گشتی و عەزا لەوەدەخات کارێکی شەخسی ئینسانەکان بێت، ئەوسا بۆماندەردەکەوێت، پرسیارەکانی مردن بۆ منداڵ لەم چوارچێوە کولتوورییەدا چەند جیاوازییەکی لەچاو ئەو چوارچێوەیەدا هەیە کەتا ئێستاش لەخۆرهەڵاتدا پەیرەودەکرێت. بەواتایەکی دی، مردن بۆ منداڵانی کۆمەڵگای ئێمە، تا ساتەوەختەکانی ئەمرۆش، ئامادەییەکی هەمیشەیی ناو ناخی کۆمەڵگایە و لەهەموو شوێنێکدا دەبینرێت. ئەگەر ئەنفال و هەڵەبجە ئامادەییەکی فیزیکی لەژیانی رۆژانەی ئینسانەکاندا نییە، بەمنداڵانی کۆمەڵگاشەوە، ئەوا وەک پرۆژەیەکی سیاسی و ئیعلامی کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن پڕن لەو دیمەنانە. ئەگەر دیمەنەکانی "صور من المعرکە"ی سەددام

هەوڵنامەی کتێب

لەتەلەفزیۆنەکانەوە دیارنەماون، ئەوا وێنەی قوربانییەکانی سەددام لەدەستی ئەو بزووتنەوە سیاسییەی کەبازرگانیکردن بەتەرمی قوربانییەکانی هەڵەبجەو ئەنفالەوە بووە تەشوناسی قارەمانێتی دوێنێی بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ، لەرێگای سروودە خوێناوییەکانی :"کەس نەڵێ کورد مردووەوە" ، بەگەرمی ئامادەیی ئەم کولتوری مەرگدۆستییە پێشانی منداڵە ورتکەی کورد دەدرێت.

بەلام ئایا مردن پرسیاری منداڵی کورد نییە، مەگەر ئەم پرسیارە وجودییەی کەلەقۆناغێکی تایبەتی منداڵیدا، وەک قۆناغی فەلسەفییانەی منداڵ ناوزەددەکرێت، ناکرێ منداڵی کۆمەڵگای کوردستان بخاتە ناو داوەنەبینراوەکانی ترس لەمردنەوە.

لەدوای ئەنفال و هەلەبجەو شەڕ و پێکدادانی ناو شار و شەقامی کوردستانەوە کە ئامادەیی مردن دەکاتەپرسیاری ڕۆژ، پرۆسەی بەناو ئازادی کوردستانیش کۆتایی بەونبوونی دیمەنەکانی مردن ناهێنێت. ئەمجارەیان بەتەنها لەکارەساتەکانی ئۆتۆمۆبیلدا، خەریکە قوربانییەکانی خەڵکی کوردستان، دەگاتە چەندین جار زیاتری قوربانییەکانی هەڵەبجەو تا ئێستاش، کەس بەجینۆسایدی نوێ کۆمەڵگای کوردستانی ناو نابات. مێدیایەکی بێ بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی، دیمەنی سەری بڕدراوی قوربانییەکانی خێڵی حەمە و قوربانییەکانی دەستی باندەکەی شێخ زانا، بەبێ هیچ بەرپرسیارێتییەک دەخاتە ناو کونجی ماڵەکانەوە. بازاڕێکی بێ کۆنترۆڵی ئازاد کەهیچ سنوورێکی تەمەنی نەهێشتووەتەوە بۆ تەماشاکردنی فیلمەکانی هولیود بەهەموو زەبروزەنگێکی دڕندانەیەوە و هەموو هاولاتییەک دەکرێ دەستی بکەوێت ئەگەر منداڵێکی 9 سالانیش بێت. لەسەرو هەموو ئەمانەوە، بالادەستی کولتورێک کەتیایدا منداڵ نەک خاوەنی شەخسیەت و کەرامەتی

خۆیەتی و دەکرێ وەک کائینێکی ئازاد مامەڵەی پێبکرێت، بەڵکو وەک کەرەستەیەکی دەستی خێزان و مامۆستا و ئەحزاب سەرنجی دەدرێ. لەناو کەش وهەوایەکی کولتوریی وکۆمەلایەتی وەک کۆمەڵگای کوردستاندا، چۆن بتوانرێت ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە وردیلانانەیەی منداڵ ببیتەوە کە وەلامدانەوەیان زمانێکی تایبەتی پێویستە.

کۆششی من لەم نووسینەدا، تیشکخستنەسەر ئەم پرسیارە وردیلانەیەی منداڵە لەقۆناغێکی تایبەتیدا کەلەگەڵ گەشەسەندنی منداڵدا، بەرۆکییان پێدەگرێت و خوازیاری وەلاموەرگرتنەوەن. بێگوومان، چوارچێوەی ئەم تێڕوانینە لەپەیوەند بەپرسیاری مردن لەفەنتازیای منداڵدا، پەیوەستدەبێتەوە بەو لێکۆڵینەوانەی لەمرۆی سویددا ئەنجامدراون و بەو کۆدە کولتوریی و کۆمەلایەتییەوەی کەلەکۆمەڵگای سویددا ئامادەیی هەیە. لەکۆتایشدا، سەرنجێک لەشوێن و جێگای ئەم پرسیارەدەدەم، لەمرۆکەی کۆمەلگای کوردستاندا.

## پرسیاری مردن لای منداڵان لە سویددا

بێگوومان، بەشێکی زۆری ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر پرسی مردن لای منداڵ کاردەکات، خەسلەتێکی ئەنتەرناسیونالییانەیان هەیە و دەستنیشانکردنی پێگەی جوگرافی ولاتێک وەکو سوید لەلای من، لەسەر خەسلەتی سویدییانەی لێکۆڵینەوەکان نین لەپلەی یەکەمدا، بەلو کۆششێکی بەئاگاهانەی منە تا لەوێوە بتوانم سەرنجێک لەهەمان پرس بدەم لەکۆمەڵگای کوردستاندا. دیاریکردنی ئەو کەش و هەوا کولتوریی و کۆمەلایەتییەی لێکۆڵینەوەکانی تیا ئەنجامدراوە، تەنها بۆ نیشاندانی ئەو کۆنتێکستەیە کەدەرئەنجامی باسەکانی تیا بەدەستهاتووە. ئاخر پرسی مردن لای منداڵ لەئاستە

وجودییەکەی خۆیدا هەمان پرسە و ئەوەی دەکرێ کاریگەری دابنێت لەسەر هەندێک دەرئەنجامی باسەکە لەکۆمەڵگای کوردستاندا، ئەو جیاوازییە کولتورییی و کۆمەلایەتیی و تێروانینەیە بۆ مردن لەکوردستاندا کەلەزەمینەیەکی دیکە بەهرەمەندە لەچاو خۆرئاوادا.

ساڵانە لەسوییددا 90 هەزار کەس دەمرن. بەلام ئامادەیی مردن لەم کۆمەڵگایەدا، لەشێوەی مردنی لەبەرچاودابووی کۆمەلگای کوردیدا نییە. ئەو ئاڵوگۆرە گەورانەی لەم کۆمەڵگایەدا ڕوویداوە و دروستکردنی تۆرە خزمەتگوزارییەکانی دەولەتی ریفاه ، کارێکی وایکردووە کە لەمەرگیشدا ئینسان پشتی بەخزم و کەس و کار و تەنانەت خەڵکی گەڕەکیش نەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و وەزیفانەی کۆچی کەسێک دەیهێنێتە پێشەوە. بەکورتییەکەی، مردن لەم زەمەندا،وەک کارێکی شەخسی و تایبەتی ئینسانەکانی لێکراوە.

بۆیەپەیوەندییەکانی منداڵان لەگەڵ مردندا ، دەچێتەخانەی نەبوونی تەماسێکی زیندووەوە لەگەڵ ئەودا. کاریگەرییەکانی میدیا و یاریەکانی پلەیستەیشن و کارەساتی زەبروزەنگ لەشەقامدا و لە فیلمدا، تاقیکردنەوە زیندووەکانی ئەم نەوەیەن لەگەڵ مردندا. ئەگەر خێزان خۆی لەنزیکەوە کەسێکی لێنەڕوات و منداڵ لەنزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو پرسیارەدا پەیدانەکات، پرسیاری مردن لەڕووبەری گشتی کۆمەڵگادا نابینرێت. ئەم پرۆسەی دەرهێنانەی مردن لەدەست کۆلێکتیڤێکی کۆمەلایەتی کە ڕۆژگارێک بەرپرسیارێتی ئەم پرۆسەیەی لەدەستدا بووە وەک لەئێستای کۆمەلگای کوردیدا و گۆڕینی بۆ پرسیارێکی زۆر شەخسی و تایبەتیکراو، مردن دەخاتە دەرەوەی سنوورەکانی بینین. ئەگەر تاقیکردنەوەکانی گەورەساڵان لەگەڵ مردندا بەم شێوەیە بێت لەم وڵاتەدا، ئەوا بۆ منداڵان، ئەگەر خۆیان لەنزیکەوە

ڕووبەڕۆی ئەم پرسیارەنەبنەوە، کاریگەرێکی گەلیک سەختە. بەڵام ئەمە بە مانای ونبوونی پرسیارەکانی مردن نییەلای منداڵ و گەورەسالان هەر بەهۆی ئەوەوەی کەمردن لەرووبەری گشتی کۆمەلگادا، بێدەموچاو دەکرێت.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا ئەنجامدراون، لەلای "دیریگرۆڤ": منداڵی بچووک وشەی مردن بەکاردەهێنێ بێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی بزانێت. منداڵ گرفتی هەیە لەو ڕوونکردنەوە ئەبستراکتییانەی کە بۆ ڕوونکردنەوەی مردن بەکاردەبرێن".(1) هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەمنداڵی چوارساڵانە فەرهەنگی زمانەوانییەکەی زۆر کۆنکرێتە. هەر بۆیەش لەکاتی ڕوونکردنەوەی پرسیاری مردندا : دەبێ خۆپارێزی لەو وشەو دەستەواژانەبکرێت کەئەبستراکت دێنەبەر گوێ وەک ئەوەی بڵێیت کەسی مردوو نووستووەیان چووە بۆ سەفەرێکی دوور" . ئەم جۆرە ڕوونکردنەوانە گوومانی ئەوەلای منداڵ دروستدەکات کەنووستنی دایک یان باوک، ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورە لای منداڵ بخولقێنێت کە گوایە کەسی نووستوو، مردووە.

هەمان نووسەر پێیوایە:" لەتەمەنی ٥ تا ١٠ساڵیدایە کەمنداڵ پلەبەپلە ئەو تێڕوانینە گەشەپێدەدات کەمردن ناتوانرێت بگێڕدرێتەوە و هەموو فرمانەکانی ژیان کۆتاییان پێ دێت.

لای "سلاوتەر" کەچەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر منداڵ ئەنجامداوە، پێیوایە لەتەمەنی 5 تا ١٠ ساڵیدا، دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ مردن لەنێوان منداڵاندا بوونی هەیە. لەیەکێک لەو تاقیکردنانەوەیدا ئەنجامیداوە، دوو گرووپی منداڵان ئامادەدەکات و لەیەکێکیاندا خوێندن سەبارەت بەپرسیارە وجودییەکان و زانیاری سەبارەت بەئەندامەکانی لەش بابەتی وانەوتنەوەکانە و لەگرووپی

هەولێرنامەی کتێب



دووەمیاندا، ئەمجۆرە تێروانین بۆ پەیوەندی نێوان لەش و مردن، بوونی نییە. دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکە نیشانیدەدات کەلەگرووپی یەکەمیاندا، تێڕوانینی منداڵان بۆ مردن بەجۆرێک لەتێروانینی گەورەساڵان نزیکدەبێتەوە. واتا مردن بەهۆی تەمەنەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارنەکردنی یەکێک لەئۆرگانەکانی لەش وەک دڵ و سی و ئۆرگانەکانی دی. ئەم تێروانینە بۆ مردن، وەرگرتنی ئەو تەفسیرە بایۆلۆژییەیە کە ژیان لەشوێنێکدا دەستپێدەکات و لەخاڵێکی دیکەدا کۆتایی پێدێت.

لای سلاوتەر و "تام"یش، منداڵانی قۆناغی سەرەتایی کەتواناییەکی لەرادەبەدەری فەنتازیایان هەیە، تێڕوانینیان بۆ مردن لەوەدا چڕدەبێتەوە کەمردن فرەدیو و قابیلی خۆهەڵگەڕانەوەیە. بەواتایەکی دی، کەسی مردوو بەشێوازێکی دیکە، لەشوێنێکی دیدا دەکرێ ژیان بەسەر ببات.

تیۆرییەکی دیکە کە"ویلس" لەساڵی ٢٠٠٢ دا پێشکەشیدەکات لەپەیوەند بەپرسیارەکانی مردندا لەلای منداڵان لەوەدا چڕدەبێتەوە کەمردن بەچوار فازی تایبەتیدا لای منداڵ بوونی هەیە.

ویلس، فازی یەکەم ناودەبات بەفازی "نەگێردراوە". لەم قۆناغەدا

منداڵ:" نازانێت کەمردن حەتمییە و ناتوانرێت بگۆڕدرێت و بگێڕدرێتە دواوە". قۆناغی دووەمی تیفکرینی منداڵ بەقۆناغی دواکۆتایی ناودەبات و ئەو پێیوایە منداڵ لەم قۆناغەدا:" وردەوردە لەکات تێدەگات و دەزانێ کەمردن کۆتایی شتێکە". قۆناغی سێیەم بەقۆناغی ڕێپێنەگیریی ناودەبات و پێیوایەکە:"تاقیکردنەوەکانی ژیانی منداڵ هێندە زۆر نییە کە درک بەوەبکات مردن پرۆسەیەکی سروشتییە و بەشێکە لەژیان". قۆناغی چوارەم بریتییە لەقۆناغی هۆکارلێکدانەوە و لەم قۆناغەدا منداڵ ناتوانێت:" ئەوە لێکبداتەوە کە هەندێک شت ڕوودەدات بەهۆی هۆکاری سروشتییەوە کەئەوان ناتوانن توانایان بەسەریدا بشکێت و کاریگەری لەسەر دابنێن بەهۆی ئەوەوەی کەمنداڵ شتێک دەڵێ یان کردەوەیەک ئەنجامدادات."

بێگوومان هەموو ئەم قۆناغە جۆراوجۆرانەی تیروانینی منداڵ خۆی تیادەبینێتەوە لەپەیوەند بەپرسیاری مردندا، پەیوەندییەکی زیندوو و نەپچراوەی بەتەمەنی منداڵ و ئاستی گەشەی ئەوەوە هەیە کە دەکرێ لەمنداڵێکەوە بۆ کەسێکی دیکەجیاوازی هەبێت. واتا لەبەرچاوگرتنی بەتەنهای تەمەنی منداڵ بۆ چۆنێتی ئاخاوتن و ڕوونکردنەوەی پرسیاری مردن بۆ ئەوان، کافی نییە و دەبێ ئاستی گەشەی منداڵ لەبەرچاو بگیرێت. دەکرێ منداڵێک تەمەنی حەوتساڵان بێت و لەئاستی گەشەی منداڵانەی خۆیدا، هەندێک جار لەپێش تەمەنی خۆیەوەبێت و هەندێک جاریش لەدواوەبێت.

بەوەی ئەم فازەجۆراوجۆرانە گرنگییەکی تایبەتییان هەیە لە فەنتازیای منداڵدا و پرسیاری مردن لای ئەوان هەروا سادە و بێ گرێ نییە، پێویستدەکات لەگۆشەنیگای چەندین لێکۆڵەرەوەی دیکەوە بەوردی سەرنجی ئەو پرسیارانە بدرێت کەلەم قۆناغەجۆراوجۆرانەدا دێنە دەربڕین.

عەبدوڵڵامەی کتێب

لای "سپینس " و "برێنت" (٣) بەڕوونکردنەوەی زیاتری تیڕوانینەکانی "کۆرر" کەپێیوایە مردن لای منداڵ هەر بەتەنها چەمکێکی سادەنییە و لەژێر ئەو چەمکەوە چەندەها ژێرەچەمکی تر ئامادەیی هەیە". با سەرنجێک لەو ژێرەچەمکانە بدەین کەچۆنێتی پرسیارەکانی منداڵ، دەخاتەئاستێکی کۆنکرێتترەوە.

## ژێرەچەمکی یەکەم: مردن هەمەگیر و گشتییە.

لەپەیوەند بەپرسیارەکانی منداڵدا بۆ پەیبردن بەم هەمەگیریی و گشتیبوونەی مردن، منداڵ سێ بیری لەیەکەوە نزیک دەکاتە کەرەستەی تێفیکرینەکانی:" کەمردن دووچاری هەموان دەبێت، مردن ناکرێ ڕێپێبگیرێ، مردن ناتوانرێت پێشبینی بکرێت"

ئەو پرسیارانەی لەپەیوەند بەوەی هەموان دەمرین و مردن بۆ هەمووانە بریتین لە:" ئایا هەموومان دەمرین؟ دەکرێ منداڵ و ئاژەڵیش بمرن؟ من یان کەسێکی دیکە دەکرێ لەمەرگ ڕزگاری بێت و مردن زەفەری پێنەبات؟"

لەم پرسیارانەدا منداڵ بەشوێن کەشفکردنی ئەوەوەیە:" کەمردن لەباری چەندایەتییەوە، چەند کەس، ژمارەیەکی زۆرتر، ئەکسەریەتێک، یان بەموتڵەقی هەموو گیانلەبەرێکی زیندوو دەگرێتەوە"

سەبارەت بەکەشفکردنی وزەی ئەو تێڕوانینەی کەمردن ڕێپێنەگیرێت و حەتمییە، پرسیارگەلێکی لەچەشنی:" پێویستە هەموون بمرن، "، "پێویستەتۆ بمریت"،"پێویستە من بمرم". منداڵ لەڕێگای ئەم پرسیارنەوە بەشوێن کەشفکردنی ئەو هێزە گەورەیەوەیە کە لەناو چەمکی مردندا خۆی شاردۆتەوە و ئەوەتانێ کەس ناتوانێت لێدەربازبێت. بەڵام بەوەی ئەم هێزی دەربازنەبوونە هێندەگەورەیە و ئومێدی دۆزینەوەی کەلێنێک بۆ خۆقوتارکردن لەم مەترسییە دەکرێ وەک ڕێگاچارەیەک بوونی

هەبێت، پرسیارگەلێکی لەچەشنی ئەم پرسیارانەبەرهەم دێنێ: "دەکرێ ڕۆحلەبەرێک خۆی لەدەستی مردن قوتارکات"، "من دەبێ چی بکەم بۆ ئەوەی هەمیشەزیندوو بمێنمەوە"

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەوەی کەمردن ناکرێ پێشبینی بکرێت، پرسیارگەلێکی لەچەشنی: "کەی ئینسان و زیندەوەرانی دیکەدەمرن"، "کەی تۆ دەمریت"، "کەی من دەمرم". پاش ئەوەی منداڵ لەکۆششی ئەوەدا بوو کەمردن حەتمییە و کەس لێدەربازنابێت و هەمووان دەگرێتەوە، لەرێی ئەم پرسیارانەوە، لەرێگەی پرسیاری "کەی"یەوە، بەشوێن ئەوەوەیە کەبزانێ ناکرێ پێشبینی هاتنی مردن بکرێت.

## ژێرەچەمکی دووەم: مردن ناگێردرێتەوە

بەپرسیارگەلێکی لەچەشنی: "ئەگەر زەنگم بۆ ئەمبولانس لێبدایە و یان دەرمانەکانم بە کەسەکە بدایە، دەکرا کەسی مردوو بژیایە"، منداڵ بەشوێن زانیاری ئەوەوەیە کە: "کاتێک جەستەی فیزیکی ئینسان دەمرێ، جارێکی دیکەناکرێ بژێتەوە"

## ژێرەچەمکی سێیەم: مردن بەکۆتایی فرمانەکان دەناسرێتەوە

ئەو پرسیارانەی کەبەم کاتیگۆرییەوە دەناسرێنەوە بریتین لە" ئینسان چیدەکات کەمردووە"، ئەوان بەردەوامدەبن لەسەر خواردن، یاری و یان دەچن بۆ توالێت". لەرێی ئەم پرسیارانەوە منداڵ بەو دەرئەنجامانە دەگات کەئەو فرمانانەی کەجەستەیەکی فیزیکی ئینسان لەژیاندا پێیهەڵدەستێت، لەگەڵ مردندا، لەکاردەکەون.

## ژێرەچەمکی چوارەم: هۆکارەکانی مردن

بەپرسیارەکانی: "چی وا دەکات

زیندەوەران بمرن".' دەکرێ ئینسان بمرێ بەوەی کەسێک ئارەزووی مردنی کەسێکی دیکە دەکات"، منداڵ بەشوێن هۆکارەکانی مردنەوەیە و دەیەوێ زانیارییەکی زیاتر بەدەست بێنێت و پەی بەهۆکارەکانی مردن بەرێت. لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا، دەبێ ئینسان خەیاڵە پڕ لەفەنتازیاکەی منداڵان لەبەرچاوبگرێت و بەوردی وەڵام بداتەوە. بەتایبەتی بۆ ئەم پرسیارەی کەبریتییە لە: "دەکرێ ئینسان بمرێ بەوەی کەسێک ئارەزووی مردنی کەسێکی دیکەدەکات"، ئەم پرسیارە لەکۆمەڵگای کوردیدا ڕەهەندێکی ترسناکی هەیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو کولتوریی دۆعاکردنەی کەژنانی کورد وەستاییەکی گەورەیان لەخۆیان نیشانداوە لەکاتی تووڕەبوون لەمنداڵانی خۆیاندا." دەک ڕەبی ببی بەژێر سەیارەیەکەوە و نەگەڕێتەوە ماڵەوە"، "دەک لەبەرببێنت گیربێت و چاونەکەیتەوە"، بەشێک لەو دوعا ڕۆژانەیە کەمنداڵی کورد لەگەڵیدا گەورەدەبێت. ئەم کولتوورە، لەلایەن منداڵانەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و خوازیاری ئەوەی دایک یان باوک ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی دۆعاکانی ئەوان ببنەوە، پرۆسەی هەست بەزەنبکردنی ئەوان گەورەتردەکات ئەگەر کەسی دوعالێکردوو لەلایەن منداڵەوە دووچاری ڕووداوێکی ناخۆش بێت.

## ژێرەچەمکی پێنجەم: بوونی جۆرە ژیانێکی دیکە لەدوای مردنەوە.

"چی ڕوودەدات لەدوای مردن"، ئەگەرچی لەشیشم دەمرێ، دەکرێ ڕۆحم ژیانێکی باشتری هەبێ"، ئەمانە ئەو پرسیارانەن کەمنداڵ لەم تەوەرەیەدا بەشوێنیەوەیەتی. لەگەڵ ئەم پرسیارانەدا، تێڕوانینی منداڵ سەبارەت بەمردن، لەگەڵ تێڕوانینی گەورەسالاندا یەکدەگرێتەوە و ئەو سەفەرەدرێژەی لەرێگای کۆمەڵێک

پرسیار و دڵەڕاوکێی دەروونییەوە، منداڵ دەگەیێنێتە سەر کەناری ئەو تێڕوانینەی کە کەسانی گەورەساڵ لەبەرانبەر مردندا هەیانە.

## چۆنێتی ئاخاوتن دەربارەی مردن لەگەڵ منداڵدا

لەدیدی "هەنتلی"دا:"زۆر گرنگەکە گەورەکان لەگەڵ منداڵدا کاتێک دەربارەی مردن قسەبکەن کەلەژیانی رۆژانەدا دێتەپێش. بۆ نموونە، ئەو کاتانەی هەلومەرجەکە داوادەکات، وەک بینینی باڵندەیەکی مردوو یاخود کاتێک پشیلەیەک بەمشکێکەوە دێتەماڵ". (5) لەسروشتدا، ئینسان نموونەی زۆری دێتە بەردەست کە بەشێوەیەکی سروشتی باسی ژیان و مردنی تیا بکرێ. لەکاتی لەدەستدانی کەسێکدا، دەبێت منداڵ بزانێت چی روویداوە، پرسیارەکانی منداڵ کەڕەنگە دووبارەبوونەوەیەکی زۆر بێزارکەرانەی بۆ دایک و باوک تیادا بێت، دەبێ وەڵامیان پیبدرێتەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، بەوەی منداڵ فەنتازیایەکی گەورەی هەیە، زۆر جار وادەکات کەتێگەیشتنی منداڵ لەکارەساتێک یاخود رووداوێک هەر هەمان تێگەیشتن نەبێت کەگەورەکان هەیانە. دەبێ زمانی ئاخاوتن لەگەڵ منداڵدا کۆنکرێت و ڕاستگۆیانەبێت.

بەوەی مردن مەراقی گەورەی ئینسانە و بەدرێژی مێژووی مرۆڤایەتی ئینسان توانای قبولکردنی ئەم ڕاستییەی نەبووەو لەکولتورە جۆراوجۆرەکاندا ئەم پرسیارە مامەڵەی جیاوازی پیدەکرێت، دەکرێ لەکولتورێکی مەرگدۆستدا ئاخاوتنەکان کراوەتر بن لەچاو کولتورێکی دیکەدا کەمەرگی لەڕووبەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا کردووەتە دەرەوە وەک لەخۆرئاوادا. ئینسان لەبەرانبەر وشەی مردندا، جیهانێک لەدەربڕین و میتافۆری جۆراوجۆری دۆزیوەتەوە کەبەهۆیەوە

هەوراز نامەی کتێب

ڕاستەوخۆ ناوی مردن ناهێنرێت. "خەوی لێکەوتووە" ، "چووەتە دوا ئارامی خۆی"، "ڕۆیشت" و دەیەها دەربڕینی جۆراوجۆر، کارێکی وای کردووە کە دەربڕینەکانی مردن، ڕاستەوخۆ ئاماژە بەمردن ناکەن. بۆ نموونە:"نەنک بۆ هەمیشەچاوی لێکناوە" دەکرێ گوومانی ئەوەلای منداڵ دروستبکات کەنەوێرێ بخەوێت. لەزمانی سویدیدا زیاتر چل لەدەربڕینی جۆراوجۆر هەیەکە هەمووی مانای مردن دەدات و بەهیچ شێوەیەکیش وشەی مردنی تیادا نییە. ئەم هەمەڕەنگییە لەناوی مردندا لەزۆربەی زمانەکانی دنیادا، زادەی دەوڵەمەندی زمان نییە لەبوونی دەربڕینی جۆراوجۆردا بۆ وشەیەک، بەڵکو لەپەیوەند بەدەربڕینەکانی مردنەوە، تەنها کۆششی خۆدزینەوەی ئینسانە لە ناوهێنای وشەی مردن. (ودی ئالان) لەبەرانبەر پرسیاری ئەوەی ئایا لەمردن دەترسێت دەڵێ:" نا، بەڵام کە هات، هیوادارم لەوێ نەبم". چ نایەکی شەرمنۆکانە لەپشت دەربڕینی نەترسانی ئەوەوە خۆی حەشارداوە.

بەڵام تێروانین دربارەی ئەوەی میتافۆر بەکاربهێنرێت لەڕوونکردنەوەی پرسیاری مردندا بۆ منداڵ، یەکدەنگییەکی گەورەی لەسەر نییە. تێڕوانینەکان بەسەر سێ تەوەردا دابەشدەبن .

لای ""James" و "Fridman" : باشتر وایە کە خۆپارێزی بکرێت لەبەکارهێنانی میتافۆر و وەسفکردنی پڕ پێچ و پەنادا کاتێک لەگەل منداڵدا ئاخاوتن دەکرێت، چونکە هەست و مێشکییان لەگەشەکردنێکی بەردەوامدایە و سەختدەبێت بۆیان کەئەم میتافۆرانە وەربگێڕنەسەر واقیع"

لای "Dyregrov"، پێیوایە:" ئەگەر منداڵ گوێچەی ڕانەهاتووە بەبیستنی وشەگەلێکی وەک خودا، ئاسمان یاخود مەسیح، باشتر وایە ئەم دەربڕینانەی لەگەلدا بەکارنەهێنرێ کاتێک کەسێک مردووە"، بە بووچوونی

عەوڵاسمەی گێدی

دیرگیرۆڤ، ئینسانی گەورە لەم دەربڕینانە دەگات و بۆ منداڵ، سەرلێشێوان بەرهەمدێنێ."

دیریگرۆڤ، پێیوایە:" ئەگەر ئەم دەربڕینانە بەر لەمردنی کەسێکی نزیکی منداڵ بەشێک لەزمانی رۆژانەی ئەو پێکدەهێنن، بەکارهێنانیان ئاساییە، بەلام دەبێ ئینسان ئاگادار بێت کەلەجیاتی ئەوەی بڵێت خودا نەنکتی بردەوە بۆ ماڵی خۆی، باشترە بوترێت، خودا ئاگای لەنەنکت دەبێت"

تێڕوانینی سییەم، بۆچوونی" vreeide"یە کەپێیوایە:" دەربڕینی میتافۆرییانە باشتر کاردەکات بۆ ئاخاوتن لەگەڵ منداڵدا کاتێک منداڵ خۆی لەدروستکردنیدا بەشدار بێت. ئەگەر منداڵ لەگەڵ کەسی گەورەدا میتافۆرمێک بسازێنێ، منداڵ ئاسانتر لەرووداوەکە دەگات و تێگەیشتنێکی زیاتری بۆ چەمکەکە دەبێت"



Designed by Freepik.com

هەواڵنامەی کتێب

ئەم هەڵوێستانەی سەرەوە لەبەرانبەر بەکارهێنای مێتافۆر و وەسفکردنی جۆراوجۆردا بۆ ئاخاوتن لەگەڵ منداڵدا، بەر لەوەی دژایەتییەکی تایبەتییان لەگەڵ یەکدا

هەبێت، ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر و باشتری چۆنێتی ئەنجامدانی ئاخاوتنە لەگەڵ منداڵدا. با نموونەیەکی سەرنجڕاکێشتان بۆ بگێڕمەوە. کاتێک پاڵەوانی ئەم نووسینە، ئارۆنی کوڕم کەوتبووە ئەوەی کەزمان فێر بێت و بکەوێتە قسە، لەئێوارەیەکدا کەخەریکی نانخواردن بوو، دایکی پێیوت:" دەی ئاوەکەیشی بکە بەسەرا". مەبەستی ئەوەبوو بڵێ: پاش ئەوەی پارووەکەت قوتدا، پەرداخێ ئاویش بخۆرەوە. بەڵام تەفسیری ئارۆن ئاواهی بوو: ڕێک پەرداخە ئاوەکەی کرد بەسەری خۆیدا. ئەوەی کەمنداڵ کۆنکرێتە و تەفسیرکردنی لەرووودا و شتەکان لەئاستی تەفسیری کەسی گەورەدا نییە، دەری دەخات کەئاخاوتن لەگەڵ منداڵدا، لەپەیوەند بەپرسیاری جۆراوجۆردا، کارێکی ئاسان نییە و کاتێکیش کار دێتەسەر پرسیاری مردن و ئەو جیهانە لەمێتافۆر و دەربڕینی پڕ لەڕەمز و سوڕانەوە بەدەووری بابەتەکەدا، جگە لەسەرەگێژە پێکهێنان بۆ منداڵ، هیچ سەمەرەیەکی نییە. دەربڕینی لەچەشنی:" دایک چووەتە سەفەرێکی دوور" لەکاتی ڕوونکردنەوەی مردنی دایکی منداڵێکدا، دەکرێ منداڵ لەساڵۆنێکی چاوەڕوانی گەورەدا ڕابگرێت و هەموو سات و چرکەیەک، بەپرسیارەکانی:" کەی دایەدێتەوە"، خێزان لەدۆخی تەعزییەیەکی هەمیشەیدا ڕابگرێت.

بەڵام کاریگەرترین زمانێک بۆ ئاخاوتن لەگەڵ منداڵدا، زمانی وێنە و نیگارکێشانە. زمانێک کەتیایدا فەنتازی منداڵ لەهەموو دەرگاکانیەوە دەخرێتەسەر پشت. ئەم زمانە دەکرێ بەکار بهێنرێت کاتێک منداڵ خۆی پرسیارەکانی دەربارەی مردن ڕاستەوخۆ ئاراستەی کەسی گەورەتر لەخۆی دەکات، یاخود وەک ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی خەفەت و دڵتەنگی منداڵ لەدوای ڕوودانی مردنی کەسێک یان باڵندەیەکەوە کەکاریگەری لەسەر منداڵ

جێدەهێڵێ. لەلێکۆڵینەوەی لیندا کارلسۆندا، سەرچاوەی یەکەم کەتایبەتە بەمنداڵانی باخچەی ساوایان و تێروانینی ئەوان بۆ مردن، ئەمجۆرە پرسیارانە دەخوێنرێنەوە:

– ئینسان چۆن دەمرێت؟

– پێتوایەچی روودەدات کاتێک کەسێک دەمرێ؟

– ئینسان روو لەکوێ دەکات کەدەمرێ؟

– دەکرێ لەگەڵ کەسێکدا قسەبکرێت کەمردووە؟

– چۆن دەزانی کەسێک مردووە؟

بێگوومان، رۆڵی قوتابخانە و مامۆستا بۆ خوێندنەوەی پرسیارەکانی منداڵ و کەڵکوەرگرتن لەم زمانە، بەهاوکاری لەگەڵ خێزاندا، کاریگەری گەورە دادەنێت لەپەیوەند بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەواندا.

# پرسیاری مردن لای منداڵ لە کوردستاندا

باسکردنی من بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن بەپرسیاری مردن لای منداڵ لەکۆمەڵگای سویددا، باسکردنە لەچۆنێتی مامەڵەی کۆمەڵگایەک کە بەیەکێک لەسەرمایەدارییە گەشەکردووەکانی خۆرئاوا لەقەلەمدەدرێت. ئەگەر لەدەستپێکی باسەکەدا، ئاماژەیەکی کورتم بەچۆنێتی گەشەی ئەم کۆمەڵگایەدابێت، بۆ دەرخستنی ئەو چوارچێوە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بووە کەپرسیاری مردنی تیا باسدەکرێت. بەڵام بەرلەوەی بێمەوەسەر ئەم پرسیارە لەکۆمەڵگای کوردستاندا، باشترە کەمێک زیاتر لەسەر چۆنێتی ئەوەی بۆچی ئەم پرسیارە لەسویددا، ئەم ئاراستەیە بەخۆیەوەدەگرێت، کەمێک زیاتر قسەبکەین.

تا سەرەتاکانی سالی ١٩٥٠ زۆرایەتییەکی هاوڵاتییان لەسوییددا

هەواڵنامەی ژیر

لەماڵدا دەمردن، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٠وە، لە ٩٠ % هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە لەخەستەخانە و ئەنستیوتە جۆراوجۆراکانی دیکەدا دەمرن"(6). ئەوەی کەم ئەم ئاڵوگۆڕە گەورەیە پیکدەهێنێت، مەرگ لەدەستی خێزان و بنەماڵە و خەلکی شارۆچکە دەردەهێنێت و دەروونناس جێگەی قەشە و دوکتۆر جێگای شێخ و نوشتە بازدەگرێتەوە، ئەو ئالوگۆرە گەورەیەیە کە لەئاستی ئابووریدا ڕوودەدات و بەدوای خۆیدا، تاکێک دروستدەکات کەئازادە لەدەسەلاتە بالادەستەکانی خودا و خێزان و پەیوەندییەکانی خوێن. ئیندیڤیجوالیزم کەلیبرالیزمی بازاڕ، پێغەمبەری بانگەوازکەری بووە و سەربەخۆیی ئابووری تاکەکان خواوەندی، لەگەڵ کاریگەرییەکانی تێڕوانینی سێکولاریزم کەبەشێکی گەورەی حەکایەتەکانی ئاین دەخاتە ژێرپرسیارەوە، تێروانینی ئینسانەکان لەبەرانبەر زۆر جومگەی گەورەی کۆمەلگادا دەگۆڕێت.

"ئێریک فرۆم" پێیوایە:" لەو کۆمەڵگایانەدا کەپرۆسەی ئیندیڤیجوالیزم ڕەهەندی گەورەی بەخۆوە نەبینیوە، کۆتایی وجودی تاک زۆر پڕلەکێشە نییە. چونکە ئەم کۆتاییە وەک بەشێکی جیاکراوە لەژیان سەرنجنادرێت."

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم تێڕوانینەی فرۆم، سەرنجدانێک لەدید و بۆچوونەکانی دۆکتۆری دەروونی سویسری Medrad Boss کەلەپەیوەند بەپرسیاری مردن و تێروانینی مندال بۆ ئەوە، کارێکی پێویستە. "بۆس" پێیوایە:" منداڵان زۆرجاران لەمردن ناترسن ، چونکە ئەوان خۆیان سەر بە بەشێک لەیەکەیەکی گەورەتر دەناسێنن".

بە لەیەکدانی ئەم دوو تێڕوانینە بۆماندەردەکەوێت کەهەرچەندە ئینسان وەک تاکێکی دابڕاو سەرنجی خۆی بدات، پرسیاری مردنیشی هێندەی تر لا پڕ لەکێشەتردەبێت. لەبەر ڕۆشنایی

ئەم دیدو بۆچوونانەدایە کەپرسیارەکانی مردن بۆ ئینسان لەخۆرئاوادا پڕ گرێ و کێشمەترە بەهۆی ونبوونی مردنەوە لە رووبەری کۆمەلگادا و ئەو پرۆسەی تاکگەراییەی کەلەولاتێکی وەکو سویددا بەچڵەپۆپەی خۆی گەیووە. بەڵام گرنگە کە ئاماژەیەکی زیادتر بەدەربڕینەکەی فرۆم بدەین لەپەیوەند بەو کۆمەڵگایانەی پرۆسەی تاککگەراییان لەئاستێکی بەرزدایە. ستۆکهۆلم بەیەکێک لەشارە گەورەکانی ئەوروپا لەقەلەمدەدرێت کەرێژەی بەتەنیاژیانی ئینسانەکان هەتا بڵێی لەسەرەوەیە. دەربڕینی فرۆم سەبارەت بەپەیوەندی پڕکێشەبوون یان کەمکێشەبوون و پەیوەندی ئەو بەئاستی ئیندیڤیجوالیزمبوون یان کۆلێکتیڤیزمبوونی کۆمەلگایەکەوە، دەکرێ وەک وێنەیەکی گشتیگر سەرنجنەدرێت. ئەگەرچی لەسویددا مردن کراوەتەکارێکی خسوسی (تایبەت)، دەکرێ بۆ زۆرێک لەتاکەکان و ونبوونی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی دەورووبەرییان بەوشێوەیەی لەکۆمەلگایەکی کۆلیکتیڤیستدا کۆمەککەری تاکە، پڕکێشە بێت بەتایبەت لەکاتی پرسیارەکانی مردندا. بەلام هاوکاتیش بەرینی ئایدئۆلۆژیا سیکۆلارەکان، توانای ئەوەی نیشانداوە کەجۆرێک ئاشتبوونەوە لەنێوان مردن و ژیاندا پێکهاتووە و ئینسان بەچاوێکی کراوەترەوە لەمردن دەڕوانێ. پرسیاری بەخشینی ئەندامەکانی خۆ بەخەستەخانەکان کەئامادەییەکی گەورەی کۆمەلگای سویدە، لەسەرەمەرگدا نادرکێنرێت، بەلکو لەو ئەرشیڤە سپییەدا باسدەکرێت کەپرسیاری تەئمینی مردنی هاولاتی دەخاتە بەر باس لەهەر ئاخاوتنێکی کۆمپانییای تەئمین و هاولاتیدا. لەسیستەمی خەستەخانەدا، هەر کاتێک نەخۆش دووچاری نەخۆشی کووشندە بێت، لەلایەن دوکتۆر و پەرستیارەوە بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک پێیرادەگەیئرێت تا ناخۆش وردە وردە لەگەڵ ئەم دۆخە تازەیەدا

رابێت. لەسویددا، مردن لەرووبەری گشتی کۆمەلگادا وندەبێت و دەکرێ دەیەها کاردانەوەی تایبەتی لای ئینسان دروستبکات، هاوکاتیش، جەدەلەکانی مردن، دەرگایەکی گەورەی بۆ سەر ژیان کردۆتەوە کە لەکۆمەلگا مەرگپەرستەکاندا، نابینرێت.

کاتێک ئەم نەخشەیەی پرسیاری مردنمان لەولاتێکی وەکو سویددا لەبەردەستدایە، دەکرێ لێرەوە سەرنجێکی ئەم پرسیارە بدەین لەکۆمەڵگای کوردستاندا.

رەنگە درێژدادرێییەکی زۆرم نەکردبێت ئەگەر بڵێم لەگەڵ کۆتایی دەسەلاتی بەعسیشدا کە بەرپرسیاری مەرگی بەکۆمەڵ و ئیعدامکردنی سەرجادە و ئەنفالی لەمێژووی خۆیدا تۆمارکردووە، دەسەلاتی مردن بەهەموو هێزی خۆیەوە لەکوردستاندا ئامادەیی هەیە. بەعس ئەگەرچی وەک دەسەلاتێکی سیاسی وندەبێت، بەجیا لەوەی کە زۆرکەس پێیوایە سترەکچەری پراکتیزەکردنی دەسەلاتی سیاسی لەدوای ئەم دەسەلاتە تۆتالیتارەوە، بەشێوازێکی دیکە و هەندێک جار خراپتر لەسەرتاپای عێراقدا درێژە بەژیانی خۆیدەدات، بەلام بەعس و پراکتیەکانی ئەو لەپەیوەند بەئامادەیی مردندا، پالەوانی رۆژانەی کۆمەڵگای ئێمەیە. رۆژانە ئەم کۆمەڵگایە لەگەڵ وێنەکانی مردنی نەوەکانی لەرابردوودا، دەبێ خەفەت دایبگرێت و سیمای جەستە بێگیانەکانیان پیشانبدرێتەوە. مەترسییەکانی کردەوەی تێرۆریستی و دیمەنە واقعییەکانی جەستە لەتوپەتکراوەکانی دەستی تێرۆر، بەبێ هیچ سانسۆرێک لەناو ماڵەکانماندا ئامادەیی هەیە. مردن لەکۆمەلگای کوردستاندا، وەک مردنێکی سیاسی، نەک هەر بێدەموچاو نییە، بەلکو وێنەیەکی ئامادەی بەرچاوی هاولاتییانی کوردستانە. بەجیا لەو مردنە ئاساییە سروشتییەی کەئینسان لەکۆمەڵگای ئێمەدا ڕووبەڕووی

هەواڵنامەی کتێب

دەبێتەوە. بۆیەتاقیکردنەوەی ئینسانی ئێمەلەگەڵ مردندا ناچێتە خانەی تاقیکردنەوەی ئینسانی ئەوروپییەوە. بۆیە درککردن بەوەی کەسوڕی ژیان بەلەدایکبوون دەستپێدەکات و بەمردن کۆتایی پێدێت، هێشتاکەش لەزەینی ئینسانی خۆرهەڵاتدا، ئامادەییەکی گەورەی هەیە. ئەگەر ئەمە یەکەمین خاڵی جیاکردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان بێت لەگەڵ خۆرئاوادا لەبەرانبەر ئامادەیی و نا ئامادەبوونی مردن لەژیانی ڕۆژانەی ئینسانەکاندا، ئەوە جیاوازی گەورەتر لە کۆلیکتڤیستبوونی کۆمەلگای ئێمەدایە بە بەراورد بەکۆمەلگایەکی ئیندیڤجوالیستی وەک خۆرئاوادا.

ئەوەی کەکۆمەڵگای ئێمە بە کۆمەڵگایەکی کۆلکتیڤیست ناودەبەم، نەک کۆمەلگایەکی



ئیندیڤیجوالیست، بەهایەکی تایبەتی ناخەمە سەر وەک ئەوەی ئەم کۆمەڵگایەیان لەوی دیکەیان باشترە. هەموو کۆمەڵگاکانی دنیا لەقۆناغێکی گەشەکردنی خۆیاندا، کۆلێکتیڤیسمیان تیادا بەهێز بووە و کاریگەریە ئابوورییەکانی

هەواڵنامەی کتێب

سەرمایەداری و ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکان لەخولقاندنی کۆمەڵگایەکی تاکگەرادا، ڕۆڵییان بینیوە. لەباری ئابوورییەوە، کۆمەلگاکانی بەر لەسەرمایەداری، بەکۆمەڵگایەکی کۆلیکتیڤیستی ناوزەددەکرێن. بەڵام ئەمە بەمانای ئەوەنییە، کە سیستەمی ئابووری لەکوردستاندا، سیستەمێکی کشتوکاڵییانەیە بۆیە تاکی ئازادی تیا دروست نەبووە. بەپێچەوانەوە، سیستەمی ئابووری لەکوردستاندا، بەشێکی دانەبڕاوی سیستەمی سەرمایەداری ئەمڕۆکەی دنیایە و خەسڵەتی تایبەتی ئەم سەرمایەدارییە، بەبڕوای من لەم خاڵەدا چڕدەبێتەوە کە تاکی ئازاد لەم مۆدیلەی سەرمایەداری کوردستان و زۆر جێگای دیکەی دنیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا، دروستنەبووە. ئەوەی کە کۆنتراستە کاتێک تۆ ئابووری وڵاتێک بەسەرمایەداری بناسێنیت و جەختیش لەوەبکەیتەوە کە ئەم سەرمایەدارییە تاکی ئازادی بەرهەمنەهێناوە، بۆ زۆر کەس دەبێتە جێگای پرسیار.

بەبڕوای من، کێشەی گەورە، وەک لەدیدی سەرەتاییەوە بەدی دێت ئەوەیە کەژێرخانێکی ئابووری سەرمایەداری دەبوایە هەمان سەرخانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەرهەمبێنایە کەژێرخانێکی ئابووری سەرمایەداری پێویستیەتی. بەڵام کێ بڕیاریداوە کەمۆدێلی گەشەی سەرمایەداری دەبێ بەهەمان ڕێچکەدا بڕوات لەهەموو کۆمەڵگاکاندا. ڕەنگە ئەو تێڕوانینە میکانیکییەی کە کۆمۆنیزمی ڕووسی لەبرەوپێدانیدا کاریکردوە لەقبوڵنەکردنی ئەم جۆرە لەمۆدێلی سەرمایەداری، یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانە بێت کەئەم جۆرە لە مۆدێلی سەرمایەداری، لەدەستگای سیستەمی بیرکردنەوەدا بوونی نەبێت. بەڵام سەرمایەداری و کاردابەشکردنی بازاڕ لەمڕۆدا، سەدەها مۆدێلی جۆراوجۆری لەچەشنی سەرمایەداری کوردستانمان پیشاندەدات. دوبەی

دەکرێ زەقترین نموونەی مۆدێلێکی واهی بێت کەکولتور و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و ئایین بەهەمان ئامادەییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئامادەییان هەبێت و ئەو کۆشک و باڵەخانەبەرزانەی لەهەوردان. دەکرێ شەریعە یاسای قانوونەکانی ئەحوالمەدەنی وڵات بێت و شاریش یەکێک لەمیترۆپۆلە گەورەکانی ئەمڕۆی سەرمایەداری دنیا. دەکرێ پۆرکلووبەکان لەزۆنێکی ئارامدا بۆ هاوڵاتییانی بیانی بوونی هەبێت و لەسەر خیانەی زەوجی خەڵک زیندانی بکرێت. ئێرانیک بێت کەسەنگسار ئەنجامدەدات و یەکێکیش بێت لەو هێزانەی وزەی ئەتۆمی دەکاتەچەکی خۆی.

ئەوەی کەئەم شیزۆفرینیای مۆدیلە سەرمایەدارییە دەخوڵقێنێ، بۆرجوازییەکە کە قازانجی لەمۆدیلە زیاترە و ناوەندە گەورەکانی سەرمایەداریش هەر ئەوەیان دەوێت: بەرهەمهێنانی کارێکی هەرزان و کرێکارێکی خامۆش.

لەدۆخی کۆمەڵگای کوردستاندا، بۆرجوازییەکی کوردی ئامادەیە کەناسیونالیزم و ئایین پەرچەمە ئایدیۆلۆژیەکانیەتی. بۆ هەر دوو ئەم دوو ڕەوتە، دروستبوونی تاکی ئازاد وەک ئەو تاکەی لەکۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا بوونی هەیە، زەنگی مەرگی خۆلێدانە. ئەوەی کەتاک لەکوردستاندا بەمانا خۆرئاواییەکەی ئامادەیی نییە، ئامادەیی کولتوریی و ئایدئۆلۆژی ئەم دوو ڕەوتە سیاسییەن کەلای هەردووکییان، ئێمەیەکی گەورە لەچەشنی "ئێمەی کورد و موسوڵماندا" بوونییان هەیە. تەنانەت لەدۆخێکی وەک ئەمڕۆکەی کوردستاندا کەئازادی ئابووری تاکەکان ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەسەردا هاتووە و زۆر کەس بژێوی خۆی لەسەر کیسەی دایک و باوک دابینناکات، بەڵام هێشتاش سەربەخۆبوونی ژیان لەدەرەوەی خێزان پێش پێکهێنانی خێزان، ئەستەمێکە و هیچ کچێک

یان کوڕێکی کورد ناتوانێت بەتەنها و بەویستی خۆی بژی. بەڵام دەکرێ کۆمەڵێک هۆکاری دیکە هەبێت بۆ لەدایکنەبوونی تاک لەکۆمەڵگای ئێمەدا، کەشوێنی لێرەدا نابێتەوە. بەبڕوای من ئەم بابەتە، گرنگگییەکی گەورەی هەیەو هیوادارم بەدرێژتر لەکاتێکی دیدا، بتوانم سەرنجی بدەم.

کەواتە دەکرێ بڵێین، لەپاڵ ئامادەبوونی مردندا لەڕووبەڕێکی گەورەی کۆمەڵایەتیدا و بەبوونی کۆمەڵگایەک کەتیایدا تاک هێشتاکە لەدایکنەبووە و هێشتا پێوەرە کۆلیکتیڤییەکان سەردارە، دەبوایە پرسیاری مردن لە هەلومەرجێکی تەواو پێچەوانەی خۆرئاوادا قەراری بگرتایە. کەوایەپرسیاری مردن لەکۆمەڵگای ئێمەدا چۆنە و لەفەنتازییای منداڵی کورددا، چ جێگایەک داگیردەکات.

دوکتۆری دەروونی سویسری "Elisabeth K□bler-Ross" دەنووسێ:" کەمردن کلیلی دەرگای ژیانت دەداتەدەست"، لەسەر هەمان نەغمە، "Yalom" کەچەندین لێکۆلینەوە و ئاخاوتنی لەگەڵ ئەو نەخۆشانەدا ئەنجامداوە کەدووچاری نەخۆشی شێرپەنجەبوون دەنووسێ:" نەک جارێک بەلکو زۆر کەرەت دەبیستین کە نەخۆش دەلێ: بۆ دەبێ بەهۆی شێرپەنجەوە تێکبشکێنرێین تا قیمەتی ژیان بزانین؟" کەوایە نزیکبوونەوە لەرۆخی مەرگ وەک لەدۆخی نەخۆشەکانی کەدووچاری شێرپەنجە بوون، دەکرا تێڕوانینی ئینسان بۆ ژیان بگۆڕدرایە و ژیان جێگایەکی دیکەی لەتێڕوانینی ئینسانی ئێمەدا داگیربکردایە. بە تایبەت ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کەنزیکایەتی کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ مردندا، نزیکایەتییەکی هەتا بڵێی گەورەیە بەهۆی کارەساتە گەورەکانی کەئەم کۆمەڵگایە دووچاری بووە و کاریگەری ئەو کارەساتانە لەمرۆی کۆمەڵگادا. بەڵام هێشتا لەکۆمەڵگای کوردستاندا پرسیاری مردن

نەبووەتە ئەو دەرگایەی کەلێیەوە ژیان جوانتر ببینرێت و خۆشەویستتر بێتەبەرچاو. ڕێژەی بەرزی گیانلەدەستدانی ئینسان بەهۆی کارەساتی هاتوچۆوە، بێمانابوونی نرخی ژیانمان نیشاندەدات کە دەکرا تەواو پێچەوانەبوایە. یاخود بەرینی کولتوری شەرەف کەتیایدا لەسەر بچووکترین ئاماژەیەک کەپەیوەندی بەسێکسوالێتی کچەوە هەیە، ژیان کۆتایی پێدەهێنرێت. کابرا قەرابەیەک ویسکی دەخواتەوە و لەو ئەزمەرەوە بەرەو خوار لێدەخورێت، کێشەیەکی لەگەڵ ئەوەدا نییە، ژیانی خێزانێک بەچرکەیەک دەکرێ کۆتای بێت. نەکوڕی گەورە و نەکچ و نەژن، کەسییان ناڵێن لەگەڵتا سوارنابین و ژیانی خۆمان نادەینەدەستی تۆ. سەدەها نموونەی تر دەکرێ بژمێردرێت کەژیان لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەئاسانی دەکەوێتەژێر ڕەحمەتی لەناوچوونەوە بەهۆی هۆکاری زۆر سادەوە کە بۆ هاوڵاتییەکی دیکەی دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان، جێگای سەرسوورمانە.

بەڵا ئایا مردن لەکۆمەڵگای ئێمەدا کەمکێشەتر دێتەپێشچاو لەبەرانبەر خۆرئاوادا بە لەبەرچاوگرتنی دەربڕینەکەی فرۆم؟ بەبڕوای من وەڵام بەهەردووکیانە. هەم کەمکێشەتر دێتەبەرچاو و هەمیش پڕکێشەتر. بەڵام بەلاسەنگییەکی زۆتر بەلای کەمکێشەبوونتردا.

مردن کەمکێشەتر دێتەپێشچاو لەکوردستاندا بەهۆی باڵادەستی گوتاری ئایینەوەیە بۆ مۆنۆپۆلکردنی پرسیارەکانی مردن. لەکۆمەڵگای ئێمەدا، بەجیا لەدیدی ئایینی، هیچ تەفسیرێکی دیکەمان بۆ مردن لەبەردەستدا نییە. بۆ نموونەتا ئێستاش کولتور و ترادیسیۆنی ئاینییە کە ڕێوڕەسمەکانی ڕیتواڵەکانی مردن جێبەجێدەکات. لەوڵاتێکی وەکو سویددا، دوو جۆر لەمەراسیمی ناشتن هەیە. یەکەمیان بەمەراسیمی مەدەنی یاخود

بۆرژوازییانە لە قەلەمدەدرێت کەئایین و قەشە و کلێسا هێچ رۆڵێکییان تیادا نییە. دووەمییان بەڕێورەسمی ناشتنی کلێساییانە دەناسرێت کەتیایدا ئایین بەڕیوەبەری مەراسیمی ناشتنە. لەدیدی ئاینی ئیسلامدا، مردن لەسەر هێڵێکی ئاسۆیی دوا خاڵێک نییە لەهاوکێشەی ژیاندا. بەلکو تێڕوانینی ئیسلام، ژیان وەک بازنەیەکی داخراو وێنادەکات کە خاڵی سەرەتا و کۆتایی تیادا دیار نییە. بەلکو ژیان بازنەیەکە و چەمکی دووبارەژیاندنەوە لەدوای مردنی ئینسان، جۆرێک لەبەردەوامبوونی ژیانی تێدایە لەدنیایەکی تردا. ئەگەرچی ئاینی مەسیحیش هەمان تێڕوانینی هەیە بۆ ژیان و دووبارەژیانەوە لەدوای مردن، بەڵام لەرێگای بالادەستی زانستە سروشتییەکان و گەشەی سکۆلاریزمەوە لەم ولاتانەدا، ئەم حەکایەتە ئاینییە، زەربەی گەورەی لێدراوە و توانای پەیداکردنی قەناعەتێکی گەورەی بۆ هاولاتییان پێ نییە. تێروانین بۆ مردن بەم

شێوازە ئاینییە لەکوردستاندا، دەکرێ گوێگرانێکی گەورە لە کۆمەڵگادا بۆ خۆی پەیدا بکات بۆ ئەوانەی لەژێرکاریگەری ئەم تەفسیرەی ئاییندا، وەلامی پرسیارە وجودییەکانی خۆیان دەۆزنەوە. پرسیاری مردن لەم کولتوورەدا لایەنێکی پۆزەتیڤی هەیە و لەباری رۆحییەوە، دڵنیاکەرەوەی سەدەها رۆحی شلەژاوە لەبەرانبەر بیرکردنەوە لەمەرگدا. بەلام بەدیوێکی دیکەیشیدا، هەر ئەم تەفسیرە ئاینییە، سەرچاوەی دڵەڕاوکێی و شڵەژانێکی دیکەی دەروونییە بۆ لایەنگرانی ئەم تەفسیرە ئاینییەی کەپرۆسەی دووبارەژیاندنەوەی ئینسان لەدوای مردنەوە، دەداتەدەست خواوەندێک لە رۆژی حسابدا لێپرسینەوەی ژیانی سەر ئەرزی ئینسانەکان دەکاتە پێوەری رۆیشتن بۆ دۆزەخ یاخود بۆ جەهەنەم. سزاو پاڕەنەوەی دایکێک یان کەسێک لەسەرەمەرگدا، هێندەی لەبانگەوازی "خوایەعەفوومکەیت و لەگووناحەکانم خۆش بیت"

دەردەکەوێت ، نیشاندانی لایەن نێگەتیفەکانی ئەم تەفسیرە ئاینییەیە کە پرۆسەی پەڕینەوە بەسەر پردی سیراتدا،دەکاتە کارێکی زۆر دژوار. بۆیەژیانی سەرزەوییانەی ئینسان دەکرێ پڕبێت لەشلەژانی دەروونی کاتێک پرسیارەکانی ژیان لەئاسماندا لەدوای مردنەوە، هەروا بەئاسانی ناکرێت بێتەدی.

مردن لەکوردستاندا کەمکێشەتر دێتەپێشچاو بەهۆی ئەو کولتوری کۆلێکتیڤیزمەوەی کەوەک تۆڕێکی هەمەلایەنە دەکەوێتەکار لەکاتی ڕوودانی کارەساتی مەرگدا. لەمزگەوت و خزم و دراوسێوە بگرە تا کەسێکیش کە کەسی مردوو سەر وکارێکی لەگەڵیدا نییە، بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، پێداویستییە ئینسانییەکانی کەسی کۆستکەوتوو ، پڕدەکەنەوە. نەبوونی ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئینسان هەیە لەخۆرئاوادا کەتەنها لەڕێگای دەروونناس و تیراپی جۆراوجۆرەوە دەکرێ بەدەست بهێنرێت.

مردن لەکوردستاندا کەمکێشەترە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کولتووری شەهادەتەی کەئایین و ناسیونالیزم لەخولقاندنیدا، ڕۆلێکی هەتا بڵێی ترسناکییان پێداوە. شەهادەت لەمانا ئاینیی و ناسیونالیستییەکەیدا، هیچ شتێک نییە جگە لە بێقیمەتکردنی ژیان و باوەشکردن بەمەرگدا. ئەگەر ئەو مەرگە بۆ نیشتیمانە یاخود بۆ خوای تەبارەک و تەعالایە. هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی لەمێژووی ئێمەدا فووی بە بڵندگۆکانی نیشتیمانی موقەدەس و ئایندا کردبێت، زۆر ئاسان سەدان جەنگاوەری گیان لەسەر دەستییان لەدەووری خۆیان کۆکردۆتەوە. ئەگەر ژیان لەزەینی ئینسانی کۆمەڵگای ئێمەدا مانایەکی هەبوایە، خودکوژی و خۆکردنەقوربانی، چەمکێکی هێندە بەرینی ناو زەینی ئینسانی ئێمەدا نەدەبوو. ئامادەیی

هەواڵنامەی کتێب

ئەم چەمکی شەهادەتە لەکوردستاندا پڕکێشەترە چونکە لەسروودەکانی قوتابخانەدا کەهێشتاکە بازاڕگەرمی خۆی لەدەستنەداوە، چ لەسروودە نیشتیمانییەکاندا و بەم دوایانەش لەڕێگای گوتاری ئیسلامییەکانەوە، منداڵ دەخاتە ناو خوێناویترین دەربڕینەوە دەربارەی مردن کەبەزمانێکی میتافۆرییانە باس لەمردن دەکات و منداڵ لەناو مانا دیار و نادیارەکانیدا، لەبازنەیەکی پڕ ترس و دڵەڕاوکێدا یەخسیردەکات.




تابلۆ: سمکۆ ئەحمەد

مـــــــــردن

ئامادەیی مردن و سیمای ئەو، کولتوری مردن و ڕیتواڵەکانی بەیەک بەیەکی جومگەکانی کۆمەڵگادا دەچێتەخوار. بەڵام لێکۆلینەوەکان لەسەر مردن تەنها ئارەزوویەک نییە بۆ دۆزینەوەی لوغزەکانی ئەو، بەلکو ڕێگایەکە بۆ دووبارەگەڕاندنەوە بۆ ناو ژیان. سەرنجدان لەمردن و شەن و کەوکردنی دەرکەوتنەکانی لەبوارەکانی کولتور و سیاسەت و سەرتاپای کۆمەڵگادا،هیچ زانیارییەکی تایبەتیمان پێناڵێت ئەگەر دەرگایەکی دیکەمان بۆ نەخاتە سەرپشت بۆ گەڕانەوە بۆ ناو ژیان. کاتێک ئاڵوگۆڕەکانی خۆرئاوا، هێندەسەرنجی دەچێتەسەر ژیان و مردن لە رووبەری گشتی کۆمەلگادا دەشارێتەوە و بەهۆی خسووسیکردنی ئەم پرسیارەوە، مردن دەکاتە دیاردەیەکی بێدەموچاو و نادیار. کاتێکیش کۆمەلگای کوردستان هەموو دەرگاکان لەسەر مردن دەکاتەوە، مردن دەبێتە میوانی ماڵ، دەبێتە ئەو کەسەی کەبڕیاردەرە، ژیان بیردەکات و پەیوەندییەکی ئەوتۆی پێوەنامێنێت. لەکۆمەڵگای کوردستاندا، هێندە لەگەڵ مردندا پێکەوەژیانی دەکرێت، کەدەموچاوی ژیان بەئاسانی نایەتەوە یادی کەس. ئەمە ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کەپرسیاری مردن لەکوردستاندا دەکاتە پرسیارێکی پڕلە کێشە.

## سەرنجێک لەم نموونانەی خوارەوە بدەن.

ڕۆژەکانی دوای ڕاپەرینە و ئەمنەسوورەکە لەژێر فشاری جەماوەری ڕاپەڕیودایە. ژمارەیەک لەو ئەمنانەی لەساتەوەختەکانی بەر لەگرتنی ئەمنەکەدا، ڕادەکەن دەرەوە و تەسلیمدەبن. بەچەک و تەور و هەموو کەرەستەیەکی دیکە، دەکوژرێن. سەری هەندێک لەکوژراوەکان بەشەقامی لای فولکەی ئەمنەکەوە، بەزەوییەوە پاندەکرێتەوە. ژن و منداڵ دێنە

سـەر ئـەم دەمـوچـاوە بەکارتۆنبووانەی سەر شەقام و شەقێکی دیکە لە ڕووخسارەکە دەدەن. هەندێکی دیکەیان دەبرێنە قوتابخانەیەکی لای مزگەوتی عەلی کەمال و لەبەردەمی حەشاماتێکی گەورەدا، لەپاش دادگایکردنێکی کارتۆنیانەوە، لەسەربانی بینای مەکتەبەکەوە،بەزیندوویی فڕیدەدرێنەخوارێ. لەخوارەوە، لەشکرێک لەهاولاتی کوردستان ڕاوەستاون و بەهەموو کەرەستەیەک کەبەدەستیانەوەیە، لەت وپەتییاندەکەن. ئایا ئەم دڕندایەتییە زادەی حەماسەتێکی شۆڕشگێرانەیە کە لەساتەوەختێکی وەک شۆڕش و یاخیبوونە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوودەدات، یاخود، زادەی کولتورێکە کەقەت پرسیاری :"بۆچی ئیعدام"ی لەخۆی نەکردووە. تا ساتەوەختەکانی ڕاپەڕین، یەک هێزی سیاسی لەچەپ و ڕاست شکنابەیت کەپرسیاری تۆلەسەندنەوە لەوی دی کردبێتە دوو دێڕی جیاوازتر بەدژی گوتاری باوی ئینسانکوژی و ئیعدام. کولتوری:" تۆڵە بەزەبرە ئەمما بەسەبرە" هەر لەبەرانبەر دوژمناندا، پەیرەوی نەکراوە، بەڵکو لەبەرانبەر هاولاتییانی سەر بەگروپ و ڕەنگە سیاسییەکانی دیکەدا، بەهەمان ئەندازە، خوێناویی بووە. لەناو ئەم کەڕنەڤاڵی سەرپانکردنەوە و بەزیندووی کوشتنی دیلەکاندا، هەرچەندە تاوانی کوژراوەکانیش گەورە بوو بێت، دەنگێکی نارەزایەتی بەرزنەکرایەوە. دیمەنی ئەو سەربڕینانەلە کوردستاندا، تەنها "عەرزی عەزالاتەکان"ی هێزی کوشتن و کۆتایهێنان بەژیانی دۆست و دوژمنەکانی کورد نییە، هێندەی نمایشی "عەزالاتە شل و بێهێزەکان"ی ئینسانۆستی و ژیاندۆستی کۆمەڵگایەکە کەهێندە لەگەڵ مردندا دادەنیشێت، ئاخاوتندەکات، شیعری بۆ دەنووسێت، گۆرانی بەباڵدا دەڵێت، بیری دەچێتەوە کە لەناو ژیانەوەیە ئەم بانگەوازە گەورەیەی مردن بەگوێی کۆمەلگادا دەچرێت. بۆیە بەبڕوای من، مردن لەکۆمەڵگای

کوردستاندا پرکێشەیە چونکە هیچ دەرگایەکی نەهێشتووەتەوە تا لەوێوە بگەڕێینەوە ناو ژیان. مردن هێندە کولتورێکی گەورەی ئامادەی ناو کۆمەڵگایە، کەژیان هەرچەندە خۆیشی هەڵبڕێت و هاواریش کات، بەنادیاری دەمێنێتەوە. ئەمە ڕێک پێچەوانەی ئەو دۆخەیە کە لەخۆرئاوادا، بوونی هەیە.

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ ناوەڕۆکی باسەکەی خۆمان، دەکرێ بووترێت کەمنداڵ لەکوردستاندا، زۆر خێراتر سەروکاری لەگەڵ پرسیارەکانی مردندا پەیدادەکات و ئەو تێروانینەی ئینسانەکان لەم کۆمەڵگایەدا بەرانبەر مردن هەیانە، دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵان. منداڵ دەبرێتە تەعزیە و لەشیوەن و فوغانی تەعزییەکاندا، لەپاڵ دایکییەوە سەرنجدەدات. دەبرێتە گۆرستان و لەگەڵ گەورەکاندا دادەنیشێت. وەک کوڕ و کچی باوکشەهید، بەرزدەکرێتەوە و داستانی قارەمانێتی باوکی بۆ دەهۆنرێتەوە. بەزمانێکی ئاینی لەگەڵیدا ئاخاوتندەکرێت، بەهەموو میتافۆرە خوێناوییەکانییەوە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی تێگەیشتنی ئەو بۆ ئەو چەمکانە.

بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا کە تۆڕی خزمەتگووزارییە کۆمەڵیەتییەکانی، ئەرکە فەردییەکانی مردنی لەکۆڵ ئینسانەکان کردووەتەوە و مردنی کردووەتە کارێکی فەردی و شەخسی ئینسانەکان، یاخود هەر وەک لەکوردستاندا کەهێشتا لەسەر شانی ئەو کۆلیکتیڤەدایە کە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی لەدەورهەڵچنراوە، لەهەردوو دۆخەکەدا، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕدرێت کەمردن پرسیاری ئەزەلی و مەراقی گەورەی ئینسانە. دوا نزرگە، کۆچی دوایی، دوا سەفەر، چووەشوێنی خۆی ، ماڵئاوایی و دەیەها دەربڕینی تر لەزمانی کوردیدا، هیچ نییەجگە لەو ترسەگەورەیە کەئەم کۆمەڵگایە لەبەرانبەر مردندا کولتورێکی زمانەوانی گەورەی لەدەوری

هەواڵنامەی کتێب

دروستکردووە بەهۆی ترسەکانی خۆیەوە لێی.

بۆیە منداڵ لەکۆمەڵگای کوردستاندا،بەپێچەوانەی کۆمەڵگای سویید و ئەورووپاوە، سەروکاری لەگەڵ پرسیارەکانی مردندا دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی زیندووی ئەو لەگەڵ شتێکدا کەدەموچاوی هەیە و ماڵەکان پردەکات لەگریان. دیمەنی جەستەکان لەدیمەنی کوژراوێکی ناو فیلمەکان ناچێت و دەموچاوی دایک وباوکەکانیان دەگۆڕێت.

کاتێک ئەم چوارچێوە کولتورییەی کولتوری مردنمان لەبەردەستدا بێت بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرسیارە لای منداڵ ، ڕووبەڕووی پرسیاری گەورەدەبینەوە کەوەڵامدانەوەیان هەروا کارێکی ئاسان نەبێت. زمانێکی دەوێت کە هێشتا لەزمانی کوردیدا، ئامادەییەکی تەواوی نییە و کاتێک گەورەکانی ئەم کۆمەڵگایە خۆیان پرسیارییان لەمەرگ نەکردووە، سەختترە داوایان لێبکرێت، ئەم پرسیارە بۆ منداڵ روونبکەنەوە. کۆششی من لەم نووسینەدا ، دانەدەستی ئەڵتەرناتیڤێکی ئامادە و سادەنییە کەدایکان و باوکان ڕەچاوی بکەن بۆ چۆنێتی ئاخاوتن لەگەڵ وردیلەکانیاندا کاتێک پرسیارەکانی مردن بەرۆکییان پێدەگرێت. بەڵکو نیشاندانی ئەو سەرخەتانەن کەدەکرێ کەسانی دی، لەدەوڵەمەندکردنیدا، ڕۆڵییان هەبێت. نەبوونی زانستی دەروونناسی و کاریگەرییەکانی ئەم زانستە بۆ وەڵامدانەوەی بەشێک لەوەڵامەکانی چۆنێتی مامەڵە بۆ ئەم پرسیارە، سەردەستسالاری تەفسیری ئاینیی بۆ مۆنۆپۆڵکردنی پرسیارەکانی مردن و نائامادەیی تێڕوانینە فەلسەفییەجیاوازەکان کەئەم پرسیارە بۆیان دەمێکە کەرەستەیەکی لێکۆڵینەوەیە، کۆمەڵێک گرفتی گەورەن لەکۆمەڵگای ئێمەدا. لەسەرو هەموو ئەم گرفتانەوە کەئینسان دەکرێ بیانژمێرێت، تێڕوانینی باوی

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵگایە بۆ منداڵ کەهێشتا مامەڵەی ئینسانێکی ئازادی خاوەنئیرادەی پێناکات و وەک کەسایەتییەک حورمەتی شەخسی بۆ دانانانێت، ئەمەی دواییان، گەورەترین کێشەیەکە بۆ پرسەکانی منداڵی کورد. ئینسان کاتێک وەک ئینسانێکی خاوەنئیرادە و ئازاد مامەڵەی پێنەکرا، چاوەڕوانی ئەوەشناکرێت، لەکاتی مامەلەکردن لەگەڵ ئەم کائینەدا، ڕووبەڕووی مامەڵەکردنەوەیەکی ئینسانییانە بێتەوە.

کیرکیگارد و دەربڕینە بەناوبانگەکەی ئەو لەپەیوەند بەمردندا ڕەنگەکۆمەککەر بێت. ئەو دەڵێ:" لەگەڵ مردندا دەبێ، بەجدی هەلسوکەوت بکرێت، ئاخر ئەو بەڕاستییەتی". لەم تێروانینەوە بۆ پرسیارە وردەکانی منداڵ لەپەیوەند بەمردندا، دەبێ زۆر بەجدییانە مامەڵەبکرێت. ئاخر کەلکەڵەو ترسەکانی ئەوانیش ڕاستییە و دەبێ بەڕاستی و ڕاستگۆیانە وەڵامییان بدرێتەوە.

## پەراوێزەکان:

* ئەم ناونیشانە، ناونیشانی وتارێکە لەگۆڤاری منداڵان و شێرپەنجەدا بلاوکراوەتەوە.


**1-Linda Claesson, 2007, Förskolebarn tankar om döden, Karlstads Universitet, sid 7-8**

**2-Malin Börjesson, Samar El -Ghariri, Erik Olbäck 2008, Barns uppfattningar om döden , Högskolan i Borås, sid 8-9**

**3-Erika Grip, Karina Salhag, 2007, finns Nangijala, , Växjö Universitet, sid 2**

**4-Charlotte Arrhenius, Petra Kiiskinen, 2001, Blekinge Tekniska Högskolan, Våga tala med barn om döden, sid 18,19,20 och 21**

**5-Liselotte Johansson, 2007, Högskolan Väst, Barn sörjer, sid 11**

**6-Aida Ganic, 2007, Högskolan i Gävle, Döden i vårt samhäe sid 19, 23, 39**


☆

# نەنکم "کەتان"

*نووسینی:*

*جەلال قادر*

لەسەرەتای ساڵانی حەفتەکان منداڵێکی بچکۆلانە بووم، لەگەڵ براو خوشکەکانم لە خانوویەکی بە خشت دروستکراو لە گەڕەکێکی هەژارنشینی پڕ لە قوڕوچلپاو دەژیاین. نەنکم (کەتان)یش کارەکەری ماڵە دەومەڵەکانی دەکرد، بە تەنەکە و خشت وکەرتە بلۆک ژوورێکی لە گۆشەیەکی خانوەکەمان دروست کردبوو.

لە سەردەمی منداڵیم بە پرسیارکردن هەموو کەسێکم بێزار دەکرد، لەبیرمە نەنکم لە گیرفانی سەڵتەکەی شیرینیەکی دەردەکرد و پێیدەدام، دەیگوت: دەمت داخە چیتر پرسیار مەکە.

وەک لەبیرم بێت پرسیارەکانم دەربارەی ماڵە دەوڵەمەندەکان بوو. دەمگوت: دەبێ ڕەنگیان چۆن بێت و منداڵەکانیان بەچی یاری کەن؟



هەواڵنامەی کتێب

هەمیشەش خەیاڵم لای ئەوە بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان نەنکم لەگەڵ خۆی بمبات، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بۆنی چێشتی ناو مەنجەڵ کەم.

هەموو بەیانیانێک بەدوای نەنکم (کەتان) ڕامدەکرد و دەگریام، دەمگوت بمبە لەگەڵ خۆت. تا ڕۆژێکیان دڵی نەرمبوو پێکەوە

سواری (تێمسەکانی) شار بووین، چووین بۆ گەڕەکی (عەرەفە) کە کەوتۆتە قەراخ بیرە نەوتەکانی شارەکەم .

نەنکم ژنێکی قەڵەو و بەخۆ بوو کاتێ ڕێی دەکرد ئەژنۆکانی ئازاریدەدا، من لەبەردەمی هەڵبەزهەڵبەز ڕامدەکرد و دەمڕوانییە ئەو لقە دارانەی کە سێو و پرتەقاڵەکانیان بەسەر دیواری دەرەوەی ماڵەکان شۆڕ ببوونەوە .

وتم: نەنە ئێرە بەهەشتە؟

– *ئەی پێنەگەی. . . پێمنەگوتی چیتر پرسیار مەکە!*

- نەنە دایکم پێیگوتم بەهەشت پڕ لە سێو و پرتەقاڵە!

نەنکم وەڵامی نەدامەوە. . بەس من و براکانم ئەو خواردنانەی نەنکم بۆ مانی دەهێنایەوە ناومان نابوو (خواردنەکانی بەهەشت). . چونکە لەماڵی ئێمە بە مانگیش بۆنی گۆشتمان نەدەکرد، بە ساڵیش جل و بەرگی جوانمان نەدەپۆشی. جەژن بەجەژن باوکم لە توانای بوو پارە کۆ بکاتەوە و کراسێکی نوێ بۆ برا و خوشکەکانم بکڕێ. من نەگبەت بووم هەرچی کراسی برا گەورەکەم هەبوو بۆیان هەڵدەگرتم و دەبوایە لەبەری بکەم. خوا خێری نەنکم (کەتان) بنووسێ جار جار کراسی ڕەنگینی بۆ دەهێنام .

لەبەردەم دەرگایەکی مەزن ڕاوەستاین نەنکم شارەزا بوو دەستی بە دوگمەیەکەوە نا دەرگا کرایەوە. یەکەم جارمبوو چاوم بە حەوشە و باخچەیەکی وا فراوان بۆن خۆش بکەوێت. چوار ئەوەندەی ماڵی ئێمە دەبوو وتم: نەنە بۆ دەرگاکەیان ئەوەندە گەورەیە؟ وتی: کوڕم ئەوە ئۆتۆمبیلی پێ دێتە ژووری!

لە باخچەکەیان جۆلانەیەک دانرابوو بەپەلە ڕامکرد تا سواری جۆلانەکە بم کەچی پێم لە فریزی باخچەکە خزا و بەسەردەم کەوتم.

هەواڵنامەی کتێب

خەریک بوو بگریم، کاتێ نەنکم بینی پەشیمان بوومەوە گوتم گەر بێزاری کەم جارێکیتر نامهێنێتەوە بۆ ئەم بەهەشتە!

نەنکم وتی: کورم پەلە مەکە ئێمە تا ئێوارە لێرەین .

ئێمە تەنیا ڕۆژانی جەژن دەچووین بۆ سەیران و سواری جۆلانە دارینەکان دەبووین، کەچی لەم ماڵە هەموو ڕۆژێک سەیرانە. بۆیە گوتم ئەگەر بگەڕێمەوە ماڵ بەدایکم دەڵێم با فێرە نوێژم بکات بەڵکو خوا ئێمەش بنێرێ بۆ بەهەشت. بەو خەیاڵەش نەوەستام دەمگوت منداڵانی گەڕەکیش فێرە نوێژ دەکەم تا ئەوانش کۆشکێکیان هەبێت و تێربن لە خواردن و میوە خۆشەکانی بەهەشت!

نەنکم بینی دەستی کرد بە گیرفانی سەڵتەکەی و کلیلێکی بچکۆلانەی زەردی دەرهێنا و دەرگای ژووری ماڵەکەی کردەوە و چووە ژوور. منیش جۆلانەکەم بەجێهێشت و بەدوای نەنکم خۆم کرد بە ژوورا .

ناو ماڵەکە هۆلێکی فراوانی لێبوو، لەناوەڕاستیدا مێزێکی دار ساجی درێژ و پان، شەش کورسی بەدەور دانرابوو. بە نەنکم وت: نەنە ئەم ماڵە لێرە دادەنیشن و نان دەخۆن و دەنوون؟

وتی: نا کورم، لێرە نان دەخۆن، ژووری نوستنیان جیایە!

لە ژێر پەنجەرەی چێشتخانەکە مەخسەلەیەکم بینی چەند پەرداخێکی شووشەیی گوڵداری لەسەر بوو. نەنکم دەستیکرد بە شۆرینی پەرداخەکان، منیش لە پەنجەرەکەوە دەمتوانی کەپرێک ببینم بە بۆڵە ترێ داپۆشرابوو، مێزوکورسی قەفەز داری لە ژێرا بوو .

لە بیرمە دایکم دەچوو بۆ ناو زەلکاو قامیشەڵەکانی دەم خاسە هەرچی لقە قامیش و حەیزەران هەیە کۆی دەکردەوە. پاشان بە پەنجەکانی پێی دەیچنی و

حەسیری لێ دروستدەکرد و لەسەری دادەنشتین، سەبەتەیەکشی دروستدەکرد بۆ نانە ڕەق .

نەنکم دەرگای دۆلابێکی کردەوە پڕ بوو لە میوە و شەربەت. ئنجا دۆلکەیەک ئاوی ساردی دەرهێنا و پەرداخێ ئاوی ساردی خواردەوە. نیوەی پەرداخەکەی پڕ لە ئاو کرد و دایە دەستم .

منیش ئاوەکەم خواردەوە بەڵام پەرداخەکە بۆنێکی سەیری لێوە دەهات .

ئێمە لە ماڵی خۆمان بە جامی فافۆن ئاومان دەخواردەوە. لە جیاتی دۆلکە شەربەیەکمان هەبوو!

بە نەنکم وت: نەنە ئەم دۆلابە سپییە چییە؟

:-کوڕم ئەمە سەلاجەیە، شت بە ساردی ڕادەگرێ!

ئێمەش لە ماڵەوە لە ژێر نەردەوانەکەمان کوپەیەکمان هەبوو ئاوی بە فێنکی ڕادەگرت!

ئنجا نەنکم هەڕەشەی لێکردم وتی: نابێت دەست لە هیچ شتێ بدەیت. . چیت ویست داوا لە من دەکەی. ئەگەر عاقڵبیت دوو چوکلێتت دەدەمێ .

دڵی خۆشکردم. . بە چوکلێتێک دەممی شیرین کرد .

ژوور بە ژوور منی لەگەڵ خۆی گردا. . ژووری خەوی منداڵەکان پڕ لە بوکەلانە و جۆرەها یاری بوو.

-: نەنە من تا ئێوارە لەم ژوورە یاری دەکەم و نایەمە دەرێ .

:-نا کوڕم نابێت تۆ دەست لەو یارییانە بدەیت. ئەمانە هەمووی یاری کوڕە گەورەکەیانە، دایکی بۆ یادگاری بۆی هەڵگرتوون .

بە دیواری ژوورەکە وێنەی منداڵێکم بینی وتم: ئەوە نییە نەنە منداڵیان هەیە .

نەنکم وتی: نا کوڕم ئەوە وێنەی منداڵییەتی. . ئێستا ئەم کوڕەیان

هەواڵنامەی کتێب

گەورە بووە .

:-ئەی نەنە بۆ ئێمە هیچ وێنەیەکمان نییە لە ماڵەوە.

:-نەمگوت چیتر پرسیار مەکە!

لە بیرمچوو بەڵێنم دابوو لەم گەشتەم دەمم داخەم. ئاخر چۆن دەکرێت ئەم شتە سەیروسەمەرانە ببینم و پرسیارنەکەم!

وێنەکە وەک لەزگە بە قەد دارێکەوە نووسا بوو، کوڕەکە فانیلەیەکی شینی خەت سپی لەبەردابوو. هاتە یادم هەمان کراس بوو براکەم لەبەری کردبوو بۆ ڕۆژی جەژن. پێکەنیم. . بۆم ئاشکرا بوو کە براکەشم کۆنە کراسی ماڵە دەوڵەمەندەکان لەبەر دەکات .

لە ژوورەکانیتر کۆمەڵێ وێنەی ئەندامانی خێزانەکە هەڵواسرابوو. . یەک وێنە سەرنجی زۆر ڕاکێشام پیاوێک بە دەرپێ قوندەیەکەوە دەستی بەرز کردبووەوە،لاموابێ خاوەن ماڵەکە بوو. لە نەنکم پرسی: توخوا نەنە بێزار مەبە. . پێمبڵێ ئەم پیاوە لە خوا دە پاڕێتەوە .

نەنکم وتی: نا کوڕم. . ئەوە مەلەوانی دەکات. . نابینی دەیەوێ زەرگ بهاوێتە ناو حەوزی ئاوەکەوە!

بۆم ڕوونبووەوە هەموو لێکدانەوەکانم هەڵەن، چونکە من لەو ڕۆژەوەی چاوم کردووەتەوە باوکم بینیوە دەست بەرز دەکاتەوە و لە خوا دەپاڕێتەوە!

چووەمە نهۆمی خوارەوە لە ژووری دانیشتن تەلەفزیۆنێکی شاشە گەورە دانرابوو. ئێمە نەک لە ماڵ بەڵکو لە گەڕەکش کەس تەلەفزیۆنی نەبوو، دەچووین بۆ چایخانەکان سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد .

لە پشتی تەلەفزیۆنەکە پەنجەرەیکی شەش چاوەی لێبوو. ڕووانیمە دەرەوە حەوشە و باخچەیەکیترم بینی کەوتبووە

هەواڵنامەی کتێب

پشتی ماڵەکەوە، ڕامکردە لای نەنکم وتم: نەنە بچمە باخچەکەی پشتەوە؟

نەنکم وتی: دەرگای پشتەوەم لەترسی تۆ داخستووە نابێت بچیتە ئەو پشتە!

- بۆ؟

وتی: لەبەرئەوەی حەوزی مەلاوانەکە لەوێیە، تۆش مەلەوانی نیت و دەخنکێی!

ڕامکردە ژوورەکانی سەرەوە لە پەنجەرەیەکەوە سەیری حەوشەی پشتەوە م کرد، حەوزی مەلەوانەکە بە درەخت داپۆشرابوو ئاوەکەی نەرمە شەپۆلێکی دەدا چەند گەڵا و شەکرە سێوو پرتەقاڵێکش وەک بەلەم بە قەراخ ئاوەکەوە لەنگەریان گرتبوو و دەلەرییەوە .

تا قەدەرێ بە دیار پەنجەرەکەوە وەستام، خەونم بە مەلە کردنی ناو حەوزەکەوە دەبینی .

لە ناکاو بۆنی خواردنێکی خۆش




بەر لوتم کەوت، خێرا دەرپەڕیم بەرەو چێشتخانەکە، بە تەقلە لێدان لەسەر نەردمانەکە کەوتمە خوارەوە. دەست وپێم ژان گرتی لە ترسی نەنکم فزەم نەکرد. وەک پشیلە بە ئاسپایی لە بۆنەکە نزیک بوومەوە .

نەنکم دیار نەبوو، منیش بۆم نەبوو دەست لە هیچ بدەم. . لە هۆڵی دانیشتنەکە نەنکم بینی ڕووی

لە قیبلە کردووە لەسەر هەمان بەرماڵ نوێژی دایکم، نوێژ دەکات. . دانیشتم تا لە نوێژ کردن بووەوە. . هەر کە ئاوڕی دایەوە وتم: نەنە ئەی ئەم ماڵە بەرماڵ نوێژیان نییە؟

وتی: نا کوڕم کەس لەم ماڵە نوێژ ناکات!

لە دڵی خۆمدا وتم: کەواتە لە سەر ئەم زەوییەش خوا بەهەشتێکی داناوە بەس ئێمە تا ئێستا نەماندۆزیوەتەوە. . ئەگەر بگەڕێمەوە گەڕەک بە هاوڕێکانم دەڵێم وەرن با بگوازییەنەوە بۆ گەڕەکەکانی بەهەشت، چیمان داوە لەم گەڕەکە پڕ لە قوڕوچڵپاوە .

چوومە چێشتخانەکە لەسەر کورسییەک دانیشتم. . نەنکم وتی: چاو برسی. . (قاپێک پڕ لە برنج و قەیسی بۆ دانام ). دەبخۆ!

نانەکەم لەسەرخۆ دەخوارد بێ ترس لە براو خوشکەکانم، چونکە هەمووجارێک نەنکم چێشتی بهێنایەوە براکانم خەدریان لێمدەکرد بەشێکی کەمیان بۆ دادەنام. . ئێستا بە ئارەزووی خۆم وەک کوڕی پاشا دانیشتووم و نان دەخۆم .

نەنکم وتی: خێراکە کوڕم ئێستا خاوەن ماڵ دەگەڕێتەوە.

نانەکەم تەواو کرد نەنکم دەستی خستە ناو قووتییەکەوە چوکلاتێکی دامێ، وتی: بگرە ئەم شیرینیەش لەبەرئەوەی عاقڵ بوویت. . ئەگەر ئەوانش هاتنەوە هێمن بەو لە شوێن خۆت نەجووڵێ و تا پرسیارت لێنەکەن، دەنگ دەرنەکەیت!

گوتم: بەسەر چاو نەنە گیان .

دەنگی گڕەی ئۆتۆمبیلەکە هات، دەرگای حەوشە کرایەوە ئۆتۆمبیلێکی ڕەشی زەبەلاح هاتە ژوور ڕوخساری ژن و مێردێک بە دیار کەوت .

سەرەتا زۆر ترسام. . سڵاویان کرد و ژنەکە نزیکم بووەوە لە باوەشی کردم و وتی: تۆ گۆرانی

یا سۆرانی؟

منیش لەشەرما وەڵامیم نەدایەوە .

نەنکم وتی: ئەمەیان گۆرانە. . سۆران لەم گەورەترە و دەچێتە خوێندن .

ژنەکە دەستی کردە ناو قووتوە چوکلاتەکە ویستی چوکلێتیکم بداتێ نەنکم وتی: شیرینی مەدەرێ. . لە بەیانییەوە دووجار داومەتێ .

ژنەکە وتی: لێگەڕێ با بخوا .

مێردی ژنەکە شەبقەکەی سەری لابرد و خستییە بان سەرمەوە و وتی: سەرت بۆ ئەوەندە بچووکە لەناو شەبقەکەم ونبووە. . . پاشان پێکەنی و گوتی: نا ئەوە سەری منە زۆر زلە .

منیش پێکەنیم، ترس و شەرمم لەگەڵیان ڕەوایەوە. . وتم: چەند ماڵێکی باشن .

ئنجا کابراکە وتی: میم کەتان نانت داوەتە گۆران . .

نەنکم وەڵامی دایەوە: خەمت نەبێت ئەم منداڵە وەک تۆ نەوسنە و بەشی خۆی خواردووە .

هەستم کرد نەنکم لەگەڵ خاوەن ماڵەکە وەک دۆست و ئاشنا ڕەفتار دەکات

لە دیار تەلەفزیۆنەکە دانیشتم و گوێم لە گۆرانییەکان دەگرت، لەزمانی گۆرانی بێژەکە تێنەگەیشتم. دام لە پرمەی گریان. . گوتیان بۆ دەگری؟ گوتم من لەم گۆرانییە تێناگەم ئەوان بە پێکەنینەوە وتیان: قەینا کوڕم ئەوە بە زمانی تۆ گۆرانی نالێت!

بەو منداڵییەم بیرم دەکردەوە دەمگوت: چیدەبوو ئەگەر هەموو مرۆڤەکانی دونیا یەک زمان ئاخاوتنیان بکردایە .

کاتێ نان دانرا کوڕە هەرزەکار و کچە کەیان هاتنە ژوور، جانتای مەکتەبیان هەڵدایە سەر کورسیەکان و دەستیان شۆری و دانیشتن، لەگەل دایک و باوکیان بە

هەواڵنامەی کتێب

ئارامی نانیان خوارد .

لە بیرمە جارێکیان دایکم نیسکەوای لێنابوو، منیش خەزریم و گوتم من ئیلا نیسکەکەی دەستی نەنکم دەخۆم. بە دزی منەوە قاپێک نیسکیان بردە ژووری نەنکم وهێنانەوە. گوتیان: دە بخۆئەمەش نیسکی نەنە. ئەوەندە جوان خواردم تا ئێستاش خوشک وبراکانم گاڵتەم پێدەکەن .

پێش ئەوەی ماڵەکە جێبهێڵین بینیم نەنکم هەرچی بەرماوەی خواردن هەبوو بە جوانی خستیە ناو قاپە پلاستیکەکەی ئنجا لە ناو بوخچەکەی پێچایەوە .

لەم کاتە کوڕە هەرزەکارەکەی ماڵەکە تۆپێکی (تۆپی پێی) بە دیاری داپێم. کە لە ولاتانی دەرەوە باوکی بۆی هێنابوو. منیش لە خۆشیا تۆپەکەم توند لە باوەش گرت. دایکی کوڕەکە هات و دووبارە لەباوەشی کردم و چەند دلۆپە فرمێسکێک بە چاوەکانی ڕژانە خوارێ .

لە ڕێگا لە خۆشیا نەمدەزانی چبکە م ئەوەندە پەلەم بوو بگەمە هاورێکانی گەڕەک تا ئەم تۆپە جوانەیان پیشان دەم. کەمێک دەترسام دەمگوت: زۆر جوانە تۆ بلێی بتەقێ. ئاخر ئێمە بە تۆپی لاستیک یاریمان دەکرد. تەنانەت تیپی گەڕەکش تۆپێکی ئاوا جوانیان نەبوو تا یاری پێبکەن .

لە نەنکم پرسی: نەنە بۆچی ژنەکە گریا . .

وتی: لەبەرئەوەی کوڕێکی هاوتەمەنی تۆی هەبوو (دووربێت خوایە) لە حەوزی مەلەوانەکە خنکا!

- بەس ئەو ژنە بۆنی دەکردم. ماچی دەکردم خۆ من کوڕی ئەو نیم؟!

نەنکم وتی: لەبەرئەوەی ئەو کراسەی بەرت هی کوڕە مردووەکەی بوو!

- کەواتە خەڵکی دەوڵەمەندیش دڵتەنگ دەبن؟

نەنکم تووڕە و ماندوو دیار بوو. وتم: نەنە گیان بەخوا چیتر پرسیار ناکەم. . . بەس پێم بڵێ ئەو پیاوەی ئەو ماڵە پیشەی چییە؟

وتی: کوڕم ئەو هەموو تانکیە مەزن و بۆڕییە نەوتانە دەبینی. . ئەو کابرایە بەڕێوەبەریەتی!

من بیستبووم لە برا گەورەکەم کە قوتابخانە بەڕێوبەری هەیە، نەمدەزانی ئەو ئاگرە نەوتەی شەوانە شارەکەمی ڕوناک دەکرد. . به ڕۆژیش پیسی دەکرد بەڕێوبەری هەبێت. . بەڵێنمدا بە باوکم بڵێم تا ئەویش لە کۆمپانییەی نەوتەکە ئیش بکات، بەڵکو ئێمەش ببینە خاوەن کۆشک و ئۆتۆمبیلێکی سووری جوان!

کاتێک نزیک ماڵ و گەڕەک بوومەوە تۆپەکەم لەژێر فانیلەکەم شاردەوە. خوا خوام بوو کەس نەیبینێ!

بە دزییەوە لەگەڵ نەنکم چووینە ماڵەوە. برا و خوشکەکانم بەدوام کەوتن وتیان: دەزانین ئەوە تۆپە لە ژێر فانیلەکەت، دەریخە تا بە زۆر لێمان نەسەندوی .

منیش بە گریانەوە لێیان دوور کەوتمەوە. لەم کاتە نەنکم بوخچەکەی کردەوە بۆنی چێشتەکە ماڵەوەی پڕ کرد .

برا و خوشکەکانم لە من دوور کەوتنەوە و وتیان: ئەرەوەڵڵا نەنە خواردنی بەهەشتی لەگەڵ خۆی هێناوە .!

ئەمجارەیان نەچووم بەلای خواردنەکە چونکە هەموو شتێکم بۆ ئاشکرا بوو. . چێشتەکە بەرماوەی ماڵە دەوڵەمەندەکان وکراسەکانشمان کۆنە جلی مردووەکان بوو!

تۆپەکەم توند لە باوەش کرد و چوومە گەڕەک تا لەگەڵ هاوڕێکانم یاری بکەم!

☆

# پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیار لە کورتە چیرۆکی "نەنکم کەتان" ی جەلال قادردا

نووسینی: عەبدولا سلێمان
(مەشخەڵ)

چیرۆکی "نەنکم کەتان" حەوتەمین کورتەچیرۆکی نوێترین کۆچیرۆکی چیرۆکنووس جەلال قادرە (١). چیرۆکنووس هەوڵی داوە لە زمانی کارەکتەرێکی منداڵەوە (گۆران) بەسەر پانتایی نۆستالیژیا سەفەرێکی کورت، بەڵام پڕ مانامان پێ بکات بەرەو دوورگەکانی حەقیقەت. بەرەو تێگەیشتن و فێربوون، بەرەو ئەودیو دیوارە پەنهانەکان کە چاوی بینینی ئاسایی نایبینێت. گێڕەرەوە کە کەسی یەکەمی تاکە لە عەودالییەتێکی بەرفراواندا دەژێت. کارەکتەری گێڕەرەوە کە تەواو لەلایەن نەنکە "کەتانە"وە سەپۆرت دەکرێت، بە پرسیار ئابلۆقە دراوە. پرسیارەکانی کارەکتەرەکە پرسیارگەلی تایبەتی نین کە بەربەستی بایۆلۆژی و ژینگەیی ڕێگر بن لە گەیشتن بە وەلامەکانی، بەڵکو پرسیارەکان گشتین، کۆمەلایەتین، هەمان خەون و خولیای برا و دایک و باوک و کەسوکار و خەلکی گەڕەک و شار و ولاتە. بەلام چیرۆکنووس هاتووە لەزمانی منداڵێکەوە پرسیارەکان دەوروژێنێت کە بایەخی ستاتیکی دەقەکە دەباتە ئاستێکی بەرز کە خوێنەر دەگیری چێژلێوەرگرتن دەکات. هەڵبژاردنی منداڵێکی هەشت نۆ ساڵیی بۆ پرسیارکردن ڕەنگە چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بێت.

یەک: لەڕووی بایۆلۆژییەوە (گۆران)ی حیکایەتخوانی چیرۆکەکە نەگەیشتۆتە ئاستی باڵقبوون و توانای درککردنی لەئاستی پێویستدا نییە. ئەو هێشتا لە جیهانی منداڵی خۆیدا دەژێت، بۆیە ئازادە چی دەپرسێ و چۆن دەپرسێ، بێئەوەی سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بێت. ئەمەش مانای وایە هیچ بەرپرسیارییەتێک لە پرسیارکردنەکانیدا نییە.

دوو: نۆستالیژیای کردۆتە پردێک بۆ خۆ داتەکاندن لە هەر ئینتمایەکی ئایدیۆلۆژیی کە سبەینێ وەک ئایدیندتی دەقەکان و نووسەری پێ بناسرێتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سێبەری ئایدیۆلۆژیا بەسەر دەقەکەوە دەبینرێت. واتە دەقەکە بێ ئایدیۆلۆژیا نییە. پرسیارە ئاشکرا و شاراوەکانی کارەکتەرە منداڵەکە گەلێ ئاماژەیان تێدایە کە دەتوانین بە ئاماژەی چینایەتی ناوزەدیان بکەین.

سێ: منداڵ هەڵبژاردەیەکی گونجاوە تا ترس و شەرم لە پرسیارەکانی بئاڵێنێت. ڕێگری لێبکرێت و هەندێجاریش لەسەر پرسیارکردن سزا بدرێت کە ئەمە لەگەڵ مرۆڤی پێگەیشتو(باڵق)دا ناکرێت.

لەم گۆشەنیگایەوە هەوڵدەدەم شرۆڤەیەکی ڕەخنەیی بۆ پرسیارەکانی حیکایەتخوان بکەم و مانای پرسیارەکان لە کۆدی ململانێی کۆمەڵایەتی ناو چینەکانی کۆمەڵگەوە بخوێنمەوە.

**"لەسەردەمی منداڵیم بە پرسیارکردن هەموو کەسێکم بێزار دەکرد."** (٢)

ئەمە ئەو ڕستەیە کە ئەرکی دەروازەی گرتۆتە ئەستۆ. ئەمە هەر خۆناساندنێک نییە، یان ئاشنا کردنی خوێنەر نییە بە ڕابردووی حیکایەتخوان، بەڵکو کێشکردنی هۆشی خوێنەرە بۆ ئامانجە کۆمەڵایەتییەی کە چیرۆکەکەی لەپێناودا خولقاوە. کارەکتەری نەنکە "کەتان"یش هەڵبژاردنێکی

گونجاوە بۆ ئەو کارە وەک سەپۆرتێکی تەکنیکی لەپێناو گەیشتن بە ناوەڕۆکی مەبەست.

یەکێک لە هونەرەکانی ڕازاندنەوەی ستراکتۆری چیرۆک بریتییە لە هەڵبژاردنی کارەکتەر و ماتریاڵی گونجاو بۆ شوێن و مەبەستی گونجاو. جەلال قادر لەڕێی هەڵبژاردنی تەکنیکی گونجاو باڵادەستی خۆی لە دارشتنی ساختمانی چیرۆکەکە دەنەخشێنێ. ئەو هەر بەوەشەوە ناوەستێ، بەڵکو دێت کارەکتەرەکەی لە پرسیارکردن هەڵدەکێشێ.

**وەک لە بیرم بێت پرسیارەکانم دەربارەی ماڵە دەوڵەمەندەکان بوو. دەمگوت: دەبێ ڕەنگیان چۆن بێت و منداڵەکانیان بە چی یاری کەن؟**(٣)

ماناکانی پرسیارکردن لە چیرۆکی نەنکم کەتان هەڵگری چەند ئاماژەیەکن، لەوانە مەغزای چینایەتی و ئامانجی کۆمەڵایەتی. ئەم ئاماژە چینایەتییە کۆمەڵایەتییانە زیاد لە جێگایەک و زیاد لە بۆنەیەک لە چیرۆکەکە نیشان دراون. چونکە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەتی پرسیارەکانی منداڵ لەژێر چەپۆکی " وسبە، بێدەنگ بە، قسە مەکە، پرسیار مەکە، بیبڕەوە، مێشکت بردم" دایە. ئینسانەکانی ڕۆژهەڵات کاتیان بۆ منداڵەکانیان و پەروەردەی تەندروست و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان نییە.

**وتم: نەنە ئێرە بەهەشتە؟**

**ئەی پێنەگەی. پێمنەگوتی چیتر پرسیار مەکە.** (٤)

یان

**ئەی نەنە بۆ ئێمە هیچ وێنەیەکمان نییە لە ماڵەوە؟**

**نەمگوت چیتر پرسیار مەکە!**(٥)

سەرکوتکردنی کارەکتەری پرسیارکەر، گەرچی نائومێدییەکی بەرفراوان بۆ منداڵەکە دێنێتە ئاراوە، لەهەمان کاتیشدا لەڕووی

دەروون شیکارییەوە منداڵەکە دووچاری توند و تیژی و بێرێزی و دواییش کائینێکی شەرمن و ترسنۆک و کە گەورەش دەبێ یان مرۆڤێکی بێدەسەڵات یان جەللادی لێدەردەچێ.

لە چیرۆکی "نەنکم کەتان"دا، ستایڵ یان میتۆدی پرسیارکردن یارمەتیدەرێکی باشە بۆ خۆدزینەوە لە خستنەڕووی زانیاری و چوونە ناو وردکاری هەندێ بابەت و پرسەوە کە چیرۆکنووس دووچاری بەرپرسیارییەتێکی بەرفراوان بکات. نازانرێت چیرۆکنووس چەند ئاگایانە ئەم ستایڵەی بەدەستەوە گرتووە، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەست بۆبردنێکی باشە بۆ چنینی ڕووداوەکانی نێو دەقەکە. شانبەشانی پرسیارەکانیش کە سیانزە پرسیاری ئاشکرا و چەند پرسیارێکی نهێنین، هەندێ لە پرسیارە نهێنییەکان بەشێوەی مەزەندە یان (Wonder) خراونەتە ڕوو. سروشتی پرسیارەکان و ماهیەت و ماناکانیان دەکرێ لە چەند خاڵێکدا ڕوون ببێتەوە.

**یەک:** ماهیەتی پرسیارەکان ماهیەتێکی کوڕانە یان نێرانەیە. پرسیارەکان کچانە یان مێینە نین. چونکە چارەنووسی ئینسانەکان لە ڕۆژهەڵات بە هەندێ فاکت و کلتوور و ئایین و دابونەریت بەستراوەتەوە. ئەو هەلەی لەژیان بۆ کوڕێک هەڵدەکەوێ لە هەڵسوکەوت، بۆ کچێک نایەتە دی. بۆیە کە (گۆران) دەبێتە کارەکتەر و گێڕەرەوەی چیرۆکەکە بەم حوکمی واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بووە نەک بە ئارەزووی نووسەر. ئەگەر لە بری گۆران خوشکێکی گۆران بوایە دیارە ڕێڕەوی پرسیارەکان بە جۆرێکی تر دەبوو و ماهیەتی پرسیارەکانیش ڕەنگە پڕ بوونایە لە بەزەیی و فرمێسک و ئاکتی مێینانە.

**دوو:** پرسیارەکان ئاگایانەن و لە نەستەوە هەڵدەقووڵێن. سروشتی

پرسیارەکان خۆڕسکیی نین، ئەوەندەی پلان و نەخشەی داڕێژراوی لەپشتەوەیە. ئەمە خاڵی بەهێزی دەقەکەیە کە نووسەر باڵا دەستی خۆی تیا بە خەرج داوە. باکگراوندی نووسەر و بنەماڵەکەیان و جێگاوڕێگای چینایەتی نووسەر لە کۆمەڵگە ئەو دەرفەتەی بۆ نووسەر خوڵقاندووە کە بکەوێتە سۆراغی هەقیقەتە تاڵەکانی ژیان. بۆ ئەم مەبەستەش ئەدەب ئەو مەیدانەیە تا ئەم ئەزموونەی تیا تاقی بکرێتەوە.

**سێ**: پرسیارەکان بە دیوارێک لە ترس دەورە دروان. کارەکتەر بە هۆی کەم تەمەنی لەلایەک و تامەزرۆیی لەلایەکی تر ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی قوورس بۆتەوە تا ئەو بەڵێنە بهێنێتە دی کە بە نەنکی داوە. ئەویش پرسیارنەکردن و ئاقڵ بوون و بێعاری نەکردن و بزێو نەبوونە. ئەم بەڵێنە بۆ ئەوەی لە تامی چوونە (بەهەشت)ی نەکا، جۆرە ترسێک و وریابوونێک لە پرسیار کردن و تەنانەت قسەکردنی (گۆران)یش لە ئارادایە کە بۆتە چوارچێوەیەک بۆ ئازادی ئەو کارەکتەرە. ئەم ترسە ترسێکی جوانە چونکە گواستنەوەی واقیعی تاڵی ژیانی منداڵێکە کە خەون بە خۆشی و جوانییەوە دەبینێت.

**چوار**: هۆکارێک بۆ زانینی زانین و فێربوونی شتە نەزانراوەکان، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکەی چیرۆکی ( نەنکم کەتان) لەنێو دەریای پرسیارکردندا سەوڵ لێبدات. (گۆران) لەم سەفەرەیدا لەگەڵ نەنکی کەتان تووشی شۆک دەبێت و بە نیمچە ڕاستەوخۆیی ئەو شۆک بوونە نیشان دراوە. سەرسوڕمان و ئەبڵەقبوونی کارەکتەر بەهۆی بینینی شتە غەریب و سەیر و نامەئلوفەکانەوە، بەڵگەی ئەوپەڕی بێئاگایی کارەکتەرە لە جیهانێک کە ئاساییە بۆ چینی بورژوازی و لەلای کارەکتەرە کەمان و هاوچینانیشی بەهەشتە بە هەموو

مانای خولیا و ئارەزووەکان.

بەم پێیە دەبینین پرسیارەکان بە ڕێڕەوێکدا گوزەر دەکەن کە پێویستیان بە هەندێ ئاسانکاریی هەیە تا بگەنە شوێنی مەبەست. بۆ ئەم مەبەستەش نووسەر هاتووە تەواوی تەکنیکی خستۆتە خزمەت ئەو ئامانجەوە. شێوازی حیکایەتخوان و گێڕانەوەی چیرۆکەکە تا بڵێی سادە و ڕاستەوخۆیە. ئەم جۆرە ڕاستەوخۆییە گەرچی لەلای نوخبەی ڕەخنەگران و نووسەرانی بورژوازییەوە بە ئاریش ناو زەد دەکرێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لای من هۆکارێکی دواندن و گفتوگۆی نووسەرە لەگەڵ خەڵکانێک کە تا ئێستاش نامۆی بە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی بەرهەمەکانی نوخبە. ئەم خاڵە نەک خاڵی لاوازی نییە، بەڵکو خاڵی بە هێزی لێوە هەستانی نووسەرە بەرەو تێکشکاندنی ئاستەنگەکانی نوخبەی بورژوازی و گەڕانەوە بۆ لای هاوچینەکانی. ئەم ستایلە لە گێڕانەوە ستایلی ڕیالیزمە. دامەزرێنەرانی ئەم مۆدێلە گرەوی سەرکەوتنیان گەڕانەوە بووە بۆ ئینسان. من سەرنجم داوە ستایلی چیرۆکنووس جەلال قادر بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕەگەز و توخمە تەکنیکییەکانی تری ئەدەبی گێڕانەوە، هەر بەوەندە قایل بووە کە ئامانجەکەی بهێنێتە دی، ئەویش گەیاندنی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دەقەکەیەتی بە خوێنەر.

زمانی چیرۆکەکە سادەیە، بێ پێچ و پەنا و بێ گەمەیە. تا ئەندازەیەک لە زمانی سادەی ڕۆژانەی خەڵکەوە نزیکە. ئەمەش یانی نووسەر لە زمانی ئاسایی نووسین لە هەندێ پەرەگرافدا دوور دەکەوێتەوە و پەنا دەباتە بەر شێوازی ئاخافتنی ڕۆژانە و سەرجادە. ئەم جۆرە شیفت گۆڕینەی زمان هەندێجار پێویستن و زۆرجاریش ئاریشەن. چیرۆکنووس ئەگەر هەوڵ نەدات زمانی نووسینی بباتە ئاستێکی بەرز، ئەوا لە ڕێی دەقەکانییەوە ناتوانێ ئەو چێژەی هەیانە

هەواڵنامەی کتێب

ببەخشێت بە خوێنەر. من ئەوەم لا ڕوونە کە زمانی کارەکتەرەکان هەمان زمانی جێوشوێنی کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە. بەڵام ئەوەی من باسی دەکەم خەوشێکە بە نووسینی چیرۆکنووسەوە و پێویستە کاژی لاوازی زمان فڕێ بدات و توانای زمانی نووسینی بەرێتە سەر.

مەغزای چیرۆکەکە هەر بەراوردکردنێکی سادە نییە لە نێوان دوو دونیای جیاوازدا، لە نێوان ئازارستان و بەهەشت، بەڵکو پەنجەخستنە سەر لایەنە شاراوە و جوانییە پەنهانەکانی جیهانێکە کە بۆ حیکایەتخوان وەکو خەوێک وایە و زوو دەبڕێتەوە.

**"لە دڵی خۆمدا وتم: کەواتە لەسەر ئەم زەوییەش خوا بەهەشتێکی داناوە بەس ئێمە تا ئێستا نەماندۆزیوەتەوە."**(٦)

حیکایەتخوان (گۆران)ی منداڵ کە هەر چیرۆکنووسیشە دەسەڵاتی هەبێ لەو بەهەشتە نایەتە دەرەوە. بەڵام هەم ناچاری و هەم پێویستی دەری دەکەنە دەرەوە و فڕێی دەدەنەوە جیهانە پڕ لە قوڕ چڵپاوەکەی خۆی کە تاموچێژێکی تایبەتی بۆ منداڵ تێدایە. ئەو تاموچێژەی کە بەشێکە لە کۆی جوانی و یادەوەری گێڕەرەوە.

سەبارەت بە کورتەچیرۆکی "نەنکم کەتان"" دەتوانم بە کورتی خوێندنەوەی خۆم بە چەند خاڵ نیشان بدەم:

یەک:ستراکتۆری ئەم چیرۆکە لەسەر پرسیارکردن وەستاوە. پرسیار بۆتە پردی گەیشتن بە مەبەست. لەڕێی پرسیارکردنەوە پرۆسەی گەڕان بەدوای زانین و زانیاری و تەقەللای بەدەستهێنانی نهێنییەکانی ژیان دەست پێدەکات. ئەم چیرۆکە هەوڵدانێکە بۆ نیشاندانی جیاوازی چینایەتی کۆمەڵگەی چینایەتی کوردستان و پەنجە خستنە سەر خەون و خولیای مرۆڤە بۆ ژیانێکی باشتر و جوانتر.

دوو: زمانی چیرۆکەکە سادە و ڕەوان و بێ پێچ و گەمەیە. جگە لەو ئاخاوتنە ڕۆژانەییەی (گۆران) ی منداڵ کە دواتر دەبێتە چیرۆکنووس و نەتوانینی تێپەڕاندنی ئەو شێوە ئاخاوتنە لە نووسینی دەقدا. نووسەر وابەستەیە بە نووسینی ستاندارد، بەڵام لەزۆر جێگادا لە زمانی کارەکتەرەکانەوە ئەو وابەستەیە فەرامۆش دەکات و پەنا دەباتەوە بۆ شێوە ئاخاوتنی ڕۆژانەیی یان بازاڕی کە هەندێجار پێویستن و هەندێجاری تریش پێویست نین و دەبنە بار و خاڵی لاواز بەسەر زمانی نووسین.

سێ: بەدەستەوە گرتنی ستایڵی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ پەلکێشکردنی خوێنەر بۆ جیهانی چێژ، گرەنتی دەستڕەنگینی نووسەر نیشان دەدات لە گەیاندنی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی دەق. ئەمە جگە لە هەڵبژاردنی گونجاو و دەستبردن بۆ مەتریالاکانی ڕازاندنەوەی چنینی دەق و بە ڕوون نیشاندانی مەبەستی کۆمەڵایەتی دەق.

چوار: ئینتمای دەق ناکەوێتە دەرەوەی ئینتمای ئایدیۆلۆژیا و هەرچەندە نووسەر ناچار نییە و نەبووە خۆی بە ئایدیۆلۆژییەک ببەستێتەوە. بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە خزمەت بە ئینسان دەکات، لەڕێگەی ئاماژەوە دەیتوانی هەندێ ڕۆشنایی بخستایە سەر پەیوەندی ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان. بەڵام کۆتایی هاتنی چیرۆکەکە خۆی وەڵامی یەکێک لە پرسیارە مێژووییە گرنگەکانە.

پێنج: ئامرازەکانی ڕەخنە و ڕەتکردنەوە لەم چیرۆکەدا بوونیان نییە. بەمەش زیاتر وەکو فۆتۆگرافەرێک کاری کردووە نەک زمانی ئاماژە بکاتە ئەلتەرناتیڤ. مۆتیڤی جووڵەی ڕێڕەوی ڕووداوەکان لەم چیرۆکەدا بە جۆرێکە نووسەر سەربەستی داوەتە کارەکتەرەکان و

بڕوانە لاپەڕی ١٢٤

# گوتوبێژێك لەگەڵ شاعیر و نووسەر عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

سازدانی:

سلیمان قاسمیانی (کاکە)

**سلیمان قاسمیانی: مەشخەڵ کێیە و چۆن لە مەیدانی ئەدەبدا خۆی پێناسە دەکا؟**

***عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ):*** لە پایزی ساڵی ١٩٦٣ لەباشووری کوردستان و لە میانی ئەو کارەساتەی کە بە (حەرەس قەومی) ناسراوە، خانەوادەیەکی کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکووک، بۆ ڕزگاربوون لە هێرشی چەکدارانەی بزووتنەوەی ناسیونال – شۆڤینی حەرەس قەومی (بەعسییەکان یەکەمین سەرەککۆماری ئەوسای عێراق عەبدولکەریم قاسم دەکوژن و



بەسەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف دەسەڵات دەگرنە دەست، هێزێک لەعەرەبەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق بەناوی"حەرەس قەومی" پێکدەهێنن و پەلاماری خەڵکی بێدیفاعی کوردستان دەدەن)، لە گەڕەکی حاشیەنشینی

ڕەحیماوە ماڵوحاڵ جێدەهێڵن و هەڵدێن بەرەو ناوچەی شوان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووک. ئافرەتەکە لە ئان و ساتی منداڵبووندا دەبێ کاتێ ماڵ جێدێڵن. ئیتر بەدەر لە ویست و خواستی ئەو خانەوادەیە،منداڵێک لە ئاوارەیی لەو دەشت و دەرەی شاری کەرکووک و بەتایبەتیش لەنزیک گوندی ساتی لەدایکبوو و ناویان نا (شاخەوان) وەک هێمایەک بۆ لەدایکبوونی ئەو کۆرپەڵەیە لەناو ئەو شاخ و داخە. دواتر هەر لەگوندی ساتی مەلای مزگەوتی ئەو کات، داوا لە باوکی ئەو کۆرپەیە دەکات ناوەکەی بگۆڕێت بۆ (عەبدوڵا) بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کوڕێکی باش و گوێڕایەڵی لێدەربچێت. باوکەش دڵی مەلاکە ڕادەگرێت و قسەی ناشکێنێت و شاخەوان دەگۆڕێ بە عەبدوڵا و ئیتر لەو ساتەوە قەدەری ئەو منداڵە بە عەبدوڵاوە دەست پێدەکات. ئەم عەبدوڵایە لەو خێزانە گەورە و هەژارە گەورە دەبێت و بەردەوام کۆمەڵێ پرسیار مێشکی جەنجاڵ دەکەن لە چەشنی "بۆچی هەژارین؟ بۆچی باوکم خانووی گەورە و جوانی نییە؟ بۆچی باوکم و دایکم خوێندەوارییان نییە؟ ...تاد" ئیتر بیرکردنەوە لەوەی چۆن دەگەین بەبەختەوەری دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لەژیانی ئەم عەبدوڵایە. لێرەوە لەگەڵ هەراشبوون و گەورە بوون، مەسەلەی ئەو بەختەوەرییە تۆختر دەبێتەوە و تا وای لێدێت هەموو ژیانی خۆی لە ڕێگەی جیاجیاوە بۆ تەرخان دەکات. یەکێک لەو ڕێگایانە نووسینە. بەچیرۆک دەست پێدەکات و دەگاتە شیعر و جارجاریش شانۆنامە.من (عەبدوڵا) لەنێو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسیی ناتەندروست و پڕ لە هەیەجان هاتوومەتە دونیاوە. دوا منداڵی خێزانێکی کرێکاریی پانزە نەفەری کە لە خانوویەکی بچووکی قەراغ شاری کەرکووک لەنگەری گرتبوو، گەورە دەبم و گوێ و هەستم بە سیاسەت و نارەزایی سەبارەت بە ژیانی بەشمەینەتی و

فەلاکەتبار دەکرێتەوە. بەهۆی هەژاری خانەوادەکەمەوە لە منداڵییەوە حەز و خولیاکانم دەبنە بڵقی سەرئاو و لەبری ژیانێکی ئاسایی منداڵانە دەبم بە منداڵێکی کرێکار. باوکم کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بوو. هەموو ژیانی گەنجی خۆی لەو کۆمپانیایە توانەوە لە پێناو بەخوێوکردنی ئێمە. ئەو مانگانەیەی وەریدەگرت بەشی ژیانێکی مەمرە و مەژی نەدەکرد. بۆیە هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی مانگەوە بە قەرز لە سەوزوفرۆش و کوتاڵفرۆش و گۆشتفرۆش و دوکانەکانی نێو بازاڕی گەڕەکی ڕەحیماوە پێداویستییەکانی دەهێنا و سەری مانگ کە مانگانەکەی وەردەگرت، قەرزەکانی پێ دەدایەوە و ئیتر بەو جۆرە ساڵ دەگوزەرا و تامەزرۆییشمان بۆ ژیانێکی خۆشتر و حەساوەتر دەچووە سەر. لە ماڵی باوکم هەمیشە باسی سیاسەت بوو. سیاسەتی کوردایەتی. باوکم تابلێی کوردپەروەر بوو. بەپێچەوانەی جێ و شوێنی کە لە گرنگترین شادەماری ئابووری وڵاتی عێراق کاری دەکرد، هەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتی بوو. باوکم دژی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بوو بەتایبەتی ڕژێمی سەدام.باوکم گەلێ شێوازی خەباتکردنی تاقی کردبۆوە و لەڕێکخراوی نهێنی ناو شار کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو گیرسابۆوە.

**سلیمان قاسمیانی: زۆرێک لە نووسەران و شاعیران، هەر لە منالییەوە بە هۆی دایک و باوک یان کەسێکی نزیکیان لە کتێب و ئەدەب و هونەر نزیک بوون و بەو جۆرە بناغەی هەستی ئەدەبی و هونەرییان داڕژاوە. ئایا ئەمە لە گەڵ ژیانی تۆش یەک دەگرێتەوە؟**

***عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)*** : نەخێر لەگەڵ ژیانی مندا یەک ناگرێتەوە چونکە جیهانی منداڵیم، جیهانێکی ئاسایی و نۆرماڵ نەبووە. دونیای منداڵیم ئەتوانم بڵێم

هەواڵنامەی کتێب

دونیای ترس و بەرەنگاری بوو. لەمنداڵییەوە ترس و بەرەنگاری لەگەڵمدا گەورە بوون. هەر ئەم ترس و دۆخە سایکۆلۆژییانەش بوون دواجار فێری موغامەرە و سەرکێشیان کردم کە بەرەنگاری هەوێنی ئەو سەرکێشیانە بوون. ئەتمۆسفیری ماڵی ئێمە ئەتمۆسفیرێکی سیاسیانە بوو. هەر کە چاوم کردەوە باوکم بینی بەدیار شەرە ڕادیۆیەکەوە گوێی دەگرت لە مۆنتیکارلۆ و ئیسرائیل و لەندەن. باوکم گەرچی زمانی عەرەبییەکەی زۆر باش نەبوو بەڵام هەستە کوردایەتییەکەی هێندە پتەو و بەهێز بوو کە ئێمەی پێ گۆش کردبوو. من بەپێچەوانەی زۆرێک لە نووسەران کە کەشوهەوای ماڵەوەیان ئەدەبیی بووە یان کتێبخانەیەکی بچکۆلەیان هەبووە یان کەسێکی نزیکیان کتێبی بۆ هێناوە و خوێندوەتەوە، کەشوهەوای ماڵی ئێمە زۆر دوور بوو لە ئەدەب و تەژی بوو لەسیاسەت. لێرەشەوە من بۆ ئەوەی بتوانم وەڵامی پرسیارەکانی خۆمم دەست بکەوێت ناچار بووم دەست بە خوێندنەوە بکەم. دەیەی حەفتاکان بۆ من دەیەی ئاشنابوون بوو لەگەڵ کتێب. هەرچەندە هەژاریی خانەوادەکەم ڕێگر بوو لەبەردەم کڕینی کتێب، بەڵام بەو گەنجییە شانم دابووە بەر کرێکاری. کە هەم دەمتوانی یارمەتی خانەوادەکەم بدەم و هەمیش گیرفانی خۆم بەتاڵ نەبوو و دەمتوانی چ کتێبێکم پێخۆش بێت، بیکڕم. پاشان لەڕێگەی کتێب و خوێندنەوەوە بەرەو نووسین هەنگاوم نا. دەستم کرد بە چیرۆک نووسین و پاشان بەرەو شیعر وەرچەرخام. تا ئەم ساتەش کە وەڵامی ئەم پرسیارانەی ئێوە دەدەمەوە من شیعر و ڕەخنە و شانۆنامە دەنووسم.

**سلیمان قاسمیانی: یەکەم شیعرت کەی هاتە دونیا؟ چۆن بوو ڕووت کردە شیعر بۆ دەربڕینی شیعر؟**

*عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):*

ڕاستی بیرم نایەت کەی یەکەم شیعرم نووسیوە، چونکە ئاسان نییە بزانم و بیرم بێت ئەو شیعرە سەرەتاییانەی کە نووسیومن بتوانم بە یەکەمین شیعری خۆمیان دابنێم. من زۆر گەنج بووم کە دەستم کرد بە خوێندنەوە و نووسین.لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و بەتایبەتیش لەساڵی ١٩٨١ کەدەستم دایە شیعرنووسین ئەتوانم بەم شێوەیە خۆم بخوێنمەوە. **یەک:** ئەوسا من شاعیر نەبووم و لەشیعریش نەگەیشتبووم. **دوو:** وەک هەرزەکارێک حەزم لەناو و ناوبانگ بوو. **سێ:** حەزم ئەکرد بەشیعر بیروباوەڕی کوردایەتی خۆم بخەمە سەر کاغەز(چونکە ئەوکات منی هەرزەکار بیروباوەڕی کوردایەتی بەتەواوەتی سێبەری خستبووە سەر بیرکردنەوەم). ئەوڕۆژگارە هەرزەکارێکی حەقدە ساڵان بوومو ڕۆژ نەبوو شیعرێک یان دووان نەنووسم. دیارە بەدڵنیاییەوە ئەوەی لەو سەردەمەدا ئەمنووسی جگە لە وشەڕیزکردن و وڕێنەی هەرزەکارێک هیچیتر نەبوون. ئیتر ئەوەندەی خەریکی شیعر ئەبووم خەریکی وانەکانی قوتابخانەم نەدەبووم.

شیعرەکانی ساڵی ١٩٨٢ م بەبەراورد بەساڵی ١٩٨١بڕێک باشتر و قووڵتر بوون. لەگەڵ قاڵبوونەوەی زیاتر و ناسینی زیاتری شیعر وردە وردە هاتمە سەر ئەوەی خۆم لە قەرەی بڵاوکردنەوە بدەم. ئەوە بوو کەوتمە ناردنی شیعر بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان. یەکەمین شیعرم بەناوی (دەنگێ لە مەهابادی خوێناوییەوە)لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو بۆوە. پاشانیش لە گۆڤارەکانی بەیان و کاروان شیعرم بڵاو کردەوە. ئەمە جگە لە ساڵەکانی ١٩٨٣ و١٩٨٤ و ١٩٨٥ بەشداری چەندین کۆڕی شیعریم کرد و شیعری خۆمم ڕوو بەخەڵک خوێندەوە. من دڵنیا نیم کە بۆچی لە چیرۆکەوە بەرەو نووسینی شیعر وەرچەرخام، بەڵام پێموابێ

یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە وامدەزانی گوزارشتکردن لە بیروباوەڕی سیاسی لەڕێگەی شیعرەوە ئاسان بێت وەک لە ژانرەکانی تر، بەڵام دوایی زانیم کە ئاسان نییە و قورسە و گرانە.سەربارى ئەمەش ئەوکات نووسینی شیعرم ئاسان دەهاتە بەرچاو و هەروەها پێشم وابوو شیعر کاریگەرترە و زۆرترین کاریگەریی لەسەر هەست و هۆشی خوێنەر یان بیسەر جێدەهێڵێ. بەڵام یەکەمین شیعری کرێکاریم بەشێوەیەکی ئازادانە و دوور لە هەر سانسۆرێک لە گۆڤاری (ڕابەر) ژمارە یەک، حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ کە (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) بوو،بڵاوی دەکردەوە، هاتە وەشاندن.

**سلیمان قاسمیانی: باسی گۆڤاری (ڕابەر) و (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)ت کرد. ئەو گۆڤارە چۆن هاتە بوون و ئەو حەلقەیە چی بوو؟ چ ئەرکێکی لەسەر شان بوو؟ کەی دامەزرا و چ کارێکی ئەنجام دا؟ کێ دایمەزراند و دواتر چی بەسەر هات؟**

***عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):***
زۆرم پێخۆش بوو ئەم پرسیارەت کرد، چونکە مێژوویەک لە تێکۆشانی ئەدەبی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چ ئاگایانە یان بێئاگایانە لەلایەن بەناو خەمخۆرانی مێژووی چەپی نوێ لە عێراق خەریکە دەخرێتە نێو بازنەی فەرامۆشییەوە. لەلایەکی تریشەوە دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست گەرچی هەموو لەژیاندا ماون، بەڵام جگە لە من کەسی تر نە داکۆکی لەو حەلقەیە دەکات و نە ئەو مێژووەشیان بۆ گرنگە. ئەوان ئێستا خەریکی کاسبییەکی ترن و ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبێت ئەدەبی کرێکارییە.

لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتەکانی سەدەی ڕابردوو بزووتنەوەی

عەوالنامەی ژین

چەپی نوێ لە کوردستانی عێراق تازە کەوتبووە جووڵە و دەنگ هەڵبڕین. گەرچی دەنگەکان زۆربەیان ناشاز و لێڵ بوون، بەڵام ئەو جووڵەیە بەردەوامی بە خۆوەگرت و نەوەستا. ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستانی عێراق گەلێک سیفات و تایبەتمەندی لە خۆ هەڵگرتبوو کە باس کردنیان لێرەدا بە شیاو نازانم. ئەوەی زیاتر ئەمەوێت لای لێبکەمەوە، گۆڤاری "ڕابەر" و "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست "ە کە وەک بەشێکی جیانەکراوەی بزووتنەوەی چەپی نوێی باشووری کوردستان، خەریکە وەکو ئەو دەیان ڕێکخراوەی لێ بێ کە لە بزووتنەوەکە بێ سەرو شوێن بوون و کران و تەنیا لە بیرو ویژدانی نەوەیەک لە هەڵسوڕاوانی چەپدا ماون. لە ناوەڕاستی هەشتەکان لە کاتێکدا بزووتنەوەی چەپی نوێ لە کوردستانی عێراق (باشووری کوردستان) لە لایەکەوە بە توندی لە ژێر کاریگەری و کارکردنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەدەب و فەرهەنگی ئەو حیزبە بوو، بەتایبەت "کانوونی هونەرو ئەدەبی کرێکاری کوردستان"، لە لایەکی تریشەوە بوونی بۆشاییەکی گەورە لە مەیدانی نەبوونی فەرهەنگێکی ئینسانی و پێشکەوتووخواز، ئەمە دوو هۆکاری سەرەکی و زەمینەی دروست بوون و پێکهاتنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو کە لە حوزەیرانی ساڵی١٩٨٧دا لە شاری هەولێر پێکهات. دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئەم بەڕێزانە بوون: **جەماڵ کۆشش** کە سەرەتا بە "شۆڕش هیومانست " دەستی پێکرد و بەرهەمی بڵاوکردەوە، **عەبدوڵا سلێمان** (مەشخەڵ)، **نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد** (هۆشەنگ). لە کۆبوونەوەکانی سەرەتادا بڕیار درا گۆڤارێک یان ئۆرگانێک دەربکرێت بە ناوی "ڕابەر". حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەیاننامەی مەوجودیەتی خۆی لە حوزەیرانی ١٩٨٧ دا بڵاوکردەوە و

عەوالمەی کتێب

یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (ڕابەر) هەر لە ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاوبۆوە. حەلقەکە زۆر بزێو بوو.سەرباری بڵاوکردنەوەی چەندین بەرهەمی ئەدەبیی و ڕەخنەیی، هەوڵی دەدا دیدگای سیاسی خۆی بڵاوبکاتەوە و سنووربەندیش لەگەڵ ڕێخراو و حەلقەو گروپەکانی ئەو کات بکات. بەم کارە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست تا دەهات لە ئەرک و مەهامە سروشتییەکانی خۆی دوور دەکەوتەوە و مەیلی سیاسیشی تا دەهات نزیک و نزیکتر دەبۆوە لە ڕێخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. لێرەوە کێشەی دەروونی لە حەلقەکە پەیدا بوو لە نێوان هۆشەنگ لە لایەک و جەماڵ کۆشش و عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە لایەکی تر. تا پاش چەند کۆبوونەوە و شیکردنەوەی دۆخی سیاسیی، وا بەباش زانرا حەلقەکەش وابەستەیی سیاسی خۆی بۆ ڕێخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ڕابگەیێنێ. ئیتر لە ژمارەی پێنجی گۆڤاری ڕابەر بە دواوە تا ژمارە یانزە واتە لە ١٩٨٨ ەوە تا ١٩٩١ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ڕێکخراوێکی ئەدەبیی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لە عێراق، بوو ڕێک وەک چۆن کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو.

**سلێمان قاسمیانی: دەکرێ کەمێک زیاتر سەبارەت بە ڕای خۆت لە سەر کاری حەڵقەکە بدوێی؟**

***عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):*** بەڵێ کاتێ حەلقەکە پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە، توانی تەکانێکی باش بدات بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و لەهەمان کاتیشدا توانی پاڵپشت و پشتیوانییەکی فراوان لەئاستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەدەست بهێنێت. بیریشمان نەچێت گۆڤاری ڕابەر تایپ نەدەکرا، بەڵکو بەدەست دەنووسرایەوە و بڵاو دەکرایەوە. لەو سەردەمە ١٩٨٧ – تا ١٩٩١ جگە لە گۆڤاری ڕابەر بزووتنەوەی

کۆمۆنیستی لە عێراق لە هیچ گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی و هونەری بەهرەمەند نەبوو. هەر بۆیەش ژمارەیەکی زۆر ئەدیبانی کۆمۆنیست لەدەوری حەلقەکە کۆبوونەوە. ئێمە توانیمان یانزە ژمارە لە گۆڤاری رابەر دەربکەین لەگەڵ ژمارەیەک پاشکۆ. مێژووی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، مێژوویەکی جوان و پرشنگدارە و لێوانلێوە لە خەبات. من هەوڵ دەدەم لە چەند خاڵدا ڕاو بۆچوونی خۆم سەبارەت بەکاری حەلقەکە دەردەبڕم.

**یەک:** حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەڵگری هەمان سوننەت و شێواز و کارکردی بزووتنەوەی چەپی کوردستانی عێراق بوو. لەیەک کاتدا هەم کاری سیاسی و هەم کاری ئەدەبی و هونەری ئەنجام دەدا. خودی ئەم تێکەڵییەش بۆ خۆی ناڕۆشن بوونی دیدگای هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو سەبارەت بە ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی و ڕێکخراوی سیاسیی. ئەم تێنەگەیشتنە کاریگەری سلبی یان نێگەتیڤی هەبوو و تەنانەت هەندێک لە شاعیر و نووسەرانی ئەو کاتی بزووتنەوەی چەپی کوردستان، هەڵوێستی بەرەنگارییان وەرگرت لە بەرامبەر گۆڤاری "ڕابەر" و "ڕێکخراوی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست".

**دوو:** مەسەلەی تەوەرە سەرەکییەکانی خەباتی گۆڤاری "ڕابەر" و "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" کە خۆی لە "شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی واقعییاتی سۆشیالیستی" و "ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی" و "ئیستاتیکا" دا چڕ کردبۆوە. سەرباری هەنگاوی جدی و باش بۆی، بەڵام تاحەددێک بەهەدەردانی بەشێک لە وزە و تواناییەکانی حەلقەی ئەدیبان بوو بەم کێشانە کە لە ڕاستیدا گرفتی سەر ڕێگای ئەوسای ئێمە نەبوون.

**سێ:** خودی ململانێی نێوان

ئەندامانی حەلقەکەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەسەر وابەستەیی سیاسیی حەلقەکە و گۆڤاری ڕابەر و پاشان لەسەر مەسەلەی دەق و خوڵقاوی ئەدەبی و هونەری لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تێگەیشتنی دروستمان نەبوو لەسەر کارەکانمان، هەڵسوڕاویمان، مەسەلەی دەق و ئیبداع، سوود وەرگرتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە بەبڕوای من هۆشەنگ لەبەشێک لە تێڕوانینەکانیدا دروست بوو.

**__چوار:__** گرتنەبەری شێوازی سیاسیی لە نووسینی ڕاپۆرت بۆ کۆبوونەوە و پلینیۆم و کۆنگرە بەتایبەت بۆ حەلقەیەکی ٢-٣ کەسی، خۆی گەورەکردن و زهنگەرایی حەلقەکە بوو لە بواری ڕێکخستن و ئارایشتدانی خۆی و دەوروبەری.

**__پێنج:__** بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "ڕابەر" بەدەستنووس و لە موحیتێکی زۆر بەرتەسکدا (بە لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتی ئیستبدادی بەعس لەو سەردەمە)، کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو بەسەر کۆکردنەوەی ئەدیبان و نووسەرانی چەپی ئەو کات.

**__شەش:__** لەگەڵ هەموو ئەم خاڵانەی کە باسمان کرد،گۆڤاری "ڕابەر" و "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە مێژووی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستانی عێراق دەمێنن و توانیان گەلێک هەنگاوی جددی هەڵگرن لە بردنەپێشەوە و پتەوکردنی بناغەی ئەدەبێک کە ئێستا بە شانازییەوە پێی دەڵێین "ئەدەبی کرێکاریی".

**سلیمان قاسمیانی: شیعر بە لای تۆوە چییە؟ چۆن دەڕوانییە فۆرم و ناوەرۆک"؟**

***عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ):*** تا ئێستا گەلێ پێناسەی جیاجیای شیعرم بەرچاو کەوتووە و گەلێ




سەوزی پڕ لەبەختەوەریم لەئامێز گرتووە. بەڵام لەگەڵ هەرچی دەستوپەنجە نەرمکردنی زیاتر و قووڵبوونەوەی زۆرترم لەم تەلیسمە، زیاتر و زیاتر وەکو گۆمێکی بیبنم دەهاتە بەرچاو کە هەرکەسێک لەلایەکەوە بەردێکی تێدەهاوێ و هەریەکەش بەجۆرێک گوێی لە شڵپەی بەرد تێهاویشتنەکەی دەبێ و هەریەکەش بە شێوەیەک بازنە یەک لەدوای یەکەکانی بەرد تێهاویشتنەکەی دەبینێت.

ڕەخنەگر و شاعیر هەریەک لە گۆشەنیگای خۆیانەوە و بەپێی جێوشوێنی چینایەتیان، کەم تا زۆر خۆیان لەقەرەی ئەم پێناسە سەختە داوە. بەڵام بۆ من کە لەسەرەتای هەشتاکاندا کە دەستم بە شیعر نووسین کرد، پێم وابوو ئاسانترین نێچیرم ڕامکردووە و پێدەشتێکی

بۆ من ئێستا جێی مەبەستم نییە لەڕستەیەکی کورتدا بڵێم شیعر چییە، بەڵام زۆرم مەبەستە بڵێم پێم وابوو ئەوکات لەهەق شیعر دێم و دەتوانم قۆرخی بکەم. دواجاریش ئاڵوگۆڕە یەک لەدوای یەکەکانی تێگەیشتنم بۆ شیعر و ماهیەتی شیعر، ئەو ڕاستییەی لا

بەرجەستە کردمەوە کە شیعر پەناگەیەکە دەتوانم لێوەی دەست بۆ هەست و نەست بەرم، دەست بۆ ئەو ئامرازە بەرم کە پابلۆ نیرۆدا وتەنی چەکی دەستمە لە خەبات دژ بە چەوسانەوەی بۆرژوازی. بە تێگەیشتنی ئەمڕۆم بۆ شیعر دەبێ خەسڵەتە چینایەتییەکەی دیاری بکەین. بۆیە بەنسبەت منەوە ئەو شیعرەی کە دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەم شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕانەیە.بەم پێیە شیعری شۆڕشگێرانە لەدیدی منەوە شیعری ئەو لەشکرە لە بەرهەمهێنەرانە کە چەرخی کارگەکان دەسوڕێنن. شیعری شۆڕشگێڕانە شیعری کرێکارییە، شیعری جیهەتگیریی کرێکارییە. شیعری شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی، شیعری بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەیە..شیعری نیشاندانی ڕووە دزێو و جوانەکانە، شیعری هێرش و ستایشە. شیعری ڕادیکاڵی کرێکاریی لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی چینی کرێکار و خەبات و تێکۆشانی ئەو چینە لە دژی چینی سەرمایەدار سەرهەڵدەدا و گەشە دەکا. واتە شیعری کرێکاریی شیعری ژیان و خەباتی چینی کرێکارە، چیرۆکی نەبەردە چینایەتییەکانی کرێکارە لە دژی بورژوازی و دامودەزگاکانی سەرمایەداری. کێرڤی ڕوو لە پێشی شیعری کرێکاریی لەگەڵ ڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکار بەرز و نزم دەبێتەوە. باری ناهەمواری ژیانی کرێکاران، سەعات کاری زۆر، کرێی کەم، نەبوونی خزمەتگوازی کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان، نائەمنی شوێنی کار، ناڕێکخرابوونی کرێکاران، نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان و هەروەها نەبوونی ئامرازەکانی خەبات لە چەشنی مانگرتن و نارەزایی بە تاک و بە کۆمەڵ، خۆپیشاندان، تا دەگاتە خەباتی چەکداریی و شۆڕش، ئەمانە کۆی بەدەنەیەکی گەورەترن لە ئیرادەیەکی تۆکمە بۆ دەرخستنی ئایدێندتی خەبات و ئینجا شیعری چینایەتی کرێکار. بەرهەمی ئەدەبی

کرێکاریی لێرەوە پێناسەی خۆی دەکات و سنووربەندی لەگەڵ ڕەوت و ڕێبازە ئەدەبییەکانی بورژوازی دادەنێ. شیعری کرێکاریی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکارە، هەوڵیش دەدات لەژێر سێبەری خەباتی کرێکاری لەسەر ئەو ئایکۆنانە کار بکات کە ڕۆڵیان هەیە لەبردنەپێشەوەی خەباتی چینایەتی."ئەدەبی شۆڕشگێڕانە چەکێکە لە ململانێی چینایەتی و لەسەریەتی کار لە هۆشیاری خوێنەرانی بکات بەرەو چالاکی ڕاستەوخۆ و لەوێشەوە بەرەو هەڵوێستێکی نوێ دەربارەی ژیان. بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە خەباتی چینایەتیدا بناسێتەوە. نابێ کاتێ باسی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی شیعر دەکەین، مەسەلە تەکنیکییەکانمان بیر بچێت، نابێ بایەخی زمان فەرامۆش بکەین. نابێ خەیاڵ وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی کرداری شیعر بخەینە لاوە. کردەی شیعر بەهیچ شێوەیەک گەمەی زمانەوانی نییە تا سەر لە خوێنەر بشێوێنرێ و نووسەریش باڵادەستی ئەدەبیی و زمانەوانی خۆی لەڕێگەی گەمەیەکی ناشیرینەوە ئەنجام بدات. زمانی دەقی شیعریی دەبێ بێ گرێ و گۆڵ و سفت و سادە و بەهێزبێت لە گەیاندنی مەبەستی نووسەر. بە بۆچوونی من شیعر بە هیچ شێوەیەک ئیلهام نییە، بەڵکو کاریگەری واقیعە لەسەر هەست و نەستی ئینسانەکان. ئینسانەکانیش وەکو دژەکردارێک لە بەرانبەر ئەو کاریگەرییە دێن گوزارشت لەو واقیعە دەکەن و بە ئاستی جیاجیا پەیوەندی خۆیان و واقیع نیشان دەدەن، کە تا چ ئەندازەیەک ئەو واقیعەیان قەبوڵە یان ڕەتی دەکەنەوە. پێویستی بەکاربردنی دەستەواژەی ئیلهامیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە شاعیران هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن خۆ لە خەڵک دابڕن و جیا بکەنەوە. بە وتەیەکی دی ئیلهامبوونی شیعر برەودانە بە نوخبەوییەت، ئەمەش ڕەگی چینایەتی خۆی هەیە و ئاو لە ئایدیۆلۆژی بورژوازیی دەخواتەوە. بۆیە ئیلهامی شیعریی هیچ پەیوەندییەکی بە شیعری

ڕادیکاڵ و کرێکارییەوە نییە و ئەم دەستەواژەیە لە فەرهەنگی ڕادیکاڵی کرێکاریدا هیچ جێگایەکی نییە و خۆ ئەگەر ناهۆشیارانەش بەکاربهێنرێت ئەوا جگە لە تەقلیدێکی بورژوازیانە هیچی تر نییە.

## سلیمان قاسمیانی: چۆن دەڕوانییە فۆرم و ناوەڕۆک لەشیعردا؟

***عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ):***

پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک لەهەر کارێکی ئەدەبیی یان هونەریی پەیوەندییەکی دیالەکتیکی توند و تۆڵە. هیچ دەقێکی ئەدەبی بەبێ فۆرم و ناوەڕۆک بوونی نییە و ناتوانی هەبێت. دوو بۆچوونی بەربڵاولەسەر فۆرم و ناوەڕۆک ساڵانێک پانتایی ڕەخنە و لێکدانەوە ئەدەبییەکانی ڕێباز و قوتابخانە جیاجیاکانیان گرتبۆوە. ئەو ڕێباز و قوتابخانانەی کە پێیان وابوو و وایە فۆرم ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە دەقی ئەدەبی و بە پلەی یەکەم دێت لە چەشنی فۆرمخوازی و بونیادگەرایی و ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە و داهاتووگەرایی کە هەندێکیان لەژێر سێبەری پۆستمۆدێنیزمدا پۆلینبەند دەکرێن. لە بۆچوونی بیرمەند و تیوریستی ئەم قوتابخانە و ڕێبازانە ناوەڕۆک دەبێ لە خزمەت فۆرمدا بێت. وەک خانمە نووسەری ئەمریکیی کریس کراوس دەڵێ (کاتێ فۆرم بوونی هەبوو هەموو شتێک لە چوارچێوەیدا جوان هەست پێدەکرێ). فۆرمالیستەکان پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک وەک پەیوەندی نێوان هۆ و ئەنجام دەبینن. لای ئەوان هۆ ناوەڕۆکە و ئەنجامیش فۆرمەکەیە. لە دوا دەیەی سەدەی نۆزدەهەمیش ئۆسکار وایڵد پێی وابوو کە دەکرێ فۆرم و ناوەڕۆک لێک جودا بکرێنەوە. ڕێبازە ئەدەبییەکانی تر وەکو بونیادگەرایی و هەڵوەشاندنەوە و دەروونناسی و مێژووگەرایی و تەنانەت پۆست بونیادگەراییش سەنگەربەندی

هەواڵنامەی کتێب

خۆیان لەگەڵ سۆسیۆلۆژیای مارکسیزم ڕاگەیاندووە و ئەوان هەر لەسەر ئەو مانیفێستە دەڕۆن کەبەرژەوەندی چینایەتی بۆرژوازی دەپارێزێ لەبەرامبەر بەرژەوەندی زۆربەی بەرهەمهێنەرانی کۆمەڵگە. ڕێبازی شیکردنەوەی دەروونی لەوەش واوەتر دەڕوات و ناوەڕۆک دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر، ئەوانیش مانیفێستی ناوەڕۆک و ناوەڕۆکی نادیارن. هەرچی قوتابخانەی مارکسیزمە، دژایەتی سەرجەم جۆرەکانی فۆرمخوازی دەکات.ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی یان دروستتر بڵێم بۆچوونی (مارکسیزم) پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا دەبینێ. فۆرم لە بۆچوونی مارکسیزم لە گشتییەتی خۆیدا بریتییە لە پەیوەندی مرۆڤ بە کۆمەڵگە و مێژووی کۆمەڵگەوە. ڕێبازی نووسەرانی مارکسیستی و هەروەها ئەوانەی سەر ڕیالیزمی سۆشیالیستیش بەپێچەوانەوە ئەو پەیوەندییە دەبینن. ئەمان پێیان وایە دەبێ فۆرم لە خزمەت ناوەڕۆکدا بێت. سامۆئێل جانسن پێی وایە زمان بەرگی بیر و بۆچوونەکانە و ئەرکی فۆرمیش جوانترکردنی ناوەڕۆکە. خودی کارڵ مارکس پێی وابووە کە کاری هونەریی پێویستە کەشفی زیندویتی فۆرم و ناوەڕۆک بکات. هیگڵ دەنووسێ (هەموو ناوەرۆکێکی دیاریکراو، فۆرمی بەخۆی دیاری دەکات). ڕەخنەی مارکسیزم هەوڵ دەدات پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک بپارێزێت و لە کۆتاییشدا هەمیشە شکاندنی بەلای ناوەڕۆکدا لەهەناو هەڵگرتووە. لیۆن ترۆتسکی لە کتێبی (ئەدەب و شۆڕش ١٩٢٤) دا وای دەبینێ کە فۆرم لەژێر فشاری پێداویستییە نوێکانی داواکاری سایکۆلۆژیی، کە وەک هەر شتێکی تر خاوەن یاسای کۆمەڵایەتییە، شکڵ دەگرێ و گەشە دەکات. کەچی فریدریک جێمسن لە کتێبی (مارکسیزم و فۆرم ١٩٧١) دەنووسێ فۆرم کارێکە تەنها بۆ ناوەڕۆک و لە بواری سەرخاندا

ئەنجام دەدرێ. جۆرج لۆکاشیش ئاماژە بەوە دەکات کە مارکسیزم پێداگری لەسەر ناوەڕۆک دەکات. بۆیە ڕەخنە لەو نووسەرانە دەگرێت کە بایەخی سەرەکییان بە فۆرم و ئەزموون دەدەن. بۆیە شاعیرانو ڕەخنەگرانی بۆرژوازی فۆرم بە پلەی یەک دەبینن و نووسەرانی مارکسیستیش بەپێچەوانەوە فۆرم تەنها بۆ خزمەتی ناوەڕۆک بەپێویست دەزانن. من وای دەبینم کە دەقی شیعریی وەک چۆن هەڵگری ناوەڕۆکێکی ئینسانانەیە، بەو دەرەجەیەش دەبێ لە فۆرمێکدا بەیان کرابێ کە کاڵا بێ بەباڵای ئەو ناوەڕۆکە. نابێت دەقی ئەدەبیی ئێمە وەک دەقی شۆڕشگێرانە بێبەش بێت لە فۆرمی باڵا. ئێمە دەبێ بەپێی تواناکانمان ناوەڕۆکی باڵا لە فۆرمی باڵا و بەرزدا نیشان بدەین. ئیتر ئەمە لانی کەمی گەیشتن بەو سەرزەمینەیە کە دەتوانین ناوی داهێنانی لێ بنێین. دەق و بەرهەمی نووسەرە بەتواناکانی کرێکاران وەکو مەکسیم گۆرکی، سابت ڕەحمان، ئەمیل زۆلا، جاک لەندەن، تاکیجی کۆبایاشی، فیدریگۆ گارسیا لۆرکا. پابلۆ نیرۆدا، نازم حیکمەت و زۆرێکی تر لەو سەرزەمینەوە سەرەتاتکێمان لەگەڵ دەکەن و بانگمان دەکەن بیان خوێنینەوە.

**سلیمان قاسمیانی: زمان لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شیعرە. ئایا پێت وایە زمانی شیعر پێویستی بە گۆڕانکاری و بەڕۆژکردن هەبێ؟**

***عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):***
بەدڵنیاییەوە زمان یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شیعر. زمان ناتوانێ لە دۆخێکی تایبەت و چەقبەستوودا بژیت. زمانی چەقبەستوو زمانێکی مردووە. سروشتی زمان بەگشتی سروشتێکی دینامیکی هەیە و بەردەوام لە جووڵەدایە. زمان ناتوانێ لەبەردەم باهۆزی گۆڕانکارییەکاندا بێهەڵوێست بێت و خەریکی خۆ تازەکردنەوە نەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

دۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەهەر قۆناغێکی گەشەسەندنی مێژووییدا ئاستێک لە زمان و وشەی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێ. تۆ چاو لێبکە لە قۆناغی فیوداڵیدا وشەگەلی وەک (جۆخین، سەپان، درەو، گێرە، شەغرە، جووت، جەنجەر، خەرمان، مێگەل، شوان،گەوەڕ،لالە، قووتیلە، گوێسوانە، مەشکە، کونە، مەرکانە، شەربە، گۆزە، دەستاڕ، بێژنگ، سەرەند، کادان، ساج، بەرانپیل، دیوەخان، چارۆکە، شەنە، هاوەن،...تاد) برەویان هەبووە و بەردەوام ڕۆژانە بەکارهاتوون، کەچی لەمڕۆدا ئەو وشانە بەکار نایەن و بوونەتە بەشێک لە دیرۆکی زمان. ئەمڕۆ زمانە زیندووەکان بەردەوام و ڕۆژانە وشەی نوێ دێننە بوون. دەزگا ئەکادیمییەکان و شارەزایانی زمان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەردەوام لە هەوڵدان وشەی نوێ وگونجاو دابهێنن. بۆ نموونە زمانی ئینگلیزیی ڕۆژانە وشەی تازە لەڕێگەی “ Word of the day” ەوە ئەو وشە نوێیانە دەخاتە نێو زمانەی ئینگلیزییەوە کە دادەتاشرێن. کۆمەڵگە و زمان لێکهەڵپێکراون و گەشەی کۆمەڵگە، گەشەی زمانی بەدوادا دێت. واقیعیەتی کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا، وەکویەک نین. ئەمڕۆ سەردەمی مۆبایل و ئەنتەرنێت و سەتەلایتە و بێگومان شیعری موبایل و فەیسبووکەشیعر دێنێتە بوون و هەروەها دەیەها وشەی نوێ دەچێتە نێو کایەی ئەدەب. زمانی شیعریش پێ بەپێی گەشەی زمان دەگۆڕێ و وشەی تازە لەگەڵ خۆیدا نمایش دەکات. ئەم ڕەگەزە گرنگە لە شیعری کوردیدا ناتوانێ بەهەمان کەرەسەی ڕابردوو هەناسە بدات. بە چاوگێڕانێکی خێرا بە زمانی نووسینی کتێبە چاپکراوەکانی چوار پێنج دەیە بەر لە ئەمڕۆ لەگەڵ زمانی نووسینی کتێبە تازە چاپکراوەکانی دەزگاکان، دەبینین زمانی کوردی چ لەڕووی داڕشتن و چ لەڕووی ڕێنووس و چ

عەوالنامەی کتێب

لەڕووی وشە و موفرەداتی بەکارهاتووەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە. جا ئەگەر زمان نەتوانێ ئەو ئاڵوگۆڕە پێویستە لە خۆیدا نیشان بدات، مانای وایە لە مردن نزیک دەبێتەوە. سەمیۆلۆژی کە جێگە و ڕێگەی زمانە لە کاروباری ڕۆژانەی ئینسانەکان لە کۆمەڵگە، وەک کارەکتەرێکی چالاک لەنێو کایەی زانستی زماندا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لەنێو ژیانی ڕۆژانەی ئینسانەکاندا دەبینێ لە بەڕۆژکردنی زمان و لەگەڵیشیدا زمانی شیعریی. زمانی شیعریی بەپێی سیستەمی سەمیۆلۆژی دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی کایە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەم کارتێکردنەش لەنێو کۆمەڵگە و ژیان بەبێ هاوسەنگی نایەتە بوون. کارتێکردنەکانیش تەریبن بەیەکتر. چەند کارتێکردنەکە زیاتر بێت، گەشە و ئاڵوگۆڕ لە زمان و زمانی شیعریش دا خێراترو زیاتر دەبێت.

**سلیمان قاسمیانی: بەڵام لیرەدا باسی هەڵاواردنی زمان لە وشەی کۆنەپەرستانە، دواکەوتوانە و نامرۆڤانە بە گشتی و دژ بە ژن بە تایبەتی بەتاڵە. تۆ لە بارەی وشەی وەکوو "پەککەوتوو"، "شەڵ"، "کوێر" بۆ مرۆڤی هەندیکاپ چی دەڵێی؟ ئەم وشانە نوقسانەکە دەخەنە شەر شانی مرۆڤە بێ قاچەکە و پێی دەڵێ شەڵ و گێڕ و پەککەوتوو لە کاتێکدا کە لە ولاتێکی وەکوو سوید، بە کەسی بێ قاچ ئیتر نالێن بێ قاچ بەلکوو، "کەسێک کە ڕێگەی هەڵسووڕانی لێگیراوە"، واتە خەتایەکە لە سەر مرۆڤەکە لادەبا و دەیخاتە سەر کۆمەلگا کە "ڕێگەی هەلسووڕانی بۆ دابین بکا".**

***عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):***

زمان سەرباری نواندنی ڕووە جوان و گەشەکەی، ڕووە دزێوەکەشی کەهەر خوڵقاوی دەستی مرۆڤە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان خاوەن چالاکی تایبەت بە خۆیەتی. لێرەدا ڕێم بدە




هەواڵنامەی کتێب

برێک بچمە ناو باسەکەوە. گومانیشی تێدا نییە کە ناولێنانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەکان پەیوەستە بە کلتووری کۆمەڵایەتی و ئاستی ژیاریی ئەو کۆمەڵگەیە. هەر کۆمەڵگەیەک هەندێ نەریت و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە لە پەیوەست بە ناونان. لە وردبوونەوە لەناو و پشگر و پاشگرەکانی ناو دەتوانین جێ و ڕێی کلتووری باڵا دەست لەو کۆمەڵگەیە ببینین. ئەوەی جێی ڕامانی ئەم کورتە ڕوانینەیە ئاوڕدانەوەیە لە کلتووری ناونانی کوردیی بە پاشگرو پێشگرەکانییەوە. دیارە ئاشکرایە ناونان بەخشینی ئایدێندتییە بە مرۆڤ، چوارچێوەیەکە مرۆڤ و ڕەفتارەکانی تێدا قەتیس دەبێ. بەڵام لەپاڵ ئەم ئایدێندتییە هەندێ پاشگر و پێشگر دەنووسێنرێنە ناوەکانەوە کە کاریگەرییان هەیە لە شێواندنی ئەو ئایدێندتییە و تەنانەت ئەو کاریگەرییە ڕۆدەچێتە

ناو ناخی مرۆڤەکان و دەبێتە هۆی دیاریکردنی ڕەفتار و ڕێڕەوی ژیانیان. بەتایبەتیش پاشگرە نێگەتیڤەکان لەناونانی کوردیی کە لە سەرێکەوە دەبنە هۆی ڕووشاندنی شکۆی ئینسانیی کورد و لەلایەکی تریشەوە دەبنە هۆی پێبەخشینی جێگەیەکی نەشیاو و نا گونجاوی کۆمەڵایەتیی. ئەم دیاردەیەش کە کلتوورێکیی دێهاتی – ناشارستانیی کە ڕەگە مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی فیودالیی، لە پشتییەوە وەستاوە، جێگای ڕەخنە و ڕەتکردنەوەیە. پەنجەخستنە سەر ئەم دیاردەیە و نیشاندانی جۆرەکانی و هەژمونی کلتووریی دواکەوتوو لە بەهێزکردنی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ-پۆلەتیکانە هەیە پێش ڕۆچوونە ناو باسەکەوە گەر سەرنجێکی خێرا بگرینە خودی ناو و ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پرۆسەی ناونان پرۆسەیەکی وشەڕۆنان نییە، بەڵکو بەکارهێنانی هەر ئەو دراوانەیە کە کۆمەڵگەی

ئینسانیی هێناویەتە بەرهەم. هەر کۆمەڵگە و هەر زمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەشی ژنانیش ناو و ناتۆرە و سووکایەتی لەڕێی زمانەوە پشکی شێرە. ژنان نائینسانیترین سیفەتیان دەردرێتە پاڵ و بەهۆی دواکەوتوویی کۆمەڵگەوە تەواوی جنێوە کوردییەکان لەژندا بەرجەستە دەبێتەوە. دوو سمێڵ بابڕ دەمەقاڵێیەکیان دەبێت، دەبێ دایک و خوشکیان باجی ئەو دەمەقاڵێیە بدەن. ناوگەڵی ژنان سەنگی مەحەکی جنێو و سوکایەتییە. هەردوو ئەندامی زاوزێی ژیان و پیاوان (کێر و قوز) لەڕێی زمانەوە هەڵدەسن بە ئەرکەکانی سوکایەتیکردن. ناونان بە پاشگری کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت وەک کەچەڵ، شەل، گۆج، شێت، دوبەحەمیسە، فەردەزەهیر..تاد. ئەوەی ئەم پاشگرانە دەداتە پاڵ ئینسان کۆمەڵگەی زاڵمە. کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت مرۆڤن و دەبێ لەهەموو ئیمکانات و دەرفەتەکان

بەهرەمەند بێت. نابێ ئەم سیفاتانە ببنە ڕێگر لەبەردەم توانایییەکانی ئینسانی هاندیکاپ. ئینسانی هاندیکاپ دەبێ لەگەڵ هەر ئینسانێکی تر دەرفەتی هاوبەش و چوونیەکی هەبێت لەبوارەکانی کار و خوێندن و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. هەر هەڵاواردنێک لەو بوارەدا مەحکومە و شایانی ڕەتکردنەوەیە. یاسا و ڕێنماییەکان و مافە سەرەتایی و مەدەنییەکان دەبێ پشتیوانی ئەو ئینسانانە بن و باری سەرشانیان سووک بکەن، نەک مەینەتی هاندیکاپبوون بخەنە ئەستۆی تاکی کۆمەڵگەوە. مرۆڤی هاندیکاپ لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی شانسی بەهرەمەندبوونی نییە لە مافە ئینسانییەکانی خۆی. با بەم نموونەیە کۆتایی بە وەڵامی ئەم پرسیارە بهێنم. ستێفن هاوکینگ گەورەزانای گەردوونناس کە هاندیکاپ و بوو و بە عەرەبانە پێچکەدارەکەیەوە خەریکی داهێنان بوو و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا هەموو دەرفەتێکی بۆ ڕەخساندبوو تا ئینێرژی و توانایییەکانی خۆی بخاتە گەڕ لەپێناو پەرەدان بە زانست و تەکنەلۆژیا. لەکاتێکدا گەر ئەو زانا بلیمەتە خەڵکی کوردستان بوایە ڕەنگە بێدەرفەتی وای لێبکردایە لەبەردەم مزگەوتێکدا خەریکی سواڵکردن بوایە.

**سلیمان قاسمیانی: شیعری کوردی پڕە لە چواندنی خەسڵەتەکانی مرۆڤ بە حەیوان. کوند دەبێتە مەرگ و وێرانی، پشیلە دەبیتە سپڵە، ڕێوی ترسەنۆک، کەر بێ ئەقڵ، گورگ خوێنخۆر و دڕندە، گا دەبێتە حۆل. ڕای تۆ لەم بارەوە چییە؟**

***عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):*** من وای دەبینم دانانی ئەم سیفەتانە بۆ ئەو گیانلەبەرانە دەکرێ لە دوو ڕووەوە تەماشای بکەین. ڕوویەکی بریتییە لە ئەزموون. واتە ئەزموونی مرۆڤ وەک گیانلەبەرێکی باڵای خاوەن بیرکردنەوە و توانا.ڕووی دووەمیشی باڵادەستییە. واتە

بالادەستی ئینسان بەسەر گیانلەبەران. جارێ ئەگەر لە ڕووی ئەزموونەوە لێی بڕوانین کە هەندێک لەو سیفاتانە ئاماژەی کلتوورین. پێکهاتەی ئەو ئاماژە کلتوورییەش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕدرێت. واتە سیحری ئەو ئاماژەیە بەپێی شوێن بەتاڵ دەبێتەوە. ئەگەر پشیلە سیمبۆلی بێوەفایی بێت، دەبوایە لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بەهیچ شێوەیەک پشیلەیان ڕانەگرتایە. لە کاتێکدا بوونی پشیلە لە زۆربەی ماڵەکان نەک ئەو مانایە ڕەت دەکاتەوە ، بەڵکو کار گەیشتۆتە ئەوەی کە وەک ئەندامێکی خانەوادەکە حیسابی بۆ بکەن. گیانلەبەرەکان ئەوانەی هێما و ئاماژەی تاک لایەنەی نێگەتیڤیان هەیە دەتوانین هەندێکیان ئاوا لە کلتووری ڕۆژهەڵات ببینین.

پشیلە: هێما و سیبۆڵی بێوەفایی و سفڵەییە.

سەگ: هێما و سیمبۆڵی بێنرخ و بێبەها و ناپەسندە.

مەیموون: هێما و سیمبۆڵی ناشیرینیە.

بایەقووش: هێما و سیمبۆڵی مەرگ و وێرانییە.

بەزار: هێما و سیمبۆڵی هێزو توانایە.

ڕێوی: هێما و سیمبۆڵی فێبازیی و تەڵەکەیە.

گورگ: هێما و سیمبۆڵی خوێنخۆریی و دڕندەییە.

جاشک: هێما و سیمبۆڵی نۆکەری و کلکایەتیکردنی ستەمگەر و دەسەڵاتی چەوسێنەرە.

کەڵەشێر: هیما و سیمبۆڵی هێزی پەڕین و جووتبوونە.

مریشک: هێما و سیمبۆڵی بێدەسەڵاتیی و بێغیرەتییە.

کیسەڵ: هێما و سیمبۆڵی لەسەرخۆیی و هێواشییە.

کەروێشک و ئاسک و پڵنگ: هێما و سیمبۆڵی خێرایین.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ گیانلەبەری تر ئاماژەی هێما و سیمبۆڵییان جووت لایەنەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤن. لەوانە:

کەر هێما و سیمبۆڵی گورجێتی و گێلییە و هەروەها هێما و سیمبۆڵی بەهێزیو بەتواناییە

هەندێ گیانلەبەری تریش تەنها هێما و سیمبۆڵی پۆزەتیڤیان هەیە وەک:

شێر: هێما و سیمبۆڵی ئازایەتی و قارەمانێتییە.

هەڵۆ: هێمای هێرشبردن و چوست و چالاکییە.

کۆتر: بەتایبەتی ڕەنگی سپی هێما و سیمبۆڵی ئاشتییە.

باز: هێما و سیمبۆڵی قەدەر و چارەنووسە.

مار: هێما و سیمبۆڵی زۆرزانی و لە غەفڵەت دەگەلێدان.

ئەگەر لە پانتایی زمانەوە بۆی شۆڕ بینەوە و بزانین چی ئەم سیفەتانەی هێناوەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی ئاماژە کلتوورییەکان لەپێوەندی نێوان ئەزموون و باڵادەستیدا. چونکە ئەوە ئینسانە بەهۆی بیرکردنەوەوە توانیویەتی باڵانسە سروشتییەکان تێپەڕینێ و خۆی وەکو سەرداری گیانلەبەرانی تر پێناسە بکات و تەواوی گیانلەبەرانی تریش وەکو لەشکرێکی ژێردەستەی ئینسان دەربکەون. بۆیە دابەشبوونەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابەشبوونی کلتووری و تێگەیشتنی جیاوازی بۆ ئەزموون و باڵادەستی ئینسان بەرهەم هێناوە. ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە شەقێکی کلتووری و ژیاریی گەورەیان لەنێواندایە بەدەوری خۆیان دەلالەتە زمانیشیان وەک گوزارشت لەو شەقە مەزنە خستۆتە بەردەم ئەرکی جیاوازەوە. گەشەی ژیاریی

هەواڵنامەی کێژ

ڕێگرە لەبەردەم توانەوەی زمان یان بێهێزیی زمان لەئاست وشە و دەستەواژە فرە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە. شیعری کوردیی کە لەسەر زمانی کوردییەوە خۆی بینا دەکات، ناتوانی لەو چوارچێوە گەشەکردنەی زمانی کوردی یاخی ببێت. دێت چ لە هەجوو یان کۆمیدیا یان ساتیرە گوزارشت لەو زمانە دەکات. یان باشتر بڵێم گوزارشت لەو دۆخەی زمان دەکات.

**سلیمان قاسمیانی: پرسیارەکە ئەوەیە بۆ ڕێگە نەدەین ئاژەڵ، ئاژەڵ بێت و نەکریتە سیمبۆلی بی ئیختیار و دژ بە خەسلەتی راستەقینەی خۆیان. سەگ هەر سەگە و پەیوەندییەکی بە پیسی و ملکەچی مرۆڤخوازەوە نییە. کەر هەر کەرە کاریکی بە بێ ئەقڵی و نەفامی مرۆڤەکانەوە نییە، کوند هەر کوندە و سەری لە مەرگ و نەمان و وێرانی دەرناچێ. دیارە کە ئەم هێما و سیمبۆلانە تایبەت بە کوردەواری نین و لە هەموو ولاتانی دونیا هەن و هەبوون، بەلام لە ولاتانی رۆژئاوادا ئەم هێمایانە ئیتر بەوجۆرە نەماون چون باسی لە سەرکراوە و بەو هۆیەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. تۆ لە سەر ئەوە رات چییە؟ ئایا لە کردن نایە؟!**

***عەبدولا سڵێمان (مەشخەڵ):*** بەڵێ لە کردن دێت و دەتوانرێ تەجاوزی ئەو سنوورانە بکرێت ، بەلام ئەگەر ئەتمۆسفیری سیاسیی و ئابووری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگە نەگۆڕدرێ، واتە ئەگەر سیستەمی پەروەردە نەخرێتە سەر راستەڕێی خۆی و مرۆڤەکان بە ڕێگای دروست پەروەردە نەکرێن، ئەم سیمبۆلانە هەر دەمێنن. ئەم بناغەیە لەسەر مێژوویەک وەستاوە. عەقڵیەتی کۆمەڵگە وشیاری کۆمەلایەتی بالادەست لە کۆمەڵگەی کوردیی ئەوپەڕی نائینسانییە. ئینسان لە فۆرمی خۆیدا درندەیەک تیایدا پاڵ

کەوتووە و هەمیشە بە ئاگایە. پلە و ئاستی دڕندەکەی ناخ پەیوەستە بە سیستەمی پەروەردەوە. باڵادەستی ئینسان بەسەر ئاژەڵان و سروشتدا و بەکارهێنانی تەواوی دراوەکانی کۆمەڵگە لە خزمەتی خۆی، رادەی ئیرەیی مرۆڤمان بۆ دەردەخات. تێکشکاندنی کۆی ئەو ئیرەییەی مرۆڤ و هەنگاونان بۆ بەشداریکردنی تەواوی زیندەوەرانی سەر ئەم هەسارەیە وەک شەریکە بەش و خاوەن ماف کارێکە لە دوورمەودای خۆیدا دەتوانی لەو تێگەیشتنە نزیکمان بکاتەوە کە لە ئینسانی چاوچنۆک و خۆویستەوە ببین بە ئینسانی یونیڤێرساڵ.

**سلیمان قاسمیانی: پۆستمۆدێرنیستەکان لە شیعردا باس لە پەڕاندنی سنوورەکانی زمان هەم لە فورم و هەم لە ئاهەنگدا دەکەن و شێواندنی زمان بە کارێکی پیشڕەوانە و نوێ ناو دەبەن. تۆ لەوبارەوە دەڵێی چی؟**

***عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ):***
یەکەم پرسیار ئەوەیە پۆستمۆدێرنیستەکان کێن و چ کارەن؟ ئەوان لەکوێی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان گیرساونەتەوە؟ زمان لای پۆستمۆدێرنیستەکانچ بایەخێکی هەیە؟ پرسیارەکانی زمان و فەلسەفەی زمان لای پۆستمۆدێرنیستەکاندا جێی بیرکردنەوە و قسەلەسەر کردن بووە. چونکە مۆدێرنەت وەکو فیکری خۆرئاوا ڕیشەکەی زۆر لەسەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەم کۆنترە. بەڵام پرسیارکردن لە زمان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە و بە تایبەتیش لەسەر دەستی فردیناند دی سوسێرەوە هاتە نێو جوغزی زانستێکی تازەی وەک (زانستی زمانەوانی). سوسێر کە بەباوکی زانستی زمانەوانی دادەنرێ، هات زمانی لە قسەی ئاسایی جیا کردەوە. چونکە وەک دەزانین زمان بریتییە لە سیستەم و دەزگا و کۆمەڵێ فۆرم و یاسا. قسەی ئاساییش دەربڕینە واقیعی

ئەو سیستەمەیە لەقسەکردندا. بەو پێیەی زمان سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و ئەو مەتریالانەی ئیشی لەسەر دەکات مەتریالی کۆمەڵایەتین. زمان خەسڵەتی یونیڤێرسالی هەیە و هەمان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە لەسەریەتی جا لە هەر گۆشەیەکی سەر ئەم هەسارەیە بێت. بەڵام پاش و پێشی جێبەجێکردنەکە پەیوەندی هەیە بە شوێنکاتی زمانەوە. نوێبوونەوە لەزمان، نوێبوونەوەیە لە سیستەم و فۆرم و یاساکانی زمان. هەر تێکشکاندنێکیش لەو سیستەمە تێکشاندنی نۆرمە. پۆستمۆدێرنیستەکان ئێش لەسەر کایە قەدەغەکراوەکان دەکەن. ئەوان دەست بۆ ئەو شوێنانە دەبەن کە پێشتر کەمترین دەستی بۆ براوە. چوونە دەرەوەی باو و تەقلید لای ئەوان، نوێبوونەوەیە. هەر بۆیەش دێن لە دەقی ئەدەبیدا سنوورەکانی زمان تێدەپەڕێنن. ئەگەر هونەری گۆرانی (ڕاپ) بە نموونە وەربگرین، دەبینین هەم لە

ئاواز و هەم لە سیستەمی زماندا هیچ پەیوەستبوونێک تیایدا بە میراتی ڕابردووەوە بوونی نییە و ئەوەی دەبیستین و دەیبینین نوێیە. زمان و حیکایەتی نێو هونەری ڕاپ زیاتر قسەی ئاسایین و پەیامەکەش زۆر بە سادەیی خۆی بەیان دەکات.زمان لە دەقی ئەدەبیدا تەنانەت لە هونەریش تا ئەو جێگایە دەتوانێ پێشڕەو بێت کە بتوانێ مانایەکی کۆمەڵایەتی لەهەناوی خۆیدا هەڵبگرێ و لەهەمان کاتیشدا خزمەتێک بە ئینسانییەت بکات. لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ شتێک لە جوانی زمان، شتێک لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی زمان ببینین بەڵام ناشێ و ناکرێ تا ئاستی پیرۆزبوون، پیرۆزی بکەین. هەتا تەنانەت زمان لای ئەدیبانی کرێکاریی دەبێ وەک ئەو پێویستییە کۆمەڵایەتییە ببینرێت کە ئینسانییەت دەیەوێت پێداویستییەکانی خۆی لە ڕێیەوە پێ دابین بکات، نەک بیکاتە پێشمەرج بۆ هەڵسەنگاندنی دەق. با

هەولێرنامەی کتێب

هەر ڕاپ بە نموونە بهێنمەوە . تۆ تەماشا لەم هونەرە حیکایەتی هونەرمەند کە دەقەکەیە ئێجگار ڕوون و سادەیە و تەنانەت هەوڵیش ئەدا زمان لە کوخی ئەتمۆسفیری پیرۆزییەوە دەربکێشێتە دەرەوە و بیهێنێتە سەر شەقام و لا کۆڵانەکان. هونەری زمان لە ڕاپدا لە سادەییەوە هەڵدەقوڵێ و خاڵییە لەهەر ئاڵۆزییەک، خاڵییە لەهەر ئاوێتەبوونێک، خاڵییە لەهەر زیکزاک و پێچە بەدەروانێک. ئەم هونەرە ئەگەر پلە یان ڕادەی زمان تیایدا لەو ئاستەش نەبێ کە جێی پەسند بێ، ئەوا لەڕێگەی ماتریاڵەکانی تری شێوازەوە وەک خەیاڵ و دەربڕین و شتی تر، دەتوانێ ئینسان یان گوێگر بۆ خۆی پەیدا بکات. هونەری ڕاپ هونەری سادەویست و سادەگەراییە. زمانی هونەری ڕاپ لێوانلێوە لە وشەگەلێکی ناپەسەند. ( گوو، گەواد، درۆ، و لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکانی( F Words ) سیخناخی کردووە. بەڵام لەدەرەوەی ئەو هونەرە بەتایبەتیش لە دەقی ئەدەبیدا یان دەقی شیعریدا زمان بەجۆرێکی تر نمایش دەکرێ و ئەرکێکی قورستری دەکەوێتە سەر شان. زمان لە و ئەدەبەی کە پێی دەوترێ ئەدەبی سەردەمی نیولیبرالیزم یان پۆست مۆدێرنەت لەگەڵ خوێنەر خەریکی گەمەکانی خۆیەتی. ئاڵۆزبوونی زمان و تەکنیک و شاردنەوەی مانا لەژێر سێبەری فۆرم، بەتایبەتیش بونیادگەراکان ڕۆڵیان لەم بارەوە بینیوە و دەبینن. هەر ئەمەش وای کرد لە هەناوی ئەو مۆدێرنەتەدا، جۆرەها ستایل و دەربڕینی زمانەوانی نوێخوازیتر بێتە ئاراوە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە شکاندنی تابۆکانی نوێخوازی وەک دەرەنجامی گەشەی مۆدێرنەتە، گەرچی وەک زەنگێکی مەترسیدار لەلایەن کۆنەخوازانەوە ئاماژەی بۆ دەکرا، بەڵام گەشەی خێرای کۆمەڵگە و ژیاری ئینسانەکان زوو توانی سیحری ئەو ئاماژانە بەتاڵ بکاتەوە. دەبێ

لێره ئەو پرسیاره بکەین که سادەیی و ئاڵۆزی زمان له وەک له عەقڵی ڕەخنەی ئەدەبی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم و تەنانەت نۆزدەهەمیش جێگای ڕامان و وردبوونەوه بوون، ئایا هەر ئەو ڕامانه له زمان له عەقڵی ڕەخنەی بورژوازی و تەنانەت ڕەخنەی مارکسیستیش جێگای لێتوێژینەوەی ڕەخنەیی نییه؟ تا ئەو جێگەیەی که زمان سێبەری بەسەر دەقی ئەدەبیەوه هەیه(له کایەکانی هونەر که زمان ناتوانێت ئەو ڕۆڵه بگێڕێت جگه له هونەری گۆرانی) دەکرێ به پێودانگه ڕەخنەییەکانی خۆمان، ئەو سێبەرەی زمان و هەژموونەکەی وەک گەشەی ئیجابی هونەر و ئەدەب ببینین و ئەم بینینەش ببێته ستەیجی خوێندنەوەی هەمەلایەنەی زمان له دەقدا. جاک دریدا وای دەبینێ که شاعیر یانی نووسەری میتاقۆرییانەیه. یانی لەدیدی دریداوه شاعیر داهێنەری هونەری ناڕاستەوخۆی زمانه. ئەی باشه چی لەو شیعرانه بکەین که پڕاوپڕن به هونەری (لێکچواندن) لەبری میتافۆر؟ تۆ بڵێی ئەم شیعرانه شیعر نەبن؟ هەرچۆن بێت ئامرازی زمان لەدیدگای چینەکانەوه تێگەیشتن و بینینی جیاواز هەڵدەگرێ. مارکس بۆ نموونه وا دەبینێ زمان (واقیعی دەستوبردی فیکره.) یان دەڵێ (پشتکردن له زمان بوونی نییه). بۆ ئێمەش کۆده هەره گرنگەکەی زمان ئاوێته بوونه به ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دەقەکان، ڕێک پێچەوانەی ئەوانەی که ئیدیعای پۆست مۆدێنیستبوون دەکەن و زمان له کۆده هەره گرنگکەکەی دادەماڵن.

**سلیمان قاسمیانی: تۆ خۆت به شاعیرێکی کرێکاری پێناسه دەکەی. ئایا هونەر و ئەدەبێک که کرێکاری نەبێ دەتوانێ شیاوی خوێندنەوه و حەز پێکردن بێت؟**

***عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ):***

ئەدەب و هونەر زادەی بیر و

بۆچوونی نووسەران و هونەرمەندانن، واتە هونەرمەندان و نووسەران لەڕێگەی ئەدەب و هونەرەکەیانەوە گوزارشت لە جێوشوێنی چینایەتی خۆیان دەکەن لە ململانێی کۆمەڵایەتی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و چینە کۆمەڵایەتییەکان. ئەدەب و هونەر چینایەتین. نووسەران و هونەرمەندانیش بێگومان لایەنگر و پارێزەری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانن. بە مانایەکی تر واتە ئەدەب و هونەر ناکەوێتە ئەودیو کێشە چینایەتییەکانەوە. خوێنەر یان گوێگر لەڕێگەی دەقە نووسراوەکانەوە یان هێما و ڕەنگ و نۆتە و جوولە و سەما و نواندن و پەیڤاندنەوە دەتوانێ ئینتمای چینایەتی دەق و نووسەر یان هونەرمەند ببینێت. دیارە کە دەڵێم خوێنەر یان گوێگر مەبەستم خوێنەرێکی سادە نییە یان گوێگرێکی بێ سەلیقە و نەشارەزا نییە، بەڵکو مەبەستم لەو خوێنەرانەیە کە بە قووڵی دەچنە ناو دەق و لایەنە پەنهانەکانی دەق

دەخوێننەوە، یان بە پشتیوانی شارەزایی و زانیاریی دەتوانن ئاماژەکانی هونەر و ڕەنگ و کۆدەکانی گەیشتن بە پەیامی کارە هونەرییەکە بدۆزنەوە. وردتر بڵێم ئەوە ڕەخنەگری ئەدەبیی و هونەریی مارکسیستییەکە دەتوانێ پەی بە دیوە پەنهانەکەی دەق ببات و بیخوێنێتەوە. من ڕاستە خۆم بە شاعیر و نووسەرو ڕەخنەگری مارکسیستی دەزانم، بەڵام هەر بە بەرهەمە کرێکارییەکان دڵم ئاو ناخواتەوە. ڕاستە من هەوڵ دەدەم سەرجەم بەرهەمە کرێکاریی و ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕەکان بخوێنمەوە چ بەرهەمە کۆنەکان یان نوێکان، بەڵام هەر بەوەشەوە نەوەستاوم و دەست دەبەم بۆ گەلێ کتێب و بەرهەمی گەلێ نووسەری بورژوازی و دەیانخوێنمەوە. چونکە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرانی بورژوازی زەمینەی ڕەخنە لەو ئەدەب و هونەرە باشتر دەرەخسێنێ وجوانتر دەتوانی ئەو ئەدەب و هونەرە بناسی و هەوڵی

لەقبوونی بدەی. مارکس و ئەنگلس و تەنانەت لینینیش هەر بەرهەمی ئەدیبان و هونەرمەندانی کرێکارییان نەخوێندۆتەوە. ئەوان بەرهەمی سەردەمی خۆیان خوێندۆتەوە. ئەمە بۆ من و تۆش ڕاستە. تا ئەو جێگەیەی کات یارمەتیدەرە و دەستمان پێی ڕادەگا لەسەرمانە ئەو بەرهەمانە ببنین و ببیستین و بخوێنینەوە جا چ پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارانن یان بورژوازی. من زۆر چێژ لە ڕۆمانەکانی عەبدولڕەحمان مونیف و جۆرج ئۆروێڵ و چەنگیز ئیتماتۆڤ و عەتای نەهایی و حەیدەر حەیدەر و یەشار کەمال و نیکۆس کازانتزاکیس وشیعرەکانی شێرکۆبێکەس و هێمن موکریانی و نەزار قەبانی و مەحمود دەروێش و عەبدولوەهاب بەیاتی و بلند حەیدەری و ئەدۆنیس و سوهراب و فروغی فروغزاد و ئەحمەدی شاملۆ و سوارە و و سەلام محمەد و مەدهۆش و جەلیل کاکەوەیس و جەلالی مەلەکشا و بوزورگی عەلەوی و سادق هیدایەت و نیکۆلاس کاتەنۆی و ڕۆبەرت فرۆست و جەمیل ڕەنجبەر و نووسینەکانی عەزیز نەسین و شانۆنامەکانی ئێدوارد ئەلبی وهارۆڵد پینتەر وەردەگرم، ئەمە جگە لە خوێندنەوەی کتێبە فیکریی و فەلسەفەییەکان و ڕەخنەی هونەریی و ..تاد. نادروستترین بیرکردنەوە ئەوەیە کەسێک پێی وابێت دەتوانێ مەعریفەی پێویست لەڕێگەی تەنها ئەدەب یان خوێندنەوەی چەند کتێبێکەوە بەدەست بهێنێت. جیهانی خوێندنەوە گەلێ فراوانە و چەند بخوێنیەوە هێشتا لەچاو ژمارەی چاپ و بڵاوکراوەکاندا وەک دڵۆپێکە لە دەریایەک. بۆ خۆ قەتیسکردن بە خوێندنەوەی تەنها ژانرێک یان کۆمەڵە دەقێک کە ئینتمای چینایەتییان بۆ کرێکاران هەیە ناتگەیەنێتە ئەو ئاستەی بتوانیت بەهرەمەند بیت لە مەعریفەی پێویست.

**سلیمان قاسمیانی: مۆزارت و بتهۆوێن لە کوێی هونەری**

## چینایەتی دادەنێی؟

**عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ):**
زۆرجار باس لەوە دەکرێ کە هەندێ لقی هونەر لەوانە وێنە و مۆسیقا و فۆتۆگراف سنووره چینایەتییەکان تێدەپەڕێنن و دەکەونە دەرەوەی ئەوەی پێی دەوترێ ململانێی چینایەتی. من وای نابینم.بەبۆچوونی من سەرجەم لقەکانی هونەر ئەگەرچی ڕاستەوخۆ لەجەنگی دەستەویەخەشدا نەبن لە ململانێی چینەکانی کۆمەڵگە، ئەوا ناڕاستەوخۆ جێگەیەک لە جیهانبینی ئینسانی بۆ خۆی داگیر دەکەن. سەمفۆنیستە مەزنەکانی جیهان وەک مۆزارت، بتهۆڤن، چایکۆفسکی، باخ، ئێدوارد جیرمان، بە زمانی مۆسیقا ڕوحی ئینسانەکانیان دواندووە. ئەوان وزۆری تری وەکو ئەوان ویستویانە وەڵامگۆی ماندوێتی ڕوحی ئینسان بن. واتە هونەرەکەیان لەپێناو ئینساندا بووە. خۆ مەعلوومە هونەری چینایەتی پێداگری جیددی دەکات لەسەر ئینتمای ئینسانیی. بۆیە من دەتوانم ئەو سەمفۆنیستانە لەڕیزی خەباتکارانی دونیای چینایەتیدا ببینم.ئەوە دروستە کە ڕەنگە هیچ کام لەمانە لەگەڵ ستەمی بۆرژوازی ڕووبەڕوو نەبووبێتنەوە، بەڵام هونەرەکەیان واجیهەیەکی خەباتکارانەیە لەژیان. مۆنامۆر یان نەوای نەی کە گوێ بیستیان دەبێت، ئەوان جگە لە دواندنی ڕۆح، پەیامێکی سیاسیشیان لە هەناودا هەڵگرتووە. دەڵێن،مۆسیقا خواردنی مێشکە، بەوپێیەش ئەم خواردنە بۆ هەموو ئینسانەکان وەکو یەکە چ کرێکار بێت یان بورژوازی. لێرەدا ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە مەغزای سیاسییە و ئینسانە ماندووەکانی کۆمەڵگە چێژ لەو مۆسیقایە دەبینن کە ئارامبەخش و ڕوح هێمنکەرەوە بێت و لەهەمان کاتیشدا باسی ئەو بکات.ئەگەرچی شاکارەکانی مۆزارت، بتهۆڤن، چایکۆفسکی، باخ، ئێدوارد جیرمان لە هۆڵە گەورە و جوانەکانی پایتەختەکان نمایش

دەکرێن و چانسی ئەوەیان نابێ ببنە خۆراکی مێشکی کرێکاران و خەڵکی هەژار، بەڵام نزیکایەتییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەو ئینسانانە. هەرچەندە ئەمرۆ تەکنەلۆژیا ئەو دیوارە ئەستوورەی بێبەشبوونی خەڵکی کرێکار و هەژاری ڕووخاندووە و خەڵک و هەموو تاکێک بێ گرفت بە پەنجە پیانانێک بە مۆبایلە زیرەکەکەی دەتوانێ گوێبیستی ئەو شاکارانە بێ. بۆیەلەو گۆشە نیگایەوە کە باسم کرد من بێ هیچ دوو دڵییەک دەتوانم بڵێم ئەو شاکارانە جێگایەکی گرنگ و پڕ بایەخ لە دونیای چینایەتیدا دەگرن.

**سلێمان قاسمیانی: ناسیونالیستەکان هەڵپەرکێ بە یەکێک لە شوناسە نەتەوەییەکان دادەنێن. هەڵپەرکێ چەندە بە کرێکاریی دەزانی؟**

***عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ):*** ئێمە دەبێ هەڵپەڕکێ وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان چاو لێبکەین. کە بە هۆیەوە هەوڵدەدەن ئەگەر بۆ ساتێکی کورتیش بێت سەرگەرمی جۆرە چالاکییەک بن کە ببێتە هۆی ئاسوودەییان، ببێتە هۆی خەم ڕەوێنیان، ببێتە هۆی سەرمەستییان لەئاست خەم و ئازارو تەنگوچەڵەمەکانی ژیان. لەوانەشە مەسجێکی کۆمەڵایەتی بێت کە خۆی لە هەڵگری کۆمەڵێ ئاماژەدا ببینێتەوە.مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو هەڵپەڕیوە.ئەوەی کە دەبێتە هۆی سیما ناسینەوەی هەڵپەرکێکان، بریتین لە جۆری هەڵپەرکێکە. نەیتیڤەکانی باکووری ئەمریکا زیاتر لە دە هەزار ساڵە لەسەر ئەم خاکی ئەمریکای باکوورە دەژێن کە بۆ گوزارشت کردن لە ترس و خەم و نیگەرانی و ئومێدەکانیان هەڵپەڕیون. وەک چۆن گۆرانی وتن هونەری گوزارشتکردن بووە، هەڵپەڕکێ و وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکانیش بەهەمان شێوە هۆکاری گوزارشتکردن بوونە لە خولیا و خەونی مرۆڤەکان.

عەمۆ دانەی کتێب

هەڵپەڕکێ وەک بەو شێوەیەی من دەیبینم تا ئەوکاتەی وەک ڕیتواڵ یان نەریتێک خۆ دەنوێنێ و دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکرێت، دەتوانرێتایبەتمەندیەکەی بناسرێتەوە و ئامانجەکەیڕوون بکرێتەوە. واتە دەکرێت بە ڕیتواڵ بڵێین هونەر. چونکە ڕیتواڵ زیاتر ئینتمای گروپی و ئەتنیکی هەیە و توانیویەتی تایبەتمەندی هونەر وەک دیاردە لەخۆیدا ڕەنگ بداتەوە. تەنانەت مەغزا سیاسییەکەشی بەندە بە ئامانجێکی دیاریکراو کە ئینسانەکان هەیانە. بۆیە پێش ئەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی بێتە بوون، واتە هەر لە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتاییدا بوونی هەڵپەڕکێ وەک ڕیتواڵ هەبووە. لەلایەکی تریشەوە پێموایە هەڵپەڕکێ هەر لە دۆخی ڕیتواڵی نامێنێتەوە و پانتاییەک لە کلتووری کۆمەڵایەتی داگیر دەکات، ئەوکات بە دڵنیاییەوە ناکەوێتە دەرەوەی کێشەی چینایەتییەوە. چونکە هونەری ناچینایەتی لە کۆمەڵگەی چینایەتی بوونی نییە. هونەری هەڵپەڕکێ بەپێی قۆناغ و سەردەم ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە و دێت. لەمڕۆی دونیای سەرمایەداری هونەری هەڵپەڕکێ بەشێوازی نمایشی خۆی گوزارشت لە ئینتمای چینایەتی خۆی دەکات. وەک چۆن ناکرێ لەسەردەمی عەولەمەدا بووک بە وڵاخ بگوازرێتەوە، ئاواش ناکرێ گەڕیان و سێ پێیی و فەتاح پاشایی و چەپی و سمکۆڵان و شێخانی و ..تاد، کە دەرهاویشتەی قۆناغی دەرەبەگایەتین و تا ئەمڕۆش درێژەیان بە تەمەنی خۆیان داوە،وەلامدەرەوەی خواست و ئارەزووی ئینسانی ئەمڕۆی کورد بن. بۆیە ناکرێ شوناسی کوردبوون بە شوناسی هەڵپەڕکێوە ببەسترێتەوە. بەواتایەکی تر هەڵپەڕکێ شوناسی کورد نییە و کورد دەبێ بەپێی گەشەی مێژوویی خۆی، خۆی لەگەڵ شێوازە نوێکانی سەرگەرمکردنی بگونجێنێ.من وەک وتم هەڵپەڕکێ وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دەیبینم و هەڵپەڕکێکەرانی کوردیش دەبێ

لەگەڵ گۆڕانگاریی و ئاڵوگۆڕەکاندا خۆیان بگونجێنن.

**سلێمان قاسمیانی: لە کوردەواریدا کاتێک کە باس لە هەڵپەڕکێ دەکرێ، تەنیا هەڵپەڕکێی بە کۆمەلی ترادیشنال مەبەستە. دانسی دیسکو، و دەیان جۆر دانسی تاک و ئازاد وەکوو دانس و هەڵپەرکێی "کوردی" ناژمێردرێن. رای تۆ چییە؟ ئایا دانسێک کە گەنجانی کورد بیگێڕن و پێی هەڵپەڕن تەنیا بە هۆی ئەوەی "دەستگرتنی بە کۆمەڵ نەبێ"، ناکرێ کوردیش بێت؟**

***عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):***

دانس گەرچی مۆرکی رۆژئاوای پێوەیە، بەڵام هیچ رێگرییەک نییە لەوەی کە ئەو دانسە دەتوانێ زۆر بە خێراییش خۆی بخزێنێتە ناو کلتوور و کۆمەڵگە رۆژهەلاتییەکان. چونکە دانس هەر لە دیسکۆکان قەتیس نامێنێ و ئەمرۆ لەرێگەی تەلەفیزیۆن و سینەما و سەتەلایت و مۆبایلی زیرەکەوە میوانی یەک بەیەکی ئینسانەکانە جا لەهەر گۆشەیەکی دونیا بێت. ئەمجۆرە دانسە دەکرێ کوردیش بێت. وەکچۆن کوردبوون بە جلی کوردیەوە نییە. هەڵپەڕکێی ترادیسیۆنیش مەرج نییە هەڵپەڕکێی سوننەتی بێت و شوناسی نەتەوە بێت. هونەری هەڵپەڕکێیش وەک چالاکییەکی کۆمەلایەتی ئینسان ناکەوێتە دەرەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ژیان و کۆمەڵگەوە. ئەمرۆ لەهەموو کات و سەردەمێک زیاتر کۆمەڵگەی کوردی لێکخشاندن و ئاشنایەتی زیاتری بە کلتووری خۆرئاواوە هەیە. بۆیە سەیر نییە گۆڕانکاری لەچەندین چالاکی کلتووری خۆیدا بکات وەک هەڵپەڕکێ و پرسە و زەماوەند و ئارایشتێکی نوێیان پێ ببەخشێ. ئیتر دانسی نێو ئاهەنگەکان کەلە هۆڵەکانی ئاهەنگگێراندا دایان بینین بەئەندازەی هەڵپەڕکێی بەکۆمەڵ کۆمەلایەتی بۆتەوە و خەڵک خۆیان پێ سەرگەرم دەکەن ئیتر ناوی

هەواڵنامەی کتێب

کوردی لیبنیین یان نا.

**سلیمان قاسمیانی: زۆرێک لە شیعرەکانی تۆ وەکوو سروود وتراونەوە. ئایا بە لای تۆوە فەرقێک هەیە لە بەینی شیعری بە گشتی و شیعری سروود بە تایبەتی؟**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):** بە دڵنیاییەوە جیاوازییەک هەیە لەنێوان شیعر و سروود. ڕاستە هەردووکیان لەژێر یەک ژانری ئەدەبیی پۆلین دەکرێن کە شیعرە، بەڵام فەرقی نێوانیان دەکرێ لەچەند خاڵدا ببینین.

**یەک:** سروود کەمتر پشت بە فەنتازیا دەبەستێ تا شیعر. خەیاڵ ڕەگەزێکی بنچینەیی شیعرە و بگرە لەگەڵ زماندا کۆڵەکەی شیعرن.

**دوو:** زمانی سروود سادە و ڕاستەوخۆیە، لەکاتێکدا زمانی شیعر دوور لەو ڕاستەوخۆییە و بەهۆی ئیشکردنی بە کۆمەڵێ نامەئلوفەوە توانیویەتی جیهانی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێ.

**سێ:** پەیامێک کە لە سروودا هەیە بە ڕوونی خراوەتەڕوو و بیسەر بەئاسانی دەتوانێ لەیەکەم بیستنیدا ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی وەرگرێ. بەپێچەوانەوە لە شیعردا ئەو ناوەرۆکە کۆمەڵایەتییە بە ژمارەیەک ڕەگەز دەورە دراوە و کەمتر پشت بەو ڕوونییە دەبەستێ.

**چوار:** کێش و سەروا یان ڕیتم ڕۆڵیکی گرنگ دەگێڕێ لە بونیادی سروود لەکاتێکدا لەشیعردا کێش و سەروا دەکەوێتە دوای ڕەگەزەکانی تر. ئەمەش دیارە یارمەتیدەرە تا لەگەڵ مۆسیقادا ئاوێتەی یەکتر بن و ئاواز بێننە دەر.

لەگەڵ ئەمەشدا گەلێ سروود وتراون کە ئەو مەرجانەی سەرەوەیان تێدا نییە.

**سلیمان قاسمیانی: سروودی کرێکاری و پێشڕەو لە کوردیدا**

**زۆر هەیە. بەڵام سروود زیاتر لە خانەی شیعار و خرۆشاندنی هەستی حیماسی دایە. لە مەیدانی گۆرانیدا بەڵام، گۆرانی پێشڕەو و کرێکاری وەکوو گۆرانییەکانی "جۆو هیل"، "پیت سیگر"، "جان لێنۆن"، "باب دیلان" بە زمانی کوردی زۆرکەم و لاوازە. ڕای تۆ چییە لەم بارەوە؟**

***عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ):*** ئەوە زۆر ڕاستە کە بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان توانیویانە کاریگەری زۆر بەسەر بزووتنەوە ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی کوردییەوە دابنێن. بەیاننامەی ڕوانگە (١٩٧٠)، توانی مۆرکی سیاسیی خۆی بە بزووتنەوەی ئەدەبییلە باشووری کوردستان بەتایبەتی قۆناغی دوای (گۆران)ەوە دابنێت. بەمەش تەواوی ڕێڕەوی ئەدەبیی بزووتنەوەکە بگۆڕێت و هاوتەریب و هاوسۆز لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییەکەی کوردستان ڕێ بکات. ئەمەش دۆخێکی هێنایە ئاراوە کە ئەدەب ڕوونتر لەجاران وابەستەیی خۆی بۆ سیاسەتی کوردیی بەتایبەتی لە باشووری کوردستان نیشان بدات. لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵا پەشێو و سامی شۆڕش و جەلالی میرزا کەریم و جەمیل ڕەنجبەر و ئەنوەر قادر و لەتیف هەڵمەتەوە تا دەگات بە ڕۆمان و چیرۆکەکانی حوسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی و عەبدوڵا سەڕاج و محەمەد موکری و جلیل کاکەوەیس و مستەفا ساڵح کەریم و تا دەگات بە دەقە شانۆییەکان و نمایشە هونەرییەکانی وەک بەهاری دزراو و مەرەزە و گوڵاڵە و گەردەلوول و تا دەگات بە هونەری شێوەکاری و مۆسیقا بە تەواوەتی لەژێر هەژموونی ئەو بزووتنەوەیەدا بوون. لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین کە هۆکارەکانی بوونی سروودی شۆڕشگێڕانە و نەبوونی یان کەمی گۆرانی سیاسیی لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا پەیوەستە بەم خاڵانەی خوارەوە.

**یەک:** دۆخی سیاسیی کورد

دۆخێک بوو کە هەمیشە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ورە و هەستی کوردایەتی یان نەتەوایەتی خەڵکدا بووە. شانبەشانی ئەم ئەدەبە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی تر هەبووە و هەیە کە لەسەر بنەمای چینایەتی ڕوانینی خۆی بۆ ئەدەب و ژیانو ئینسان و کۆمەڵگە نیشانداوە. ئەم ئەدەبە چینایەتییە سەر بە بەرەی سۆشیالیزمی ستالینی بووە و ئەویش بەهەمان شێوەی ئەدەبی ناسیونالیستی کورد هەوڵی داوە، ورە و ئاستی هەستی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ستەمدیدە بەرێتە سەر.




**دوو:** لە چەند دەیەی ڕابردوو گەلێ سروودی شۆڕشگێرانەی خوڵقاندووە بوونەتە وێردی سەرزاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش. لەوانە سروودەکانی حوسێن بەفرینی شاعیر و سروودەکانی موسڵح شێخولئیسلامی (ڕێبوار)ی شاعیرو جەلال شکۆ (بژار)ی شاعیر و عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) و ئەحمەد بازگر و سلیمان قاسمیانی و ..تاد. بەڵام هەلومەرجی سیاسیی کوردستان هێمن و بێ هەیەجان نەبووە بۆیەش نەیتوانیوە گۆرانی بەرهەم بهێنێت. گۆرانی سیاسیی

یان چینایەتی بەرهەمی دۆخێکی تایبەتە کە کۆمەڵگە لە ئینفیعالاتدا ناژیێت.

سێ: دوای ئەوەش عەقڵییەتی تێگەیشتن لە گۆرانی لای کورد زیاتر لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگرێت ئەویش شادی و خۆشی و جۆش و خرۆش و هەڵپەرکێیە نەک باسکردن لە کێشەیەکی سیاسیی. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە گۆرانی سیاسیمان نییە کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن. هەر بۆیە ئەو هونەرە واتە هونەری گۆرانی سیاسیی چینایەتی من ناڵێم نامۆیە بە کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو لەئاستێکی زۆر لە خوارە. من حەز دەکەم لێرە توزێک واوەتر بچم و ئەگەر بە کورتیش بێت ئاماژەیەکی خێرا بە هونەری گۆرانی سیاسیی کوردیی بکەم. سەرەتا لە لاوک و حەیرانەوە دەست پێدەکەم کە بەبڕوای من دەبنە دوو بەشەوە. بەشێکیان تایبەتن بە عەشق و بەشەکەی تریان تایبەتە بە سیاسەت. بەڵام سیاسەتێک کە خزمەتی چینی فیودالیزمو خان و سەردار و بەگ و ئاغاکان دەکات لەوانە حەسەن حەیران و حەسەن رەسول سیساوە و کاوێس ئاغا. لەناو شین و سەردولکەکانی پرسەکان هەمیشە جۆرە مۆرکێکی سیاسیی بوونی هەیە و ئینجا گۆرانی سیاسیی کە گەلێ گۆرانیبێژ هەوڵیان داوە لەو مەیدانە خۆیان تاقی بکەنەوە و تارادەیەکیش سەرکەوتوو بوون لەوانەحەسەن دڵسۆز و حەمەجەزا و ڕەشۆل و نەجمەی گولامی و ناسری ڕەزازی و دیار قەرەداغی و خالید ڕەشید و کالێ ئاتەشی و بەگری لەگزی و فوئاد ئەحمەد و ، تا دەگات بە هونەری راپ کە تازەترینیان کاریگەری هونەرمەند(گەواد مەعاشەکەت جوانە) توانی لە کورت ماوەدا لەڕێی تۆڕە کۆمەلایەتییەکانەوە ببێتە ئاشنای زۆرزۆر کەس.

**سلیمان قاسمیانی: تۆ نووسەرێکی بە دەربەستی**

هەوڵنامەی کتێب

**کرێکاریی بەڵام هاوکات هەڵسووڕاوێکی سیاسیشی. ڕەوەندێکی بەهێزلە کۆمەڵگەی هونەر و ئەدەب دا بەتوندی هێرش دەکەنەسەر سیاسی بوونی نووسەر و باس لە جیاوازی هونەرو سیاسەت دەکەن. ئایا سیاسی بوونی هونەرمەند و شاعیر نابێتە هۆی لاوازکردنی کواڵێتی بەرهەمی هونەریی و ئەدەبیی؟**

***عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):***

سەرەتا بە نەخێرێکی گەورە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە. ئینجا دەپرسم ئەو ڕەوەندە بەهێزە کێن و چ کارەن وا بە توندی هێرش دەکەنە سەر سیاسیبوونی نووسەر و باس لە جیاوازی هونەر و سیاسەت دەکەن؟ نووسەر کێیە و لەکوێی ڕووداوەکان و کارەساتە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە وەستاوە. ئەوە کێیە دەیهەوێ نووسەر لە کۆمەڵگە دەرکێشێ و جیای بکاتەوە لە مرۆڤەکان؟ بەپێغەمبەرکردنی نووسەر نەریتێکی عەقڵی ڕەخنەی بورژوازییە و دەرئەنجامەکەشی هێنانە دەرەوەی نوخبەیە. بورژوازی بە حوکمی ئەوەی خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە و قازانج پەرستییەکەی بەجۆرێکە پەنا دەباتە بەر هەوڵێک لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی. هەربۆیەش ئەم چینە کۆنەپەرستە سوپایەک لە قەڵەمبەدەستانی بەکرێ گرتووە تا ئایدیۆلۆژی بورژوازی تەبلیغ بکات و پەرە پێبدات. یەکێ لەو هەوڵە ژەهراوییانەی کە بورژوازی بە بەرنامەوە کاری لەسەر دەکات بریتییە لە دوورخستنەوەی سیاسەت و کایەی سیاسەت لە خەڵک. ئەم قەڵەمبەدەستانەی بورژوازی بۆ ئەوەی مەرامەکانی بورژوازی جێبەجێ بکەن دێن ژەهری نووسینەکانیان بە کۆمەڵێ سەفسەتەوە دیارە لەژێر ناوی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان و دەستوور و یاسا وە دەرژێنن. ئەم ڕەوتە فیکرییە بورژوازییە دەکرێ لە هەموو

هەواڵنامەی کتێب

سەردەم و کاتێکدا بوونیان هەبێ و لەژێر ناوی جیاجیادا کار بکەن. لە کوردستانیشنمایندەی ئەم ڕەوتە لیبراڵە لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەمان ئەو بەیت و باڵۆرەیە دووبارە دەکەنەوە. با لێرەدا هەر بە زمانێکی سادە بیڵێمەوە. بێگومان جیاوازی هەیە لەنێوان هونەر و سیاسەت. ئەم جیاوازییە چەند گەورە بێت یان بچووک هیچ لەو تێکەڵی و لێکهەڵپێکرانەی نێوانیان ناگۆڕێ. ئای وی ویی هونەرمەندی چینی دەڵێ "ئەگەر هونەرەکەم هیچ پەیوەندییەکی بە ژان و ئازاری خەڵکەوە نەبێت، ئیتر هونەر بەکەڵکی چی دێت؟" یان وەک ڕۆبەرت ڕۆسنبێرگ دەڵێ "ئامانجی هونەر ئازادکردنی خەڵکە. لەبەر ئەوە هونەر بۆ من زانستی ئازادییە."هونەر دەبێ هونەری خەڵک بێت و بۆ ئامانجی بەرەوپێشچوونی ئینسانییەت بێت. ئەم سیاسیبوونە یان وابەستەبوونەی هونەر و خەڵک نابێت ببێتە هۆی دابەزینی ئاستی کواڵێتی کاری هونەریی یان دەقی ئەدەبیی. چونکە گەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوا باڵانسی پەیوەندی و باڵانسی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک دەشێوێت و کارە هونەرییەکە یان دەقە ئەدەبییەکە دووچاری فەشەلی هونەریی دەبێتەوە. بۆ ئەوەی نەهێڵین ئەم داڕووخانە هونەرییە لە ساختمانی داهێناندا ڕووبدات، دەبێ ئەو تێگەیشتنە دروستەمان لەسەر پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک هەبێت. ئەم تێگەیشتنە پەیوەندی بەوە نییە چەند سیاسین یان نا، بەڵکو لەسەر بنەمای مەعریفەی نووسەر وەستاوە دەرهەق بە دەق و داهێنان. من ئەتوانم چەندین نموونەت لە پانتایی ئەدەبی جیهانیی بهێنمەوە کە نووسەرەکانیان سیاسین و بەرهەمەکانیشیان شایانی خوێندنەوەن لەوانە: جۆرج ئۆروێل و پابلۆ نیرۆدا و لۆرکا و عەبدولڕەحمان مونیف و نازم حیکمەت و مەکسیم گۆرکی و سابت ڕەحمان و ئەمیل زۆلا و تاکیجی کۆبایاشی و فابتزارۆڤ و عەبدولڕەحمان مونیف و جاک

هەواڵنامەی کتێب

لەندەن و حەیدەر حەیدەر و ..تاد. بۆیە تۆمەتی لاوازبوونی دەقی ئەدەبی بەهۆی سیاسیبوونییەوە ڕەوا نییە و شایانی ڕەتکردنەوەیە. تا ئەو جێگەیەی ئەدەب لەناو کۆمەڵگەوە هەناسە دەدات و بە ژیانەوە شەتەک دراوە و وەک پێویست بەشداری ململانێی کۆمەلایەتی دەکات، سیاسییە. ئەم سیاسیبوونەی نووسەریش نەک خەوش نییە، بەڵکو ڕوکنێکی کۆمەلایەتی بوونی دەقە و ڕۆڵ دەگێڕێت لە چێژبەخشین بە خوێنەر. نووسەر نابێ سیاسیبوونی خۆی بشارێتەوە و سڵ لەوە بکاتەوە پێی بوترێ نووسەری سیاسیی. نووسەری ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕو سۆشیالیست دەبێ بەڕاشکاوی لە میانی دەقەکانیانەوە ئەو سیاسیبوونە نیشان بدەن و بێئەوەی بهێڵن کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر دەقەکە بەجێ بهێڵێ.

**سلیمان قاسمیانی: تۆ بێجگە لە شیعر لە زۆر مەیدانی ئەدەبی تریشدا بەرهەمت هەیە و زۆر کتێبت بڵاو کردۆتەوە. دەکرێ کورتەیەک لە سەر کتێبەکانت بۆ خوێنەرانی هانا بدوێی؟**

***عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ):*** سەرەتا پێمخۆشە کە بەم پرسیارە دەمگێڕیتەوە بۆ ببلۆگرافیای بەرهەمەکانم کە لەشێوەی کتیب و نامیلکە بڵاو بوونەتەوە. مێژووی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانم نزیک بە سێ دەیەیە و بە دوو قۆناغی جیاوازی بڵاوکردنەوەی کتێب تێپەڕیووم.

<u>**قۆناغی یەکەم:**</u> لە پێش ڕاپەڕینەوە،واتە لە ١٩٨٩ دەست پێدەکاتو تا ٢٠٠٥ درێژ دەبێتەوە. یەکەمین نامیلکەی شیعریم بە ناوی (چرای شۆڕش) کە لە بڵاوکراوەکانی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) بوو لە ساڵی ١٩٨٨ بڵاو کردەوە.ئەم نامیلکەیە بە دەستنووس نووسرایەوە و بە تیراژێکی زۆر کەم تەنها لەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی

بڵاو بۆوە. دواتر هەر لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (رابەر) و (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) نامیلکەی (دیوارەکان دەڕوخێنین)م بڵاو کردەوە. ئەم نامیلکەیەش هەر بە دەستنووس بڵاو کرایەوە و بەتیراژی زۆر کەم. شایانی باسە ئەم نامیلکەیە بەشێک لە شیعرەکانی برتۆڵد بریێخت بوو و لە زمانی عەرەبییەوە وەرم گێڕابوو و بە ناوی خواستراوی (دلاوەر حوسێن) ەوە بڵاوم کردەوە. دوای ڕاپەڕین بۆ یەکەمجار نامیلکەیەکی شیعریم بڵاوکردەوە کە تایپ کرابوو بە ناوی (چاوم لێیە) و لە ساڵی ١٩٩٢ هاتە بڵاوکردنەوە. هەر هەمان ساڵ نامیلکەیەکی ترم بڵاوکردەوە بە ناوی (چەند گۆرانییەک لە جەنگەڵستانی ژیانەوە) ئەمیش هەر تایپ کرابوو. پاشان نامیلکەیەکی سیاسیم بڵاو کردەوە بە ناوی (سەبارەت بە قانوونی جەمعیاتی حکومەتی هەرێم) و لە ساڵی ١٩٩٣ بە تایپ بڵاو کرایەوە و ئینجا نامیلکەیەکی ترم بەناوی (با ئاوڕێک بۆ دواوە تەکانێک بێت بۆ پێشەوە) سەبارەت بە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری عێراق لەژێر ناوی (مارف عوسمان) نووسیم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆی بڵاو کردمەوە. هەر لەو سەروبەندەش نامیلکەیەکی بچکۆلانەی ترم کە بریتی بوو لە نامەیەک بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەی کرێکاری ئەمڕۆ(کارگر امروز) لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە بڵاو کرایەوە. واتە لەساڵی ١٩٨٨ وە تا ساڵی ٢٠٠٥ حەوت نامیلکەی ئەدەبیی و سیاسیم بڵاو کردۆتەوە.

**قۆناغی دووەم:** لە ٢٠٠٥ ەوە دەست پێدەکات تا ئەمڕۆ. بەڵێ لەو دوانزە ساڵە دوانزە کتێبم بڵاو کردۆتەوە کە دەتوانم بەم جۆرە پۆلینیان بکەم.

یەکەم: ئەو کتێبانەن کە خۆم نووسیومن بریتین لە:

- شیعر (سێ کتێب)
- شانۆنامە (یەک کتێب)

- ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی (یەک کتێب)

دوو: ئەو کتێبانەن کە وەرم گێڕاون. بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزییەوە.ئەمانەش چوار جۆرن.

- چیرۆکی منداڵان (دوو کتێب)
- شیعری ئینگلیزیی (دوو کتێب)
- شانۆی بیانی (دوو کتێب)
- چاوپێکەوتن و دیدار (یەک کتێب)

ئەم کتێبانەش هەر هەموویان لەلایەن یەکێتیی نووسەران و دەزگا و بەڕێوەبەرایەتییە هونەری و ئەدەبییەکانی کوردستان چاپ و بڵاو کراونەتەوە جگە لە کۆشیعری (پشکۆکانی نێو ئاگردانی یاخیبوون) نەبێ کە لەسەر ئەرکی خۆم چاپ کراو بڵاو کرایەوە.

سەربارى ئەمانەش هەر بۆ زانیاری خوێنەرانی گۆڤاری (هانا) ی ئازیز حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە ژمارەیەک کتێبی ترم ئامادەن بۆ چاپ و سەرو دوو دانەم لێ چاپ کردوون بۆ ئەرشیفی خۆم.بەو هیوایەی ڕۆژێک بێت ڕووناکی ببینن و بکەونە دەست خوێنەران. کتێبەکانیش ئەمانەن:

## ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی

- "خوێندنەوە و نیگایەک لە دەق" ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی

- "جەمیل ڕەنجبەر ئەو شاعیرەی ڕۆژی بێ تێکۆشان نەژیا"، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی. ئەمەیان لە کوردستانیش لەسەر ئەرکی بەڕیز کاک ئەحە شوان چاپ و بڵاوکرایەوە.

- "پرسیارەکان بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن" ،دیدار و چاوپێکەوتن
- "ڕوانینێک لە شانۆی کەنەدیی"، لێکۆڵینەوەی هونەریی
- "چەند باسێکی هەمەڕەنگ"، وتار و نووسین
- "مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی"، ڕەخنەو لێکۆڵینەوە
-"ڕازە درکێنراوەکان"، وتار

هەواڵنامەی کتێب

## چیرۆك وبیرەوەری

- "لەژێر دووکەڵێکی ڕەشدا"، بیرەوەری ڕۆژی هەولێر
- "دواجار دەبم بە نیرڤانا"، چیرۆک
- "هەستە شاراوەکان"، نامە

## وەرگێڕان

- "پانزە چرکە" شانۆنامە.
- "دوو شانۆنامەی ماریا ئیرینا فۆرنێس"
- "پاسارییەک گشت سبەینان دەجریوێنێ سلاو"، چیرۆک بۆ منداڵان.
- "پشوو لەبناری گرکاندا"، چیرۆک.
- "خانمەکەی نێو ئەم شیعرە"، شیعر.
- "لە پەنای خەون و سێبەری وشە"، کۆمەڵێ بابەت.

## شیعر

- "بارانی وشە سوورەکان"
- "سروودە کرێکارییەکان"
- "تریشقەی وشە و لێزمەی تووڕەیی"
- "چەند تێکستێکی سەر تاشەبەردەکانی وەرکا"
- "ڕۆیشتن لەژێر سێبەری جوانی ژناندا"
- "دیوانی مەشخەڵ لەبەردەم شەبەنگی وشە نیگا دەبرم لە جوانی"، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانم ١٩٨٣ – ٢٠١٧ دوو بەرگ

دیارە وەک وتم ئەم بیست و دوو نامیلکە و کتێبانەی ئەمساڵ ٢٠١٧ ئامادەن بۆ بڵاوکردنەوە بەو ئومێدەی ڕۆژێک دەزگای چاپ و پەخشەکانی کوردستان ئاورێک لەم بەرهەمانەم بدەنەوە. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئێستا زۆر سەرقاڵی کتێبی ئەنسۆلۆژیای شیعری کرێکاریی کوردستانم و بەو ئومێدەی ئەمساڵ بتوانم تەواوی بکەم و بڵاو ببێتەوە.

☆

# بلیتی بەخت

**نووسینی: ئەنتۆن چیخۆڤ**

**وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:**

**شلێر ڕەشید**

**ئیڤان دیمتریچ** پیاوێک بوو لە چینی مامناوەند، ساڵانە بەمووچەیەکی دوانزەهەزاری لەگەڵ خێزانەکەیدا دەژیاو زۆر ڕازیبوو بەوەی کە هەیبوو. دوای نانی ئێوارە لەسەر قەنەفەکە دانیشتوو دەستیکرد بەخوێندنەوەی ڕۆژنامە. ژنەکەی بەدەم کۆکردنەوەی سەرمێزەکەوە وتی:

– بیرم چوو سەیری ڕۆژنامەی ئەمڕۆ بکەم سەیرێکی بکە بزانە لیستی بلیتە براوەکانی تێدا نییە.

**ئیڤان دیمتریچ** وتی:

– بەڵێ تێیدایە، بەڵام بلیتەکەی تۆ بەسەرنەچووە؟!

– نا، سێشەممە کڕیم

– ژمارەکە چەندە؟

– ڕیزبەندییەکەی ٩٤٩٩ یە، ژمارەکەش ٢٦.

– باشە... سەیردەکەین... ٩٤٩٩ هەروەها ٢٦.

**ئیڤان دیمتریچ نە** بڕوای بە بلیتی بەخت بوو و نە تاقەتی سەیرکردنی لیستی ژمارەبراوەکان. بەڵام چون هیچی تری نەبوو بکا و ڕۆژنامەکە لەبەردەمی بوو،



هەواڵنامەی کتێب

پەنجەی بردە خوارەوە بۆ سەر ژمارەکان. بەڵام لە ناکاو لەوپەڕی ناباوەڕییەوە بەر لەوەی لە دێڕی دووهەم لە سەرەوەڕا دەرچێ، چاوی بە ژمارەی ٩٤٩٩ کەوت. نەیتوانی بڕوا بەچاوەکانی بکات. بەتووندی ڕۆژنامەکەی دا بەسەررانەکانیدا، بێئەوەی کە بڕوانێ ژمارەی بلیتەکە چەندە، هەر وەکو ئەوەی کە ئاوی سارد کرابێ بەسەریدا. لە ناو دلیدا هەستی بە خۆشییەکی تایبەت کرد، ترسناک و شیرین. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە بە ژنەکەی وت:

– "ماشا" لیستی ٩٤٩٩ لە ناویاندایە!!

– لیستی ٩٤٩٩؟ ژنەکەی پرسی.
– بەڵێ، بەڵی بەڕاستی لێرەیە!
– ژمارەی بلیتەکەش هەیە؟
– بەڵێ! ژمارەی بلیتەکەشی لێیە، بەڵام چاوەڕوان بە... ڕاوەستە! نا... بە هەرحاڵ ژمارەی لیستی ئیمەی تێدایە. هەرچی بێ... تۆ ئەزانی کە...

لە گەڵ سەیرکردنی ژنەکەی،



شلێر رەشید

دیمتریچ بزەیەکی بێ ناوەرۆکی هاتە سەرلێو، وەکوو منالێک کە شتێکی رووناکی پیشان بدرێ. ژنەکەشی بزەی هاتێ و وەک ئەو خۆشی لەوەهات کە دیمتریچ تەنیا ژمارەی لیستەکەی پێ وت بەلام ژمارەی بلیتەکەی جارێ نەخوێندەوە! چاوەڕوانی و خۆ دڵخۆش کردن بە هیوای خۆشبەختی هەم شیرینە و هەم وروژێنەر.

– لیستەکەمان ڕاستە، دیمتریچ پاش بێدەنگییەکی درێژ وتی،

کەوابێ شانسێک هەیە کە بمانبردبێتەوە، هەر شانسێک، بەڵام هەیە!

– دەی باشە، کەوابێ سەیری بکە!

– باشە جارێ کەمێک سەبرت بێت. کاتمان زۆرە بۆ هیوا لە دەستچوون. ژمارەکە لەڕیزی دووەمە لەسەرەوە، خەڵاتەکە ٧٥ هەزارە، ئەوە پارە نییە، بەڵکو هێزو سەرمایەیە!

لە چرکەیەکدا دەبوو تەماشای ڕیزبەندییەکە بکات.

– چی دەبوو ئەگەر بەڕاستی بمانبردایەتەوە؟ **ژن و مێردەکە** دەستیانکرد بەپێکەنین و بەبێدەنگی تەماشای یەکتریان کرد. ئەگەری بردنەوە تووشی تاسانی کردبوون! نەدەیانتوانی خەیاڵ بکەن و نە یاندەتوانی بیڵێن کە هەر کامیان ئەو ٧٥ هەزارەیان بۆچی دەوێ، چی پێ بکرن و بۆ کوێ بچن. تەنها بیریان لە ٩٤٩٩ و ٧٥ هەزارەکە دەکردەوەو لە خەیاڵی خۆیاندا دەیانهێنا و دەیانبرد و نەیاندەتوانی بیر لە بەختیاری خۆی بکەنەوە.

**ئیڤان دیمتریچ**، ڕۆژنامە بە دەستەوە چەندجارێک لەم سوچ بۆ ئەو سوچ چوو، کاتێک کە لە تاسانە سەرەتاییەکە ڕزگاری بوو، کەمێک خەیاڵ بردییەوە. دوایی وتی:

– ئەگەر بیبەینەوە ژیانێکی نوێمان دەبێت، وەرچەرخانێک دەبێت. بلیتەکە هی تۆیە، بەڵام ئەگەر هی من بووایە، پێش هەموو شتێک ٢٥هەزام ئەدا بە ملک وخانووبەرە، دەهەزارم ئەدا بە مەسرەفی خێرا، ناومالێ تازە، سەفەر، دانەوەی قەرز، چل هەزارەکەی ترم لە بانک دادەنا و قازانجم لێ وەردەگرت،

ژنەکەی دانیشتبوو و دەستی لەسەر کۆشی دانابوو وتی:

– بەڵێ ملک وخانووبەرە شتێکی باشە. لەشوێنێک لە ناوچەکانی "تولا" یا "ئۆریەل" ... لە سەرەتاوە پێویستمان بە ڤیلای هاوینە نابێت،

هەروەها هەمیشە ملک و خانوبەرە داهاتێکیش بەرهەمدێنێت. وێنەگەلێکی قەرەباڵغی بەخەیاڵدا هات، یەک لە یەک میهرەبانترو شاعیرانەتر. لەهەموو ئەو وێنانەدا، کەخۆی دەبینی بەتەندروستییەکی باش، ، خواردنی باش، ئارام و بیدەنگ، شوێنێکی گەرم و نەرم، و تەنانەت دلرفێن. لە ناو خەیالەکانیدا دوای خواردنی شۆربایەکی هاوینی، وەکو بەفر، لە سەر زیخە گەرمەکانی کەنار ڕووبار یان لە ژێر سێبەری دارلیمۆیەکی ناو باخ پاڵدەکەوێت... هەوا گەرمە... کچ وکوڕە مناڵەکانی لە لای ئەو بە سکەخشکێ دەڕۆن، لە لمەکە هەڵدەکۆڵن یان لەناو سەوزەلانەکەدا خاڵخاڵۆکە دەگرن. ئەو خەوێکی خۆش دەیباتەوە هاوکات کە بیر لە هیچی تر ناکاتەوە، بە هەموو هێزییەوە هەست دەکا کە پێویستی نییە نە ئەمڕۆ نە بەیانی یان ڕۆژی دواتر بچێت بۆ نوسینگە. ئەوسا یان لە بەر ماندووبوون لە بێکاری بچێت بۆ کێڵگە و مەڵۆنانەوە یان، بۆ ناودارستانەکە بۆ گەڕان بە دوای قارچکدا، یان تەماشای جووتیارەکان بکات لە کاتی ماسی گرتن بە تۆڕەکانیان. کاتێکیش خۆرئاوابوو بەخاولی و سابوونەوە دەچێت بۆ گەرماو، لەو شوێنەی خۆی ڕووتدەکاتەوە، ئارام ئارام دەست بە سینگە ڕووتەکەیدا دێنێت و دەچێتە ناو ئاوەکەوە. لە ناو ئاوەکە، لە نزیکی پۆلە کەفاوەکان ماسییە بچووکەکان دێن و دەچن و گیاسەوزە ئاوییەکان ئارام دەجووڵێنەوە. دوای خۆشۆرین چا و قەیماغی لولکراو بخوا، بۆ ئێوارەکەشی پیاسەکردن، یان دروست کردنی شەڕاب لەگەڵ هاوسێکاندا.

دیار بوو کە مێردەکەشی لە خەیاڵدایە کاتێ وتی:

- بەڵێ باش دەبێت ئەگەر خانووبەرە بکرین. دەمووچاوی گەواهی ئەوەیان دەدا کە سیحری خەیالەکانی بووە.

**ئیڤان دیمتریچ** وێنای خۆی دەکرد لەگەڵ پاییز بە باران و ئێوارە

ساردەکانی و هاوینی "سەین مارتین". لەو وەرزەدا دەبێ پیاسەیەکی درێژبکات بەرەو باخەکە و کەناری ڕووبارەکە تاکو تەواو سەرمای بێت و دوایی پیاڵەیەکی گەورە ڤۆدکا هەلقوڕێنێت، دوایی قارچکێکی سوێر و خەیاری سوێریش بەدوایدا. پاشان پیاڵەیەکی تر بخواتەوە. مناڵەکانیش بەڕاکردن لەباخی لای چێشتخانەکەوە دێن و گێزەرو توور دێنن کە بۆنی زەویی تازەیان لێدێت. دواییش لەسەر قەنەفە پاڵبداتەوە و لە بەر بێکاری تەماشای لاپەڕەکانی گۆڤارێکی وێنەدار بکات یان دەموچاوی خۆی پێ داپۆشێت، و لە گەڵ کردنەوەی دوگمەکانی قەمیسەکەی سەرخەوێک بشکێنێ. هاوینی "سەین مارتین"، ئاووهەوایەکی هەوری و خەمبار بەدواوەیە. شەوو ڕۆژ باران دەبارێت. بایەکی ساردو شێداری دێت و دارە ڕووتەکان دەخاتە گریان. سەگەکان، ئەسپەکان و مریشکەکان هەموو تەڕ و کز و ماتن. ئیتر شوێنێک نامێنێ بۆ پیاسە. خەڵک ناتوانن بۆ چەندان ڕۆژ بچنە لای یەکتر، تەنیا دەمێنیتەوە سەروخواری ژوورەکەت بکەی و بێهیوا لەپەنجەرە خۆڵەمێشییەکە بڕوانی. مرۆڤ دۆژ دادەمێنێ! **ئیڤان دیمتریچ** وەستا و تەماشای ژنەکەی کرد و وتی:

- "**ماشا**" خۆت دەزانی، من دەبێ بچمە دەرەوەی وڵات. بیری دەکردەوە دەبێ لەکۆتایی پایزدا چەند خۆش بێت بچێ بۆ شوێنێکی وەکو خوارووی فەرەنسا... ئیتاڵیا... بۆ هند! ژنەکەی وتی:

- بەدڵنیاییەوە منیش دەبێ بچم بۆ وڵاتانی دەرەوە. بەڵام تەماشای ژمارەکە بکە!
- سەبرکە! سەبرکە!....

ئیڤان بەدەوری ژوورەکەدا دەسوڕایەوە و بەردەوامبوو لە بیرکردنەوە. چی دەبوو ئەگەر بەڕاستی ژنەکەی سەفەری وڵاتانی دەرەوەی بکردایە؟ بە تەنیا سەفەر

کردن خۆشترە یان لە گەڵ ژن گەلی بێ خەیال و بەرەڵا کە تەنیا لە ئێستادا دەژین و گوێ بەهیچ نادەن، بیر لە هیچ ناکەنەوە و لەگەشتەکانیان باسی هیچ ناکەن جگە لە منالەکانیان و هەمیشە بۆ فلسێکیش بنالێنن و لە ترسان هەڵلەرزێن. **ئیڤان دیمتریچ** ژنەکەی لەناو شەمەنەفەرە، بەکۆمەڵێک جانتا و پاکەت و سەبەتەوە هێنایە پێشچاوی کە ئاخ هەڵدەکێشێ بۆ شتێک، گلەیی دەکات لەوەی کە شەمەندەفەرەکە تووشی سەرئێشەی کردووە، یان ئەوەی کە ئەو پارەیەکی زۆری سەرفکردووە. ئیڤان بیری کردەوە کە ئەو دەبێ لە وێستگەکاندا بگەڕێ بە شوێن ئاوی گەرم و نان و کەرە، و ژنەکەی بە هۆی زۆرگران بوونی نانی ئێوارە ناخوات. ئیڤان بە چاودەرپەڕانێک بەرەو ژنەکەی بە خۆی وت:

– ئەو فلسێکیش بە من ڕەوا نابینێت. بلیتی بەختەکە هی ئەوە نەک من، لەگەڵ ئەوەشدا چوون بۆ دەرەوەی وڵات چ سوودێکی هەیە بۆ ئەو؟. لەوێ چی دەوێت؟ لەناو ئوتێلەکە دەرگا لەسەرخۆی دادەخات ناهێڵێت منیش لە بەر چاوی دوورکەومەوە.

هەروەها بۆیەکەمجار لەژیانیدا مێشکی لە سەر ئەم ڕاستییەدا چەقی بەست کە ژنەکەی بەتەمەندا چووە، بووەتە ژنێکی ئاسایی و پڕ بووە لە بۆنی چێشت. لە کاتێکدا کە خۆی هێشتا گەنج و ساغ و سەرحاڵ بوو و لەوانەبوو هاوسەرگیری بکردایەتەوە. ئیڤان دووبارە بۆ خۆی دەڵێ:

– هەڵبەت ئەوە هەمووی قسەی بێمانا وپوچە... بەڵام بۆ دەبێت ژنەکەم بچێتە دەرەوەی وڵات؟ بەو چوونەدەرەوەیە چی دەکات؟ لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە هەر دەڕوات.. دەتوانم بیهێنمە پێشچاو... لەڕاستیدا هەمووشتێک بۆ ئەو هەر وەکوو یەکە، چ شاری "ناپۆلی" بێت و چ "کلین". ئەو تەنیا ڕێگەی من دەگرێ و من بە ئەو

دەبەستریمەوە. دەزانم کە وەکوو هەر ژنێک هەر کە پارەکەی پێ بگات قفڵی لێدەدات، خەریکی پەیوەندییەکانی خۆی دەبێت، ڕقی لەهەموو شتێکی من دەبێتەوە.

**ئیڤان دیمتریچ** بیری لە پەیوەندییەکانی ژنەکەی کردەوە. هەموو خۆشک و برا و پوور و مامە نەگبەتەکانی هەر کە ببیستن کە بردوویانەتەوە هەموو بە سکەخشکێ دێن وەکوو سواڵکەر دەست دەکەن بە گریان وبە بزەی چەور و دووڕویی کلکە سووتەیان بۆ دەکەن. خەڵکی نەگبەت هەرچییەکیان بدەیتێ داوای زیاتر دەکەن، ئەگەر نەیاندەیتێ جوێنت پێ دەدەن و هیوای بەدبەختیت بۆ دەخوازن.

**ئیڤان دیمتریچ کەوتە بیری** پەیوەندییەکانی خۆی و دەموچاویان کەلە ڕابووردودا بەشێوەیەکی بێلایەنانە سەیری دەکردن، ئێستا بە لایەوە دزێو و قیزەون بوون و بیری کردەوە کە: "چ مرۆڤ گەلیکی هیچ و پووچن". ڕواڵەتی ژنەکەشی هەر بەلایەوە قیزەون بوو. تووڕەییەک دژ بە ژنەکەی گیانی داگرت و بە ڕقەوە بیری کردەوە:

– ژنەکەم هیچ دەربارەی ماڵ وسامان نازانێ، ئەو ڕەزیلە ئەگەر بیباتەوە ١٠٠ ڕۆبڵم دەداتێ. ئەوەی کە دەمێنێتەوە قفڵ و کلیلی لێ دەدات.

ئەمجارەیان بەبێ زەردەخەنە و بە ڕقەوە سەیری ژنەکەی کرد، ئەویش بەڕق و قینەوە تەماشای کردەوە، "ماشا"ش خەونی تایبەتی خۆی هەبوو، پلانی تایبەتی هەبوو. تیاڕامانی تایبەتی هەبوو. بەتەواوی دەیزانی خەونی مێردەکەی چییە، دەیزانی کێ یەکەم کەس دەبێت کە هەوڵ بدات دەست بەسەر تەواوی دەستکەوتەکەیدا بگرێت.

چاوەکانی "ماشا" دەیانگوت: "خەیاڵپلاو کردن بە ماڵی خەلکەوە سەرنجڕاکێشە! نا، نا، هەر بە خەیاڵیشتدا نەیەت!" ئەو گوزارشەی لەچاوەکانیدا بوو

بوێریی نەبوو!"

**ئیڤان** دیمتریچ لە نیگای ژنەکەی حاڵی بوو. دیسانەوە ڕق لەناو سنگییەوە دەستیپێکردەوە، بۆ ئازاردان و بێزار کردنی ژنەکەی بە پەلە سەیرێکی لاپەڕەی چوارەمی ڕۆژنامەکەی کرد و بە سەرکەوتووانە و بە دەنگی بەرز وتی:

- ڕیزبەندییەکە ٩٤٩٩ بوو و ژمارەکەش ٤٦ بوو نەک ٢٦.

ڕق وهیوا پێکەوە ونبوون. یەکسەر لە ژورەکەی بە دەرکەوت. **ئیڤان** دیمتریچ و ژنەکەی هەردوو، لەناکاو ژوورەکانیان بەلاوە بچووک و تاریک و نزم هاتەبەرچاو. ئەو نانی ئێوارەیەی کە دەیانخوارد باش نەبوو لەسەر هەناویان قورس بوو، و ئێوارەکانیش درێژو تاقەتپڕوکێن بوون.

**ئیڤان دیمتریچ** بەبێزارییەوە وتی:

- شەیتان بە لەعنەتبێت، ئەمە یانی چی؟ لە هەرکوێ پێت دابنێی پارچە کاغەزێک دەکەوێتە ژێر پێتەوە. لەوە ناچێت ئەم ماڵە هەرگیز گسک درابێت! مرۆڤ ناچار دەبێت ماڵ بەجێ بێڵێت. ئەم نەفرەتییە ڕۆحی دەرکردووم! وا باشە بڕۆم و خۆم بە داری سنۆبەرەکەدا هەڵبواسم!"

☆

## ڕوونکردنەوەی وەرگێڕ:

- تولا و ئۆریەڵ: دوو ناوچەن لە ڕووسیا
- سەین مارتین: دوورگەیەکی فەرانسییە لە دورگەکانی کارائیب
- ناپۆلی شارێکە لە ئیتاڵیا
- کلین شارێکە لە نزیکی مۆسکۆ

**سەرچاوە:**

http://classicshorts.com/stories/lottery.html

☆

هەواڵنامەی کتێب

# فاتم به‌خشووده هۆنه‌رمه‌ندێکی ناوازه

نووسینی: سلیمان قاسمیانی

فاتم به‌خشووده، هونه‌رمه‌ندیکی زه‌حمه‌تکێشه. نه به‌شداری ئاکادیمی هونه‌ره جوانه‌کان بووه و نه ده‌توانێ بنووسێ و بخوێنێته‌وه.

فاتم به‌خشووده سالی ١٩٤٦ ی زایینی له شاری سه‌رده‌شت له کوردستانی ئێران له دایک بووه. له سه‌رده‌می له‌دایکبوونی فاتم دا مه‌کته‌ب و خویندن له سه‌رده‌شت تازه کرابۆوه و سه‌ره‌ڕای ئاره‌زۆ و خواستی خۆی، باوکی ڕێگه‌ی پێنادا بچێته مه‌کته‌ب و ناچار ده‌کرێ وه‌کوو زۆربه‌ی کچانی هاوته‌مه‌نی تا کاتی شووکردن هه‌ر له ماڵ بمێنێته‌وه.

له کۆمه‌ڵگای سوننه‌تی دا منداڵداری وه‌کوو ئه‌رکی سه‌ره‌کی ژن ده‌ژمێردرێ. ئه‌م ئه‌رکه یێخه‌ی فاتمیش ده‌گرێ و ته‌واوی وه‌ختی گیرۆده‌ی ماڵ و منداڵداری ده‌بێ. ته‌نیا شتێک که تا ڕاده‌یه‌ک ڕێگه بۆ هه‌ستی هونه‌رییه‌که‌ی ئاواڵه بکا، گوڵچنین له سه‌ر په‌رده و ده‌سماڵ و کڵاو و گۆلدۆزی پارچه‌ی سه‌ر



تاق و تاقچه و په‌نجه‌ره‌یه.

فاتم هه‌رچی له ده‌ستی دێ ده‌یکا بۆ ئه‌وه‌ی مناڵه‌کانی و به تایبه‌ت کچه‌کانی بچنه مه‌کته‌ب و هاوتای کوڕه‌کانی چێژ له خۆێندن ببینن و وه‌کوو مرۆڤێکی سه‌ربه‌خۆ گه‌شه بکه‌ن و له سه‌ر پێی خۆیان ڕاوه‌ستن. سه‌ره‌ڕای ماڵبه‌کۆڵبوون و ئاواره‌یی له ئه‌مبه‌ر و ئه‌وبه‌ری کوردستان، فاتم ئه‌وه‌ی که به

خۆی ڕەوا نەبینرا، بۆ مناڵەکانی فەراهەم دەکا.

ساڵی ١٩٩٤ ی زایینی، فاتم لە گەل بنەماڵەکەی وەکوو پەنابەر نیشتەجێی وڵاتی دانمارک دەبێ. چەن سال بەر لە گەیشتنی بۆ دانمارک، لە ڕووداوێکی نەخوازراودا بە توندی بریندار دەبێ و ساڵەهاش دوای ئەو ڕودداوە ژان و ئازار تەنگی پێهەڵدەچنێ.

بە گەیشتنی بۆ دانمارک، بۆ دامرکاندنی ژانی دەروونی، قەڵەم دەگرێتە دەست و هەستی دەروونی خۆی دەڕژێنێتە ناو ڕەنگ و بە سەر تابلۆی سپیدا دەینەقشێنێ. ساڵی ١٩٩٧ بۆ یەکەمجار دەست دەکا بە وێنەکێشان لە سەر پارچەی تابلۆ.

فاتم نە کۆرسێکی وێنەکێشی خوێندووە و نە هیچ ئاگادارییەکی تایبەتیی وێنەکێشی لە کەسەوە پێدراوە. ئەوەی کردوویەتی بە تەواوی خۆڕسکە و زادەی هەست و ویستی کاتەکی.

لە تابلۆکانی فاتم بەخشوودە دا دونیایەک ئارەزۆ بە شێوەیەکی ساکار خۆیان دەنوێنن. ڕەنگەکان زیاتر توندن بەلام هەم باس لە ڕووناکی دەکەن و هەم لە تاریکی. خەم، دڵتەنگی، ترس، و ژان، لە تابلۆکانیدا خۆیان پیشان دەدەن.

ئەگەر لە بەسەرهاتی ژیانی فاتمەوە بڕوانینە تابلۆکانی، شتێکی سەیر نییە کە زۆربەی تابلۆکان لە دەرد و ئازار و چاوەڕاونی دەدوێن. بەلام سەرەرای ئەوەش بەشێکی لەبەرچاو لە تابلۆکانی ڕوو لە شادی و هیوا و ژیانی ئارام و شایانی مرۆڤ دەکەن.

دڵنیام ئەگەر فاتم بەخشوودە لە سەرەتاوە ڕێگەی پێبدرابایە بۆ بارهێنان و بەرهەمهێنانی هونەری، ئەمرۆ یەکێک لە تابلۆکێشەکانی بەناوبانگ دەبوو.

بەداخەوە تابلۆکان ناویان نییە و منیش هەروا چەن دانەیەکم هێنانە سەر لاپەڕەکانی هانا.

★







هەواڵنامەی کتێب







هەواڵنامەی کتێب











***پاشماوەی:*** *پرسیارکردن و ..*

نەیویستووە کێشیان بکاتە نێو بەرپرسیارێتییەوە. بە بۆچوونی من ئەمە هێڵی جیاکەرەوەی دەق و نووسەرە لە دونیای واقیع. یان بە وشەیەکی تر ئەمە شوێنی ونبوونی ئایدێندتی دەق و نووسەرە.

شەش: ماهییەتی پرسیارەکان کە چنینی ڕووداوەکانی لەسەر بەندە ڕەگەزی نێرینەییان هەیە و بە ترس و شەرم دەورە دراون و لە نەستەوە هەڵدەقوولێن و ئامانجیش دەستراگەیشتنە بە زانین و نهێنییە نەزانراوەکان. ئەمەش دەرخەری باری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و هەروەها چینایەتی کارەکتەرە.

دواجار چیرۆکی "نەنکم کەتان"ی جەلال قادر دەکرێ لەچەند لایەن لێی بکۆڵدرێتەوە و لە چەند گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشا بکرێت. دەشێ ڕەخنەگرێک تەنها ناوەڕۆک بخوێنێتەوە و کەسێکی تر تەکنیک هەڵسەنگێنێ یان زمانی چیرۆکەکە بداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. من تەنها پرسیارم هەڵبژرادووە و لایەنەکانی پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیارەکانم خوێندۆتەوە. نووسەر لەڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ئەوەمان پێدەڵێ کە کۆمەڵگە دوو چینە و شێوازی ژیانی ئەم دوو چینە جیاوازن. کەمینەیەک لە خۆشگوزەرانی دەژێت و زۆرینەی خەڵکیش لە ژیانێکی فەلاکەتبار و مەینەتباردا دەژین. حەز و خولیای خەڵک ئەوەیە ئەو خۆشگوزەرانییەیان بۆ دەستەبەر بکرێ بەڵام نە ئاماژەی پێ دەکا و نە پێمان دەڵێ چۆن؟

حوزەیرانی ٢٠١٧

## پەراوێزەکان:

١-پشیلەکەی بریژێت. جەلال قادر، کۆچیرۆک، چاپی یەکەم چاپخانەی کارۆ ٢٠١٧، هەموو پەراوێزەکان لە لاپەڕە ٥٦ تا ٦٩ دا هاتوون.

☆

# سروودێك بۆ كرێكاران



ئەحمەد دڵزار
وەرگێرانی لە عەرەبییەوە:
عارف کوردە

کرێکارانی عێراقین
سوپای زەحمەتکێشانین
نامانەوێ سەرشۆری
لەژێر سێبەر زۆرداری
خواستمان خواستی شێرانە
عەشقمان بۆ تێکۆشانە
لە پێناو ڕزگاریدا
ئێمەین کرێکارانی عێراق
ئێمە چراین بۆ ئاشتی
لە شەوە زەنگی شەوان
گیان دەکەینە بەر ژیان
مەرگین بۆ ستەمکاران
سەرکەوتنمان هاتەوە
شکۆمان بۆ دێتەوە
لەمەودوا سپێدە دێ
گەل دڵشاد..ئازاد دەبێ

دیمەشق، یەکی حوزەیرانی ١٩٨٤

هەواڵنامەی کتێب

دڵزاری شاعیر، ناوی ئەحمەد مستەفا محەمەد حەویزییە؛ لە ٨-١١-١٩٢٠ لە شاری کۆیە لە دایک بووە و تەمەنی حەوت ساڵان بووە چۆتە حوجرە و ماوەی دوو ساڵ لای مەلا خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٩٢٠ چۆتە قوتابخانە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کۆیە تەواو کردووە. لەو کاتەوە کە دەست دەکات بە شیعر نووسین نازناوی دڵزار بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. ساڵی ١٩٤٦ کاتێک دەبێت بە سەرباز لە سوپای عێراق، دەچێتە ڕیزی حیزبی شیوعیەوە و دوای ماوەیەکی کەم لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی عێراقەوە دەستگیر دەکرێت . بڕوانامەی دپلۆمی لە بواری مێژووی فەلسەفە و ئابووری سیاسی و بزوتنەوەی کرێکاری لە جیهان لە بولغاریا بە دەست هیناوە.

## چاپکراوەکانی شاعیر:

١- دیوانی دڵزار، چاپی یەکەم، ١٩٩٢
٢- پاشکۆی بیروەریەکانی، بەشی یەکەم، ١٩٩٨
٣ - پاشکۆی بیرەوەریەکانی، بەشی دووەم، ٢٠٠١
٤ - ئاوازی ئاشتی و ئازادی، شیعر، چاپخانەی لیواء، بەغدا ١٩٨٥
٥ - خەبات و ژیان، شیعر، چاپخانەی وەفا، بەغدا ١٩٥٩
٦ - گەنجینە، شیعر، چاپخانەی وەفا، بەغدا ١٩٦٠
٧ - لینین و شیعرە بە ناوبانگەکەی مایکۆفسکی، چاپخانەی بەغدا ١٩٧٨

<u>**سەرچاوە:**</u> دیوانی دڵزار، شیعر پێداچوونەوەی ئازاد دڵزار چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٦ لاپەڕە ٣٥٢.

**تێبینی گۆڤاری هانا**: ئەم شیعرە گەرچی شیعرێکی کرێکارییە و دڵزار وەستایانە و تابڵێی جوان دایڕێشتووە، بەڵام بە ڕۆشنی خەت و دروشمی سیاسی حیزبی شیوعی عێراقی (سۆشیالیزمی ستالینی) زاڵە بەسەریدا.

☆

# کچە پاسکیل سوارەکەی جادەی گرانڤل

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

بیری لای سووتانی کالۆرییەکانی لەشییەتی
ئەو خەڵکەکەش وەک بەشێک لە جوانی سروشت دەبینێ
هەمیشە دەموچاوی وەک شەبەقە گوڵی بەیانیان کراوەیە
باوەڕ ناکەم هەرگیز خەندە لە لێوەکانی زویر بووبێ
ڕۆژانە بە هاوڕێیەتی کزەبایەکی نەرم و
تەڵخییەک لە هەورە بۆرەکانی ئاسمانی باران و بەفر
بە شەقامەکەدا وەک بڵێی موژدەی سەرفرازی ئینسانییەتی پێیە
تیژ تێ دەپەڕێ
ئەم کچە پاسکیل سوارە زمانی باڵندەکان دەزانێ و دەیان دوێنێ
شارەزای هونەری فڕینە و دەفڕێ بەسەر ڕووداوەکانی
نێو ڕۆمانەکانی ئات وود و
برینەکانی نەیتیڤە ونبووەکانی نێو مێژووە شاراوەکەی ئەم کیشوەرە
بۆنی هەر بۆنی لیمۆیە و
جوانییەکەشی هەر لە جوانی نەورەسێکی یاخی دەچێ.
کە دەیبینم .. یەک یەک ژنەکانی خۆرهەڵات و

هەواڵنامەی کتێب

سوێندەکانی نێو یاساکانی ژیان و
بەرز و نزمی ئینسانەکان بۆ ساتێک چاوم لێڵ دەکەن
کە دەبینم خۆزگەم وایە خوشک و دایکی من و ئێوەش ڕێک وەکو ئەو
بەسەر پەتی یاساکاندا بێن و بچن.
ئەم کچە زوو زوو دەبینم
مانگی کتێبێک لە ئومێد
کتێبێک لە بیرکردنەوە و
کتێبێک لە تێگەیشتن لەم جیهانە سەروبنە تەواو دەکات.
ئەو وەرزشی ڕوح و جەستە و بیر پێکەوە ئەنجام دەدات.
وەک من مارکسی خۆش دەوێ و
لە خۆپیشاندانەکانیش زوو زوو دەکەوێتە بەرچاوی میدیاکان.
ئەم کچە پاسکیل سوارەی جادەی گرانڤڵ مانگی یەک دووجار دەچێتە
سپارتاکۆس و
لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەی هەر دەڵێی دوانەن
شەوانی شەممە خۆیان و هاوڕێکانیان تا نیوەشەو
بیرەی سارد و پیتزا و گفتوگۆی سوودبەخش مەستیان دەکا.
ئەم کچە پاسکیل سوارەی جادەی گرانڤڵ ژوورەکەی پڕە لە وێنە و لە مۆسیقا
پڕە لە ماچ و لە عەشق و
لە کتێبە سوورەکانی مارکس و ئەنجلس و لێنین.
من لە نێوان پێکەنین و نیگاکان و بیرکردنەوەی ئا ئەم کچە پاسکیل سوارە
شیعرێکم دەستی گرتووم هەتا ون نەبم
خەیاڵێک خۆی لێکردووم بە نیشتمان و
جەنگێک خەریکە لەبەردەمم ڕوو دەدا
ڕەنگە ئیتر من پاسکیلی وشە و شیعر

هەواڵنامەی کتێب

شان به شانی ئەو کچەی جادەی گرانڤڵ لێبخوڕم
ڕەنگە ببم بە عاشق و
دوور نییە بە چەکوش و داسی سەر تیشێرتە سپییەکەی ئەو.

حوزەیرانی ٢٠١٧

**پەراوێز:**

**گرانڤڵ**: ناوی جادەیەکە لە شاری ڤانکۆڤەر
**ئات وود**: "مارگریت ئات وود" ژنە ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شاعیری هاوچەرخی کەنەدییە.
**سپارتاکۆس**: ناوی کتێبخانەیەکی شاری ڤانکۆڤەرە و زیاتر بایەخ بە کتێبی مارکسی و چەپ دەدات و هەر ئەو کتێبانەش دەفرۆشێت.

هەوالنامەی کتێب

# تاوەباران



## چاوە / فاتح شێخ

*"... خۆزگە بەو ڕۆژەی بەهار*
*بە جووت لە بەر بارانێ"*
*لە گۆرانییەکی مەزهەر خالقی*

بە لاتیری تاوەبارانا دارەکان تێ ئەپەڕن، گورج
بە گەڵاکانیانا شۆڕ شۆڕ ئاو دائەچۆڕێ
ئەڵێی ئازیەتبارن، بە هەزاران چاو فرمێسک ئەبارێنن .
پۆل پۆل گەڵا بە هەوای وەشت،
خۆشی خۆشی هەڵئەپەڕن،
تاوێ
کەچی بە چاوتروو کانێ لەولاترێ ئەکەونە زەوی
پەل پان ئەکەنەوە، ئەمرن .
ئۆی لەم پایزە خەمبارە
ئۆی چەنێ بە تاوەباران خەمبارتر ئەنوێنێ پایز

***

هەواڵنامەی کتێب

هێلانە کۆترەکان خووساون،
تەواو
کۆترە باڵ تەڕەکان خزاونەتە پاساران
خۆیان ئەشارنەوە لە تاوەباران
پەڕە سەوز و بۆرەکانیان
ڕائەشەکێنن
دڵۆپی دەنک پچوکی بلوری
لە سەر و کاکۆڵ ئەتەکێنن
ئۆی لە ئێوارە بارانی پایز،
چ بە ناکاو دا ئەکا
چ بە ناوەخت ئەبارێ،
چ بە خوڕڕەم

هەواڵنامەی کتێب

***

شەوانە با بە ویزەویز ئەکەوێتە گیانی دارسان
هەرچی گەڵا زەردەڵەیە ئەپروێنێ
بە جارێ ئەیانداتە بەر بەرەو کەسنەزان
بەدەم با و بۆرانەوە هەپرون هەپرون ئەبن
گەڵا زەردەڵەکان
ئۆی شەوانی پایز چ تاریکسان و کاولکارن
باران و بۆرانی پایزەشەو چ ڕێونکەرن،
چ سەرشێوێن و بێفەڕن

***

من عاشقی تاوەبارانی بەهارانم
بە دەنکە دەنکەی ئەبووژێمەوە
گەزگەز باڵا ئەکەم بە ڕەهێڵەکان و لێزمەکانی
برینەکانم بە دڵۆپ دڵۆپی ئەشۆمەوە
هازی ژیان و سۆزی بێ ئەوپەڕی خۆشەویستی
بە گیانما ئەگەڕێ
دە وەرە
ئەی تاوەبارانی بەهاری
دە وەرە
تا دوا تنۆکت
ببارە بەسەرما
ئەی بەهارە باران

حەوتی هەشتی ٢٠١٧

☆

هەواڵنامەی کتێب

# درۆ!

سلیمان قاسمیانی (کاکە)

ئێوە دەڵێن ئێمە یەکین
بەڵێ باشە
ئەی بۆ ئێوە بەشتان هەر قەسر و تالارە
کەچی هی ئێمە کەلاوە
ئێوە ماڵتان هەموو ساتێک سەما دەکا لە نێو نووردا
ئێمەش ماڵمان تاریک و سڕ
کارەبا لووتی وا بەرزە
ساڵ بە ساڵیش سەری نادا

بەڵێ باشە ئێمە یەکین
ئەی بۆ مناڵەکانی من
کز و لاواز وەک خۆم بە دوای پارووە نانێک
ڕادەکەن بە شوێن کار و ژەم
ئێوەش پاڵی لێ دەدەیەوە
دەستێک بە گەدەت دادێنی و
بزەیەک بۆ باڵای شەکاوەی سەرمایەت.
ئێمە زگمان دەکەوێتە گەڕ و شایی

هەواڵنامەی کتێب

هەر بە دیتنی سێبەری پەلەوەرێکی بێچارە
یاخۆ بە ڕەسمی سەر سفرەی ژەمێکی گەلێک ئاسایی ئێوەی بەڕێز
ئێوە زبڵدانەکانتان دەڕشێنەوە لە قورسایی بەرماوتاندا
ئێمەش زگمان برسیەتی دێت و دەیگووشێ
وەکوو جلکی تازەشۆراو!

ئێوە دەڵێن ئێمە یەکین
بەڵێ باشە!
بەڵام بۆچی ئێمە ئارەقی ماسولکە،
دەمار و پێستی ژانگرتووی نەفەس لێبڕاو هەڵدەڕێژین
ئێوەش لە ژێر قورسایی سێبەری پارە و سەرمایەی هار، بزۆزتاندا
هەناسەسوار
بە لێزمە ئاڕەق دەڕێژن.

ئێمە لە ژان و ئازاری کاری نامرۆڤانەدا
خەو نازێتە نێو چاوانمان
بەڵام ئێوە خەمی کزیی بازار و پارەیە
خەوتان دەبڕێ
بە بارتەقای زێدەباییش
دەڕین بە سەر باڵای مرۆڤایەتیدا و
بە سەر جەستەی ئێمەی نەدار!

ئێوە دەڵێن ئێمە یەکین
بەڵێ باشە

هەواڵنامەی کتێب

ئەی ئەو دەریای دزراوی دۆلاری کوردی
کە مۆنج دەخوا لە بانکەکان
لە ناوەو و لە هەندەران
هی ئێوەیە یان هی ئێمە؟
ئەی لە ناو گیرفانەکانی چۆڵی کێ دا
بایەقووش دایم میوانە و
تێهەڵدەکا لە حەیرانی هەژاری و مووچەی نادیار؟!

ئیمە دەڵێین ئێوە یەکن
بۆ بە تالانبردنی سامانی گشتی
بۆ ڕفاندنی بەرهەمی ڕەنج و کاری
ئێمەی زۆرینەی کرێکار
بۆ چەوساندنەوەی بێ پایان
بۆ نایەکسانی کۆمەڵ و لە بۆ پاشایەتی پارە
بۆ دەسەڵاتی سەروەت و چەک و سەرکوت
بەڵێ بەڵێ ئێوە یەکن
بۆ هەژاری و بۆ دزینی ڕەنجی ئێمە
ئێوە یەکن بۆ ئەوەی ئیمە یەک نەبین
بۆ ئەوەی ئیمە یەکگرتوو
بەزم و بەساتی نایەکسان و دڵرەقتان
لە گۆڕ نەخەین!

☆

هەواڵنامەی کتێب

# ڕۆتین

بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)

کە بەیانیان دەچێتەدەر،
زۆر شت لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ
جزدانەکەی، سەعاتەکەی، مۆبایل و کلیلی دوکان،
ناوی ئەو کچانەی بە تەنها لە ژوورەکانی خەیاڵدان،
بەڵام دەڕوا و لەگەڵ خۆیدا، هەڵیاندەگرێ
سێ چوار مەوعیدی کتو پڕ
لەسەر زاری،
دەفتەرەرێک لە قسەی ئەمڕۆ
لە ناو دڵییا کۆمەڵێک حەز،
داخێک گەورە
لە ناو گوێیدا سێدێیەک لە دەنگدانەوەی چرپەی عیشقی هاوسەرەکەی
کە دێتەدەر
پیاوەتی لەگەڵ خۆی دەبا،
شوهرەتی باوک و باپیرەی
خەونی ئایندەیەکی دوور
سەروەرییەکانی ڕابردوو
گوومان، ئیمان و ڕاستگۆیی و
عیشق و تووڕەبوون و شادی، وەک ناوی خۆی
هەمووی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ
شەرەف نەبێ،
هەموو ڕۆژێک کە دێتەدەر
دەیداتە دەست خێزانەکەی
بۆی هەڵبگرێ.

☆

# خەتەنەی کوڕان و مافی منداڵان

سلیمان قاسمیانی (کاکە)

خەتەنەی کوڕان نەریتێکی زۆر کۆنە و بەر لە ئایینە یەکتاپەرستییەکان (وەحدانی) لە ئارادا بووە. قوربانیدان بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ دەرد و بەڵا یاخود بۆ وەدەستهێنانی دڵ و ڕەحمی خواکانی خاوەن دەسەڵاتی سروشت، یەکێک لە ئامرازەکانی لە بەردەستی مرۆڤی سەرەتایی بوو. قوربانی دەیتوانی حەیوانێک بێت کە بەر چەرمەسەری ڕاو کرابوو، دەیتوانی بەرهەمێکی کشتوکاڵ بێت کە لە دەمی خۆیان گێڕابووەوە و پێشکەشی بوتەکان و خواکانیان دەکرا. قوربانی کردنی خودی مرۆڤیش یەکێک لەو نەریتانە بووە کە لە زۆر ناوچەی دونیادا ڕووی داوە. خەتەنەی کوڕ و کچیش دەتوانێ ریشەکەی هەر لەو نەریتی قوربانیدانەوە بێت کە بۆ ڕەزای خواکان مرۆڤ ئامادە دەبێ خۆی بپێکێ و بە قەبووڵکردنی ئەزیەت و ئازاری خۆی، ملکەچی خۆی بۆ دەسەڵاتی خواکان پیشان بدات.

دوای سەقامگیربوونی ئایینە یەکتاپەرستییەکان زۆرێک لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان وەک خۆیان دەمێننەوە یان بە هەندێک دەسکارییەوە دێنە ناو ئایینە نوێکانەوە. ئایینی یەهوددی خەتەنەی کوڕان وەکوو ئەرکێکی ئایینی دەخاتە بەردەم قەومی یەهوود. بە پێی ڕەسمی بەجێماو، ٢٣٠٠ سال بەر لە زایینددا ئەم نەریتە لە ناو خەلکانی میسردا باو بوو. هەروەها ئەم نەریتە لە لایەن ئەبورجینەکان، واتە دانیشتوانی

هەواڵنامەی کتێب

سەرەتایی ئۆسترالیاش باو بووە واتە لە شوێنێک کە ئاسەوارێک لە ئایینە ئیبراهیمییەکان نەبوو.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی



مانەوەی تا بە ئێستای سوننەتی خەتەنەی کوڕان دەسەلاتی ئایینە. ئایین بە هەزاران ساڵ بەشێک لە دەسەلاتی سیاسی بووە و زۆر جاریش تەواوی دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە بووە و ئێستاش لە زۆر شوێن هەیەتی. کاتێک دەسەلات و ئایین تێکەڵاون، ئەو بەها و نەریتانەی کە ئایین بە پێویست یان بە باشیان دەزانێ و پشتیگیرییان لێ دەکات، سەقامگیر دەبن و دەبنە بەشێک لە فکر و بۆچوون و لە کۆتاییدا وەکوو عادەتیان لێ دێت. خەڵک منداڵەکانیان خەتەنە دەکەن چون "هەمیشە کراوە"، "هەموو کەس دەیکا"، "دەبێ بکرێ دەنا ئابڕووت دەچێ". بە واتایەک لە ئایین دوور دەکەوێتەوە بەڵام درێژە بە ژیانی دەدا.

## ئایین و چۆنیەتی خەتەنە

یەهوودییەکان کوڕەکانیان لە ڕۆژی هەشتەمی لە دایکبوونیاندا خەتەنە دەکەن. لە تەورات دا خوا فەرمان دەدا بە ئیبراهیم کە کوڕەکان خەتەنە بکەن و خەتەنە وەکوو نیشانەی پەیوەندی مرۆڤ بە خواوە دەژمێردرێ (١). مەسیحییەکان خەتەنە بە زەرووری نازانن چون پێیان وایە عیسا بە گیاندانی لە سەر خاچەوە ئەو دەردەی کە مرۆڤ دەبێ بیکێشێ کێشاویەتی و بۆ پەیوەندی خوا و مرۆڤ ئیتر پێویست ناکا کوڕ

خەتەنە بکرێ. (٢). هەرچەند ئەم باوەڕە لە ساڵەکانی ١٨٠٠ دا لە ناو ئەنگلۆسەکسەکان (زیاتر لە بریتانیا) دا پشت گوێ خرا و خەتەنە لە ناویاندا دووبارە سەری هەڵدایەوە و پەرەی سەند. ئەم سەرهەڵدانە دووبارەیە زیاتر پەیوەندی هەبوو بە هەڕەشە و مەترسی جلق لێدان (دەسپەڕ) کە بە ڕای ئەوان هەم گوناهێکی گەورە بوو و هەم خەتەری هەبوو بۆ سلامەتی جیسمی و نەفسانی ئینسان. ئەم سوننەتە لەو ڕێگایەوە گەیشتە ئەمریکا و لەوێ بووەتە سوننەتێکی جێگیر. لە ئیسلامدا خەتەنەی کوڕان هەرچەند لە قورئاندا نەهاتووە بەڵام وەکوو فەرزێک چاوی لێ دەکرێ. (٣)

لە ئیسلامدا بە پێی حەدیسەکان، خەتەنەکردنی کۆڕان لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیان ڕا سوننەتێکی بەڕێزە. (٤) واتە هەرچی زووتر کوڕەکە خەتەنە بکرێ باشترە. خەتەنەکردنی کوڕان فەرزە لە سەر دایک و باوکی مناڵ بەڵام لە چاردەساڵی بەولاوە واجبێکی ئایینییە لە سەر کۆڕەکان خۆیان. . (٥)

بۆ کەسی گەورە ساڵی "نۆێ مۆسلمان" هەندێک لە مەزهەبەکان بە واجبی دەزانن کە پیاوی تازەموسڵمان دەبێ خۆی خەتەنە بکا و هەندیکیش بە واجبی نازانن.

## خەتەنە چۆنە؟

لە خەتەنەی کوڕاندا ئەو پێستەی سەری زەکەری پیاو دادەپۆشێ، لادەبردرێ. پێستی سەر گۆپکە، لە باری فیزیولۆژیکەوە شتێکی پێداویستە و لە خۆڕا دروست نەبووە. ئەو پێستە یەکەم کاری داپۆشاندنی سەری زەکەرە بۆ خاوێن ڕاگرتن و پارێزگاری لێکردنی. پێستەکە هەروەها هەزاران عەسەب پێیەوە لکاوە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە بە چێژ و لەززەتت بردن لە سێکس. لە ژێر ئەو پێستەدا چەوراییەک بەرهەم دێت کە نە تەنیا بەر لە

وشکبوونی سەری زەکەر دەگرێ بەڵکوو زۆر مادەی ئانتیبیۆتیکای تێدایە کە دژی هەوکردن و پەلاماری دەرەکی میکرۆباتیشن ( ٦). ئەم دوو شتە بەیەکەوە دەبنە هۆی پاراستنی سەری زەکەر لە سوان (لە کاتی خشان بە پۆشاکەوە) و وشکبوونیدا. کاتێک سەری زەکەر دانەپۆشراوە ئەگەری ئەوەی کە سەری زەکەر پێستەکەی وشک و ئەستوور بێت زیاد دەبێت کە ئەویش بە نۆبەی خۆی دەتوانێ هەستیاری سەری زەکەر کەمتر بکات و پلەی چێژ بردن لە سیکس دابەزێنێ.(٧)

## خەتەنە بۆ پاک وخاوێنی

هۆی خەتەنە لە راستیدا تەنیا سوونەتێکی کۆنی ئاییینیە. ئەڵبەت ئێستا کەم نین ئەوانەی کە بە بیانووی نیوەزانستی یان بە نێوی پاکی و سلامەتی، پاکانە بۆ ئایین و بۆ ئەم سونەتە دەکەن. دەڵێن پێستی سەر گۆپکە، چلک و پیسایی لە ژێر خۆیدا کۆ دەکاتەوە و دەبێتە هۆی نەخۆشی جۆراوجۆر. لەم ئیددیعایەدا یەک راستی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر گۆپکە خاوێن ڕانەگیرێ، ئەگەری تووشبوونی نەخۆشی بۆ پیاو لە زەکەریدا زیاد دەکات.

دیارە کە پاک و خاوێنی شەرتێکی سەرەتایی ساغی و سلامەتی بۆ هەموو کەسێکە. لەبەرچاو نەگرتنی پاک و خاوێنی نە تەنیا بۆ ئالەتی جینسی بەلکوو بۆ هەموو ئەندامێکی تری لەشی مرۆڤ خەتەر و زیانبارە. چاویش ئەگەر خاوێن ڕانەگیرێ دەتوانێ تووشی هەزار نەهامەتی و تەنانەت کوێربوون بێت. دەستیش ئەگەر پاک و خاوێن ڕانەگیرێ دەتوانی ببێتە سەرچاوەی زۆر نەخۆشی کوشندەی تر. بەڵام کەس نایەت پەنجەکانی ببڕیتەوە بۆ ئەوەی موشکیلەی پاک و خۆێن ڕاگرتنی دەستی بە یەکجاری لە کۆڵ

بێتەوە. کەس ناچێ چاوی یان ددانی دەربێنێ بۆ ئەوەی یەکسەر کۆتایی بە ناخاوێنێ ئەو ئەندامانەی لەشی بێنێت.

سەیر نییە ئەگەر ئەم سوننەتە لە راستیدا بەدوای نەخۆشی زەکەردا بڕیاری لە سەردرابێت. مرۆڤی چەن هەزار ساڵ لەمەوپێش لەوانەیە لە سەرەتادا لە جیاتی چارەی دەرد، بەشێک لە ئەندامە دەردەدارەکەی هەڵقرتاندبێت. نابێ لە بیرمان بچێ کە مرۆڤی کۆن، هەر بەڵایەکی بە سەرهاتبایە، بە پێی لێکدانەوەی ئایینی دەیبردەوە سەر خواستی خوا و تاوانی سەرپێچی کردن لە بڕیارە ئایینییەکان و بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکانی دەبوو قوربانی بدابایە.

بەڵام هەر وەک وترا، مەسەلەی خەتەنە نەک بە خاتری خاوێنڕاگرتنی زەکەر، بەڵکوو بە هۆی ئەوەوە دەکرێ کە بڕیارێکی ئایینییە، فەرمانی خوایە، نیشانەی بەندەگی ئینسان و سەردانەواندنی ئەو بۆ خوایە، یان بە وتەی تەورات "خەتەنە، نیشانەی پەیوەندی نێوان ئینسان و خوایە".

دیارە ئەگەر ئایین نەبووایە و ئەگەر ئایین بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی یان پاڵپشتی دەسەلاتی سیاسی نەبووایە، ئەمرۆ ئیتر بەو پلەی بەرزە لە زانست کە مرۆڤ پێیگەیشتووە، جێگایەکی ئاوەها بەرفراوان بۆ خەتەنە نەدەما. بەڵام دەسەڵاتی چەن هەزارساڵەی ئایین بە سەر خەڵک و کۆمەڵگاکاندا، کارێکی وای کردووە تەنانەت زۆرێک لەو مرۆڤانەی کە ئایینیش نین، کەوتوونە ژێر قورسایی باری سوونەتەکان. خەتەنە لە سەرەتاوە ئەگەر کردەوەیەکی ئایینیش نەبووبێ و بخرێتە خانەی نەریت و عورفەوە ئەمرۆ ئیتر بووەتە منداڵێکی هاوبەشی ئایین و کولتوور، کولتوورێک کە بێ پاڵپشتی ئایین لەم چەند هەزار ساڵەی دواییدا بە دڵنیاییەوە دەبوو بە شتێکی تر. هەربۆیەش خەتەنە دیسان زیاتر یەخەی ئایین دەگرێ

تا کولتوور بە گشتی.

تا ئێستا هیچ کام لە ڕێکخراوە سەرەکییە پزیشکییەکانی جیهان (لە ولاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا) دانیان بە بەجێبوون و باشبوونی خەتەنە نەناوە و بەپێچەوانە بە لایانەوە کردەوەیەکی زیانبار، نازانستی و دژ بە سلامەتی و فیزیۆلۆژی مرۆڤە.

تەنیا ڕێکخراوێک کە پشتگیری لە خەتەنە کردووە، ڕێکخراوی تەندوروستی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە خەتەنە وەکوو ئامرازێک بۆ پێشگیری لە وایرۆسی ئایدز پێشنیار دەکات. بەلام لێرەدا باس لە سەر گەورەسالانە و نەک منال! هەڵبەت ئەم پشتگیرییەش خۆی جێگەی قسە لە سەر کردنە. تەنانەت لێرەشدا موشکیلەکە خۆپارێزی و پاکو خاوێن ڕاگرتنی لەشە. یەکێک لە ڕێگەکانی بلاوبوونەوەی وایرۆسی ئایدز سیکسە. پیاوێک کە خۆی بپارێزێ و لە کاتی سەرجێیی کردنی کەسی نەناسراو کاندۆم بەکار بهێنێ تووشی ئایدز نابێ. خەتەنەکراوبوونی پیاو، هیچ گارانتی و پارێزگارییەک دژی ئایدز پێشکەش ناکات تەنیا ئەگەری تووشبوون بە ئایدز کەمتر دەکاتەوە. لێرەشدا کەمتەرخەمی پیاو لە پاک و خاوێنڕاگرتنی خۆی لە لایەک و بەرەڵلایی سیکسی پیاوان و بێ بەرپرسیارییەتیان لەم ئازادییە لە کۆمەڵگادایە کە موشکیلەی سەرەکی بلاوبوونەوەی ئایدزە و ئالەتی جینسی پیاو، زەکەر، لە خۆیدا هیچ خەتا و کەموکوڕییەکی نییە.

## منالٌ چی بە سەر ئایینەوە هەیە؟

وەک باس کرا خەتەنەی کوڕان ئەمرۆ ئیتر ریشەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئایین و سوننەت. سەرەڕای بۆچوونمان سەبارەت بە ئایین، دەبێ مافی ئازادی هەموو مرۆڤێک

لە باوەڕ بە ئایین بپارێزرێ. هیچ کەس نابێ ئەم ئازادییە پێشێل بکا و مرۆڤی ئایینی بە هۆی ئایینەکەیەوە بێ ڕێز بکا. دیارە کە ئەو مافە ئازادی لە بێ باوەڕی بە ئایینیش دەگرێتە بەر. مرۆڤی گەورەسال مافی خۆیەتی هەرچۆن بیربکاتەوە و هەر سوننەتێک بەڕێوە ببات مادام کە مافی مرۆڤێکی تر پێشێل نەکات و زیان بە گیان و نەفس و ئازادی مرۆڤی تر نەگەیەنێ. گەورەسال مافی خۆیەتی بڕیار بدا خۆی خەتەنە بکا یان نا. هیچ دەسەلاتێک نابێ دەخالەت بکا لە هەریمی ژیانی تاکدا.

خەتەنە کاتێک دەبێتە مەسەلەیەکی کۆمەلایەتی کە دەستدرێژی دەکاتە سەر منال و لە لایەن دایکوباوکەوە خۆی بە سەر منالدا دەسەپێنێ. منال خۆی دەسەلاتێکی نییە و نە دەتوانێ لە باری فیزیکییەوە بەرەنگاری گەورەسالان بێت و خۆی بپارێزێت



نە دەتوانێ لە باری فکری و ڕۆشنبیرییەوە لە خۆی، لە گیان و ڕۆحی خۆی پارێزگاری بکات. لەوەش گرینگتر پێویستی منالە بە خۆشەویستی، پشتیوانی و چاوەدێری دایک و باوک.

منال ناتوانێ بێ دایک و باوک

بژی. ترسی له دەستدانی دایک و باوک و خۆشەویستی ئەوان، دەبێته هۆی ئەوەی که منداڵ زۆر جار هەرچەند پێشی ناخۆش بێت، هەستی خۆی دەخواتەوە، ئارەزۆکانی خۆی پێشێل دەکا، و خەتای هەموو شتێک دەخاتەوە سەرخۆی بۆ ئەوەی که دایکوباوک رازی بن و موحەبەت و خۆشەویستیان بۆ منداڵەکه نەکەوێته مەترسییەوە. منال زۆر جار خۆی ئازار دەدا بۆی ئەوەی دایکوباوک نارحەت نەبن و نەڕەنجێن.

سەبارەت به مەسەلەی خەتەنه، به دەگمەن هەڵدەکەوێ منداڵێکی ساوا به پێکەنینەوە بچێ بەرەو کاکی "کیربڕ"یان قسه له فەخر و پیرۆزی ئایین بکا. زۆربەی هەرەزۆری منداڵان به ترس و لەرز و وەحشەتەوە بەرەوڕووی خەتەنه دەبنەوە. ئاخر ئەوان لێیان ڕوون نییه بۆ دەبێ ئایین کاری هەبێ به سەر پێستی زەکەریانەوە. بۆ دەبێ بەشێک له لەشیان لێبکرێتەوە و ببڕدرێ که ساغ و سلامەته و هیچ کەموکووڕییەکی نییه.

خەتەنه له باری فیزیکییەوە بڕینی بەشێک له لەشه که دەبێته هۆی ژانی چەندین رۆژه و دورخرانەوەی بێ گەڕانەوە و تا هەتایی بەشێک له لەش. ئەم ژانه تەنانەت له بۆ منالانی تازه له دایکبووشدا هەر ژانه و ئاسەواری خۆی له نەفسی منالەکەدا، وەکوو دەردێکی نەناسیاو یان ئازارێکی ناشارەزا حەشار دەدا و لێره و لەوێ له سەردەمی گەنجایەتی و گەورەساڵیدا خۆی پیشان دەدا. به پێی تازەترین لێکۆڵینەوە له بریتانیادا ڕێژەی مەرگی منالانی تازه لەدایکبوو که خەتەنه کراون له بەرچاوه. (٨)

## مافی منداڵ یان مافی دایك و باوك

له ڕوانگەی ئایینه دایکوباوک حەقیان هەیه به سەر

عەوالنامەی کتێب



منالەکانیانەوە. بە پێی تەورات کە بۆ موسولمانانیش کتێبی پیرۆزە، منال هەرگیز بۆی نییە لە قسەی دایکوباوکی دەربچێ. مووسا لە تەوراتدا بە ئاشکرا دەڵێ کە کوڕیک کە بێ ڕێزی و سەرپێچی لە فەرمانی باوکی بکا، دەبێ بەردەباران بکرێ. (٩) بە پێی شەریعەتی ئیسلامی، باوک ناکرێ بە خاتری کوشتنی منالەکەی قیساس بکرێ، واتە ناکرێ بکوژرێتەوە. (١٠). تەنیا مافێک کە منال دەتوانێ بە سەر دایکوباوکییەوە هەبێ، بەخێو بوونە، واتە فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی ژیانی منال لە سەر دایکوباوکە. بێجگە لەوە، نە ئایین، نە کولتور و نە داب و نەریت جێگایەک بۆ منال و مافی منال بە سەر ژیان و گیانی خۆیدا ناهێڵنەوە. تەنانەت لە ولاتی سوید وەکوو پێشڕەوترین ولاتی دونیا لە مەر مافی منالاندا، ئەو مافە بە تەواوی لە بەر چاو نەگیراوە و لە یاسای بنەڕەتی دا، مافی منالان بەشی تایبەت بە خۆی نییە و دەکەویتە ژێر بەشی "دایکوباوک".

پەیمانامەی مافی منالانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، هەر تووشی ئەم گرفتەیە و منال وەکوو تاکێکی سەربەخۆ کە مافی هەبێ بە سەر گیان و ژیان و لەشی خۆیدا سەیر ناکا.

## تاکی سەربەخۆ

لە باری فیزیۆلۆژییەوە هەموو مرۆڤێک تاکێکی سەربەخۆیە. کەس لە پێستی کەسی تر دانییە! هەر

مرۆڤێک لە لەشی خۆیدا دەژی. گیانی هەر مرۆڤێک قەڵای تایبەتی خۆیەتی و هەرێمی پیرۆزی تاکە. هیچ گەورە ساڵێک بۆی نییە و رێگەی پێنادرێ بێ ئیجازەی تاکەکە خۆی، سەر بەو هەریمەدا بکا و حورمەتی بشکێنێ.

بەداخەوە ئەو هەرێمە پیرۆزە لە منداڵ داگیرکراوە. منداڵ مافی ئەوەی نییە کە بڕیار بدا لە سەر گیان و ژیان و نەفس و لەشی خۆیدا. دایکوباوک وەکوو خاوەنی منداڵ دەسەڵاتی تەواویان هەیە بە سەر هەموو شتێکیاندا. لە زۆرێک لە خێزانەکاندا دایکوباوکەکان بە بیانووی ئەوەی کە منداڵ پلەی وشیاری و بیرکردنەوەی زۆر نزمە و خۆی ناتوانێ چاک لە خراپ هەڵاوێرێ و ئەگەری زیان گەیاندن بە خۆ و مەترسی سلامەتی و گیانی بۆ خۆی بخولقێنێ، لە جیاتی منداڵەکە بیردەکەنەوە و بڕیار دەدەن.

دیارە ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە منداڵ بێ دایکوباوک یان گەورەساڵی خەمخۆری، ناتوانێ بەڕێبچێ. ئاشکرایە کە منداڵ پێویستی هەیە بە یارمەتی گەورەساڵان بۆ تێگەیشتن لە دونیا، بۆ وەدستهێنانی ئامرازی تێگەیشتن لە دونیا، بۆ دۆزینەوەی ئامرازی وشیاری، فێربوونی سەربەخۆیی، پاراستنی خۆ و هەرێمی خۆ، ڕێزگرتن لە حورمەتی خۆ و غەیری خۆ، خۆشەویستی مرۆڤ و سروشت و هتد. بەڵام هیچ یەک لەوانەی کە نێوی برا، مانای ئەوە نادا کە منداڵەکە لە هەموو ساتێکدا دەبێ پرسی پێ بکرێ، ڕای بپرسرێ و ویست و خواستی لەبەرچاوبگرترێ.

منداڵ تا ئەو کاتەی کە کردەوە و بیر و ئارەزۆکەی ئازار بە خۆی یا کەسی تر نەگەیەنێ دەبێ ڕێز لە بڕیارەکەی و لە هەڵبژاردنەکەی بگیرێ. هەر بڕیارێک کە دایکوباوک دەیدەن و پەیوەندی بە منداڵەکەوە هەیە، دەبێ بۆی ڕوون بکرێتەوە بە تایبەت ئەو کاتەی کە

بڕیارەکە دژی ویست و ئارەزۆی مناڵەکەیە.

با بۆ چرکەیەک بیر بکەنەوە ئەگەر دۆستێک بێت و بە ئێمەی گەورەساڵ بڵێت کە بۆمان نییە ئەو کراسە سوورەی خۆشمان لێ دێت بیکەینە بەرمان، یان بۆ ژەمی شەو قاپێک ساوەر لە بەر دەمی کەسێکمان دانێی کە قینی هەموو دونیای لە ساوەرە، یان ئەو کەوشەی کە پێمان جوانە و دەمانەوێ بیکڕین بە بێ قیمەت و ناشیرین دابنێ و جووتێک چەکمەی سەربازی لە بەردەممان دابنێت بە نێوی ئەوەی کە ئەو لە ئێمە باشتر دەزانێ، یان لە جیاتی فوتبال کە گەلێکمان پێ خۆش بێت بلێ فوتبال یارییەکی هیچ و پووچە و تەنیا بۆمان هەبێ شەترەنج فێربین ئەگەرنا دوای تەواوبوونی کار، یەکراست دەبێ بچینەوە ماڵ.

دیارە کە زۆربەی هەرە زۆری ئێمەی گەورەساڵ هەمووی ئەو ڕووداوانەی سەرەوە وەکوو شکاندنی هەریمی پیرۆزی تاکەکەسی خۆمان دەزانین و ڕێگە نادەین هیچ کەس تەنانەت نزیکترین کەسیشمان بەمجۆرە بۆ ئێمە بڕیار بدات. ئەوەی کە هاوڕییەک، ئاشنایەک، خزمێک یان تەنانەت نەناسراوێکیش بێت و پێشنیارێکمان پێبدات بە لای زۆرمانەوە ناپەسند نییە، جا یا لە بەرچاوی دەگرین یان دەیخەینە پشت گوێمان. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە گەورەساڵان چەندە هەریمی تاکەکەسی مناڵ دەپارێزن.

## مناڵ و هەرێمی پیرۆزی تاك

بەداخەوە بەشی هەرەزۆری منالان لە دونیادا نە وەکوو تاک دەناسرێن و نە شتێک بە نێوی ڕێزگرتن لە حورمەت و هەرێمی پیرۆز دەیانگرێتە بەر. ئێستاش لە وڵاتی بریتانیا، دایکوباوک بۆیان هەیە بە نێوی ڕاهێنان و تەربیەت

لە منالْ بسرەوێنن واتە لە منالْەکە بدەن و ئازاری پێبگەیێنن. ئێستاش لە بەشی هەرەزۆری دونیادا هەڕەشە کردن لە منالْ، ترساندنی منالْ، دەرگا لەپشت داخستن لە منالْ، بە زۆر غەزاخوراندن بە منالْ، تەمبێ کردنی منالْ بە قسە لە گەلْ نەکردنی، بە زۆر داسەپاندنی پۆشاک بە سەر منالاْندا... شتێکی ئاسایی و بێ عەیب دەزانرێ. ولاْتانی سکاندیناوی و لە پێشیانەوە ولاْتی سوید، پێشکەوتووترین ولاْتن سەبارەت بە مافی منالاْن و پارێزگاری لە سلاْمەتیی و و حورمەتی منالاْن و پێشکەشکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان. بەلاْم تەنانەت ئەم ولاْتانەش بە نیوی حورمەتگرتن لە ئازادی ئایین و مرۆڤی ئایینی، رێگە بە خەتەنەی کوڕان دەدەن. بە پێی یاسای سوید، دەبێ ڕای منالْ لەو بارەوە لەبەرچاو بگیرێ و منالێک کە خۆی نەیەوێ نابێ خەتەنە بکرێ. (١١)

ئەم یاسایە چەن هەلْەی سەرەکی تێدایە. یەکەمیان ئەوەیە کە زۆربەی ئەو منالاْنەی کە خەتەنە دەکرێ لە تەمەنی ورد واتە تا پێش لە شەش سالْی خەتەنە دەکرێن. منالاْنی یەهوودی کە لە رۆژی هەشتەمی لەدایکبوونیاندا ئەو دەردەیان بە سەردا دەسەپێندرێ تەنیا ئای و ئۆیەکەیان بۆ دەمێنێتەوە. باقی ئەو منالاْنەش مەجبوورن ملکەچی پلانی دایکوباوک و کاکی کیربڕ بن چون ئەگەر لە منالێکی ئاوا ساو بپرسی ئاخۆ دەیەوێ "کیری ببرن" دەقیژێنێ و بە هەموو توانایەوە دەلْێ نا. منالێکیش کە لەوە گەورەتر بێت هەرگیز نابێ باری ئەم بڕیارە قورسە بخرێتە سەر شانی چون بڕیارەکە پەیوەندی منالْ و دایکوباوکی دەشێوێنی. منالْ پیویستی بە خۆشەویستی دایکو باوکی هەیە و هەرگیز نابێ بخرێتە هەلْومەرجێکەوە کە لە مەجبوور بێ لە بەینی دایکوباوکی و شتی تر، یەکێکیان هەلْبژێرێ. ئەم جۆرە هەلْبژاردەیە نامرۆڤانەیە

و دژی بەرژەوندی منداڵە بە تایبەتی. ئەوە کۆمەڵگایە کە دەبێ لەم بارەوە بڕیار بدا و سنوور دابنێ بۆ چەندوچۆنی ئازادی ئایین و داب و نەریت.

ئەگەر کەسێکی نەناسیاو بێتە پێش و بە تۆی گەورەساڵ بڵێ: "ئەی بەقوربانت بم، ماشاللە چەندە جوان و خوێن شیرینی" و دەست بخاتە ملت و ئەمبەرئەوبەر گوویت بگوشێ و ماچمت بکا، تۆ چ دەکەی؟ ئەگەر زۆر لە سەرخۆ بی و کابرا پڕشەق نەکەی لانیکەم دەخوڕییە سەری و خەجاڵەتی دەکەییەوە. گەورەساڵ بەلایەوە ئاشکرایە کە کەس بۆی نییە حورمەتی لەشی بشکێنێ و مادام کە خۆی نەیویستبێ و ڕێگەی نەدابێ ئەوەندە لێی نزیک ببێتەوە. لەش قەڵای هەموو مرۆڤێکە. ڕووخاندنی ئەو قەڵایە، تێپەڕین لە دیوارەکانی ئەو قەڵایە، تەنانەت خەوشاندنی دیوارەکانیشی، دەستدرێژی کردن و شێواندنی حورمەتی مرۆڤە.

منال لەم ڕیز و حورمەتە بێ بەریە. زۆر گەورەساڵ ڕێگە بەخۆیان دەدەن کە تا منالێک دەبینن، بە تایبەت ئەگەر منالی خزم و ئاشنا بێت، بە زۆر بیگرنە باوەش، ماچی بکەن و چاوەڕوانیی ئەوە لە منالەکە دەکەن بە دەمیانەوە بچێ و مرچ و مۆن نەبێ! ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە منالەکە لەوانەیە هەر نەیانناسێ یان لە بیری چووبێتەوە کە ئەم مرۆڤانە کێن. ئەم گەورەسالانە بیر



لەوە ناکەنەوە کە منالەکە لەوانەیە نە مەیلی هەبێ و نە تاقەتی ئەم چاکوخۆشی کردنە. بیر لەوە ناکەنەوە کە منالەکە لەوانەیە سەرقالی شتێکی تر بێت و هۆشی بەلای ئەوانە نەبێ.

هەر ئەم بۆچوونەیە کە ڕێگە

دەدا بە گەورەساڵان بڕیار بدەن لە سەر خەتەنەکردنی منداڵ. پارێزگاری لە منال و بڕیاردان لە سەر زۆرشت کە پەیوەندی هەیە بە سلامەتی و پێشگیری لە نەخۆشی منال ئەرکی سەرەکی دایکوباوکە. بەڵام هیچ گەورەساڵێک نابێ بۆی هەبێ بڕیارێک لە سەر گیان و لەش و ڕۆحی منال بدات کە بەرپرسانی پزیشکی دان بە پێویستبوونی نەنێن. خەتەنە تەنیا نەریتێکی ئایینییە و هیچ پێویستییەکی پزیشکی نییە. منالیش هیچی بە سەر ئایینەوە نییە. ئایین مەسەلەی گەورەساڵانە. منال تا منالە دەبێ لە جەبری ئایین و نەریتی کۆن بپارێزرێ. کاتێک منال گەورە بوو ئەوکات خۆی دەتوانێت لە سەر ئایین و فەرمانەکانی ئایینی و داب و نەریت جۆراوجۆر بڕیار بدات. هیچ کەس و هیچ دەسەڵاتێک نابێ ڕێگەی پێبدرێت لە سەر گیان و لەشی منال بڕیار بدات مەگەر ئەوەی کە پەیوەندی ڕاستەخۆی بە پارێزگاری لە گیان و سلامەتی منالەکەوە هەبێت و بەرپرسانی پزیشکی بە واجبی بزانن.

## چەن وشەیەک وەک کۆتایی

ئەوانەی کە بە نێوی سلامەتی و خاوێنییەوە، بەشێک لە پەیکەری منداڵەکانیان دەبڕن و فڕێی دەدەن، چەن شتی سەرەکی لە بیر خۆیان دەبەنەوە.

١- زروبەی خەڵکانی دنیا منداڵەکانیان خەتەنە ناکەن. ئەو خەڵکانە ئەگەر ساغ و سلامەتتر نەبن لانی کەم لە باری سلامەتی جنسی خراپتر لە خەتەنەکراوەکان نین. خەڵکانی ئەوروپا و ژاپۆن لە گشت خەڵکی دنیا تەمەن درێژتر و ساغترن و خەتەنەش لە نێویان دا نییە!

٢- پێستی سەر گۆپکە بەشێکی پێویست و سروشتی ئالەتی جینسی پیاوە. ئەم پێستە سەری

زەکەر دادەپۆشـێ و مـادەیەکـی ئانتیبایۆتیکی چەور دێنێتە بەرهەم کە هەم بەر لە وشکبوونی گۆپکە دەگـرێ، هەم لە نەخـۆشـی دەیپارێزێ و هەم سیکس راحەتتر دەکات.

٣- خەتەنە، ئازاردانی جیسمی و نەفسانی منداڵە. ئەوەی کە منـاڵەکە دەیبینێ، بێحورمەتی کردنە بە وجوود و گیانی ئەو. منـاڵ وەکوو بوونەوەرێکی بێدیفاع و بێهێز، لە ژێر دەسـتی دایک و باوک و گەورەسـاڵاندا زەلیلە. ئەو هەر هاوار دەکات، دەقیژێنێ، ڕادەکات، بەڵام هیچ کەس بە فریای ناگات. دەیگـرن، سـەرکوتی دەکەن، بە ترسەنۆک ناوزەدی دەکەن، پیشانی دەدەن کە سەرکوتکردنی مرۆڤی ژێردەست و بێهێز و ئیهانەکردن بە مرۆڤیتر شتێکی سەیر نییە!

٤- ئایین مەسەلەی گەورەساڵانە. ئازادی باوەری ئایینی دەکەوێتە خانەی تاک و ژیانی شەخسییەوە. منالان تا ئەو کاتەی منالن، دەبێ لە بەرانبەر هێرش و دەستدرێژی کردنی ئایین و سوننەتەکان بۆ سەر ژیان و گیانیان بپارێزرێن. منالْ هیچ ئایینێکی نییە چون ناوی خۆی بە خۆیەوە! منالە و توانایی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە، لێکدانەوە و هەڵبژاردنی نییە. منال دەبێ لە پێشدا ڕێگەی پێبدرێ گەورە ببێ و دوای گەورە بوون، خۆی بریار بدا باوەری بە ئایینێک هەبێ یان نەبێ، بیهەوێ پێستی سەری زەکەری لابا یان نا! ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازار لە هەر شکڵێک دابێ، جێگەی بێزاری و نەفرەتە و هیچ کەس نابێ بۆی هەبێ منال ئازار بدات و گیان و نەفسی تووشی نوقسانی بکات.

سڕینەوەی دەسەلاتی ئایین بە سەر ژیانی منالان ئەرکی کۆمەڵگای ئینسانییە و جوولانەوەی کریکارییە وەکوو پیشرەوترین جوولانەوەی مرۆڤایەتی دەبێ ئالاهەڵگری پشتیوانیی لە حورمەت و ژیان و گیانی منالان بێت. ئەمرۆ هیچ جوولانەوەیەکی کومەلایەتی

هەوڵنامەی کتێب

تر لە کوردستاندا نییە کە ئالای پاریزگاری لە ریز و حورمەت و مافەکانی منالان بە تەواوی هەڵگری. چینی پێشرەو دەبێ جیاوازی خۆی لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا لە گەڵ کۆنەپەرستی و سوننەت و بەها دژی ئینسانییەکاندا پیشان بدا و ئاسۆیەکی نوێ لە ژیاندا بنوێنێ.

## سەرچاوەکان:

(١) – ئینجیلی کۆن: کتێبی یەکەمی مووسا، بەشی ١٧

(٢) – ئینجیلی نوێ: کردەوەی ئیمامان، بەشی ١٧ / ئینجیل، نامە بۆ کێڵتەکان، بەشی ٢

(٣) – حلیەالمتقین، چاپی جوارەم، ل ١١٤–١١٥

(٤) – کنزالعمال، علاءالدین علی بن حسام معروف بە متقی هندی

(٥) – حلیەالمتقین، چاپی جوارەم، ل ١١٤–١١٥

(٦) – ناوەندەی کۆنترۆل و پێشگیری لە نەخۆشی، ئامریکا.٢٠١١-١١-١٣

https://www.cdc.gov/nchs/data/hestat/circumcision_2013/circumcision_2013.htm#table

(٧) – ٢٠١١-١١-١٤

http://sciencenordic.com/male-circumcision-leads-bad-sex-life

(٨) – Dr Eran Elhaik, University of Sheffield in the UK, https://www.frontiersin.org/articles/10.3389/fneur.2016.00180/full

(٩) – ئینجیلی کۆن: کتیبی پێنجەمی مووسا (عهد عتیق)، بەشی ٢١: ئایەتی ١٩–٢١

(١٠) – "فقه آسان" لە مەزهەبی ئیمام شافیعی، نووسینی: احمد عیسی عاشور، چاپی شەشەم، لاپەرەی ٦٣٦

(١١) – یاسای خەتەنەی کوڕان لە سوید. SFS nr: 2001:499

☆

هەواڵنامەی کتێب

# خۆرنشینان بارانی وشە سوورەکان، تەڕم دەکا!

## کۆڕی شیعری کرێکاری

"خۆرنشینان بارانی وشە سوورەکان تەڕم دەکا" ناوی ئەو کۆڕە شیعرییەی شاعیر عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)ە کە ٢٢ی مانگی تەممووزی ئەمساڵ ٢٠١٨ لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا، کە لە لەلایەن سایتی دەنگەکانەوە بۆی سازدرا. بەڕێوەبەری کۆڕەکە جەمال مەحموود، دوای خوێندنەوەی کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر، بەم شێوەیە لە لە شیعرەکانی مەشخەڵ دوا:

"عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) دەنگێکە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ، لە سەنگەری خەڵکی هەژار و بەشمەینەتەوە دێتە بیستن. زیاتر لە سێ دەیەیە وشە و دەقی ئەدەبی بۆ ئینسان و ئینسانییەت تەرخان کردووە. مەشخەڵ پێچەوانەی هەموو ئەو ئەدیب و شاعیرانەی کە لە بزووتنەوەی ئەدەبی ڕادیکاڵدا داهێنانیان هەبووە و دواتریش لە درێژەی پرۆسەی نووسینیاندا پەشیمانیان لەو دەقانەی خۆیان دەربڕیوە. مەشخەڵ تا دێت سوورتر و شێلگیرتر لە سەنگەری خەباتی چینایەتی کرێکارانەوە دەقەکانی دەخولقێنێ و هەر لەم ڕێگەیەشەوە خوێنەرانی خۆی بەسەر دەکاتەوە. کارەکتەرەکانی شیعرەکانی مەشخەڵ بریتین لە کۆنەفرۆش و سواڵکەر و کرێکار و ژنانی ستەملێکراو و سەکن و منداڵانی بێبەش لە خۆشییەکانی

**ژیان و دەستگێڕ و شۆڕشگێڕ تا دەگاتە عەشق و خۆشەویستەکەی. مەشخەڵ عاشقە. ئەو عاشقی ئازادی و یەکسانییە، عاشقی سەرفرازی ئینسانە، عاشقی ئاشتی و ڕزگارییە. عاشقی تێکۆشان و خەباتی چینایەتییە لە دژی بورژوازی. ئازیزان با ساتێک پێکەوە لەڕێی شیعرەکانییەوە گوێ لەم عاشقە سەوداسەرییەی ڕزگاری ئینسان بگرین."**

پاشان مەشخەڵ کەوتە خوێندنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە شیعرە کرێکاریی و سۆشیالیستییەکانی خۆی کە هەر هەموو شیعرەکان گوزارشت بوون لە ئینتمای چینایەتی ئەدەبیی و شیعریی مەشخەڵ بۆ خەباتی چینی کرێکار و بەشمەینەتانی کۆیلەی کاری کرێگرتە بۆ دونیایەکی ئینسانیی و بۆ سۆشیالیزم. لە کۆتاییشدا دەرفەت درا بۆ ئامادەبووان بۆ قسەوباس لە شیعرەکانی مەشخەڵ و ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانەو ژمارەیەک لە ئامادەبووان ڕا و سەرنجی خۆیان لەسەر دەقە شیعرییەکان دەربڕی. جێی



ئاماژەیە ئەم کۆڕە یەکەمین کۆڕی شیعری کرێکارییە لەسەر ئاستی کەنەدا کە شاعیر، ئاوا پەیگیرانە پێداگری توند بکات لەسەر مارکسیزم و جیهانبینی سۆشیالیستی لە دەقەکانیدا.

شایانی وتنە کۆڕەکە زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند و ژمارەیەکی بەرچاو لە شیعردۆستانی شاری تۆرۆنتۆ ئامادەی کۆڕەکە بوون.

**ئامادەکردنی گۆڤاری هانا**

★